# حەشری گوڵە هەرمێ

کورتە چیرۆک



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی رۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، گەڕەکی خانزاد، هەولێر

کورتە چیرۆک

# حەشری گوڵە هەرمێ

نەجیبە ئەحمەد



ناوی کتێب: حەشری گوڵە هەرمێ - کورتە چیرۆک
نووسینی: نەجیبە ئەحمەد
بڵاوکراوەی ئاراس- ژمارە: ٣٦٢
دەرهێنانی هونەری: بەدران ئەحمەد
دەرهێنانی بەرگ: ئاراس ئەکرەم
پیت لێدان: تریسکە ئەحمەد
هەڵەگری: هەندرێن شێرزاد + وەرگێڕ
سەرپەرشتیی چاپ: ئاوڕەحمانی حاجی مەحموود
چاپی یەکەم، هەولێر- ٢٠٠٥
لە کتێبخانەی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ڕۆشنبیری و هونەر لە هەولێر ژمارە (١٨٧)ی ساڵی ٢٠٠٥ی دراوەتێ

# ڕەعنا. وەجاخ. ئەوین

ئەگەر خوشکەکانیشم نەیانووتبایە خۆم هەر دەمزانی و ئەو ڕۆژەم دەهاتە بەرچاو. دەمزانی ئەو ڕۆژە و چەندان ڕۆژی بەر لەوەش دایکم بەدوو چاوی پڕ لە ترس و پاڕانەوە، تێکەڵ بەئاونگی شەرمێک لە ناو تاقی ژوورەکەیەوە ڕوانیویەتێ ئاسمان. دەزانم کە پێچی بەرەژانێک لەبەر موسڵدانییەوە بەرەو ژوور هەڵکشاوە چۆن هەناوی هاتووەتە لەرزین و موچڕکەی خەم و ترس شانەکانی قورس کردوون. دەمارەکانی کرژ بوون و لەبەر ئەو تاقەدا گرمۆڵە بووە. دەزانم چۆن لەو کاتەدا هەردوو دەستی هەڵگلۆفتون و لە ژێر لێوی پڕ لە خەم و حەسرەتییەوە لە خوا پاڕاوەتەوە کە سەهۆڵبەندانی ئەم عومرە تینێکی تێگەڕێ، کە ئاگردانمان پڕ لە گڕ و پشکۆ و وەخمان ڕۆشن بکەیت خودایە.

– خودایە، خۆم و کچەکانم ڕووسوور کەیت.

ڕەنگە هەر لەو کاتەدا باوکیشم خۆی کردبێ بەماڵدا و ئەم هەر دەستی هەڵگلۆفتبێ و لە ژێر لێوەوە شتێکی وتبێ بەڵام نەک پاڕانەوە. ڕەنگە وتبێتی: لە برۆ تێکچرژاوەکانت. لە چرچی نێوچاوانت و هەڵبەز و دابەزی پەڕەی لوتت، لە مڕومۆچیت، لەو سیمایەت کە قەت پێکەنین ڕێی تێناکەوێ. لە ترپەی پێت، جەرگ و هەناوم دادەکەوێ. هەموو جارێ ئەوەندە بچووک دەبمەوە حەز دەکەم ببم بەخاڵێک و بەناخی زەویدا بچم. ڕەنگیشە و دڵنیاش نیم وێرابێتی (لە دڵی خۆیدا) وتبێتی:

– چاوەڕوانی نێرینەیەک مەبە لە من، کە وەکو تۆ بەزەبروزەنگ، بەتووڕەیی و بەدڵ پیسی گۆی ئەم ماڵە هەڵسووڕێنێ. نێرینەیەک وەکو تۆ بێ هەرگیز ناگاتە پەرستگا و قەت ناتوانێ دەستەچیلە لە ئاتەشگەدەوە بۆ



ماڵە باوانی بهێنێ.

دوای چەند ساڵ خوشکەکانم بۆیان گێڕامەوە، ئەو ڕۆژەی من لە دایک بووم باوکم بەدەم زەبری ئەو نووکە شەقەقەی سرواندییە کەلەکەی دایکم، وتوویەتی:

– تاکەی ئەحمەدی خوشکەزام بەدزە دزە دەستەچیلە بۆ ماڵی من بهێنێ و نێرینەیەک نەبێ سەربەرزانە بچێتە بەردەرگای پەرستگا و بڵێ من وەجاخ ڕۆشنکەری ئەوم، هەر بەو تووڕەییشەوە دوایین پشکۆی ناو ئاگردانەکەی کوژاندووەتەوە و بەمشت خۆڵەمێشەکەی بەو ناوەدا بڵاو کردووەتەوە.

دەڵێن دایکیشم پاش چەند ڕۆژێک بەزەبری ئەو نووکە شەقەقەی میزی کردبوو بەخوێن و جەرگی بڕیبوو. بەدەم لەرزەوە گیانی دەرچووە، بەڵام بەر لەوەی بمرێ بۆ دوایین جار گوژمێکی داوەتەبەر خۆی و بەباوکمی وتووە:

– تۆ هەرگیز نەتوێراوە بچیتە ناو پەرستگا و دەستەچیلە بۆ ماڵە باوان بهێنی. هەموو جارێ ڕەعنای خوشکت کە پێکەوە لفە و دووانە بوون جلەکانتیان لەبەر ئەو کردووە و تاریک و ڕوون ناردوویانەتە پەرستگا و دەستەچیلەی لەجیاتی تۆ بۆ هێناون. من نێرینەی وەک تۆم ناوێ. تۆی بەڕووکەش شێر و ئازا و سەیوانی ئابڕووی خێزان. تۆی ترسنۆکی دڵڕەق. تۆ کە لەوساوە گیرۆدەی گرێی ترس و گرێی خۆ بەکەم زانینی و ئێستاکەش هەر ئەو گرێیە دەروونتی داگیر کردووە و ڕۆژی چەند جار لەودیو پەردەی قین و تووڕەییەوە، لەودیو پەردەی ئیرەیی و دڵ پیسییەوە، لەودیو مڕومۆچی و چرچەکانی نێوچاوانتەوە چاوشارکێ دەکات و تۆ پێوەی دەتلێیتەوە و بۆت چارە ناکرێ. چ دەردێکە ئەم گرێیە. ڕۆژ بەڕۆژ زیاتر پڕت دەکات لە توندوتیژی. لە ڕق.

لە خۆت. لە من. لە منالەکانت. لە ماڵەکەت. لە هەموو دنیا، تەنانەت لە ساتەکانی پڕ لەززەتیشدا کە ئارەزووی جووتبوون هەڵتدەپێچێ لەجیاتی

نەرمونیانی چەپکێ لە توندوتیژی دەمار و بازووەکانت هەڵدەئاوسێن و تۆ پیاوەتیتی پێ دەنوێنێ، بۆیە لەو ساتانەشدا هێندە بەرقەوە ئەمبار و ئەوبارم پێ دەکەیت وا دەزانم بەسەر درکدا کێشم دەکەیت. لێرەدا من بەخوشکەکانم دەڵێم: دایکم ڕووی هاتووە ئاوا باسی ئەو ساتانە بکات؟ دەڵێن: نەخێر، دایکمان ئافرەتێکی مەنگ و بەشکۆ بووە. هەندێ جار کە دەستەخوشکەکانی بەگاڵتە و شۆخییەوە وتوویانە:

– ئەوە چۆن لەگەڵ ئەو تووڕە و تڕۆیەدا هەڵدەکەیت. ئەی چۆن مناڵت لێیدەبێ، بزەیەکی هاتووەتێ و وتوویەتی:

– ئەو ساتانەش هەروا تووڕە و تڕۆییە.

من دڵنیام دایکم لەو چەند ڕستەیەی سەرەتا زیاتر کە باوکمی وروژاندووە، نەیتوانیوە ئاوا ڕووبەڕوو و بەوردی مەسەلەی گرێ و نەخۆشییەکەی بدرکێنێ. دایکم ئەو ساتەش، کە لوتکەی هەڵچوونی بووە هەوڵیداوە شکۆی باوکم لە بەرچاوی خوشکەکانم بپارێزێ.

دەڵێن لەو کاتەدا کە دایکم ئەو چەند ڕستەیەی بەرەو ڕوو بەباوکم وتووە ئەحمەدی پورزام بەدەستەچیلەیەکی تازەوە خۆی کردووە بەماڵدا، باوکم پێی خۆش نەبوو ئەحمەد گوێی لەو چەند ڕستەیەی دایکم بێ، بۆیە بەدەستەچیلەکەوە وەدەرینا وە، بەڵام ئەحمەد گوێی لە قسەکانی دایکم بووە و ئەو ڕۆژەی بیر کەوتووەتەوە کە باوکم کەسایەتی دایکمی لە بەرچاوی ئەو وردوخاش کردووە و ئەحمەدیش پێی وتووە:

– خاڵۆژن، تۆ بۆ هیچ ناڵێی؟

دایکم وتوویەتی:

– لە ڕۆژی خۆیدا هەموو شتێکی پێ دەڵێم.

ئەحمەد گوێی لێ بووە کە دایکم وتوویەتی:

– من نێرینەی وەک تۆم ناوێ بۆیە نامبێ، یانی نایەڵم ببێ و ئیتر



تەواو. دایکم لەم ڕستەیە زیاتری نەوتووە، تەنانەت نەشیوتووە کە ڕەعنایان لەجیاتی تۆ ناردووە تا دەستەچیلە بهێنێ، بەڵام باوکم لەجیاتی هەموو پیاوەکانی دنیا بەو ڕستەیە داچڵەکیوە و لەجیاتی هەمووشیان شڵەژاوە.

ئەوان دەڵێن یان هەر من زەنی ئەوە دەکەم کە باسی ڕەعناش لە ئارادا بووە و باوکم سەرسام و حەپەساو سەیری دایکمی کردووە و ویستوویەتی بڵێ:

– تۆ چۆن ئەو نهێنییەی ڕەعنات زانیوە بەڵام بەر لەوەی ئەو لێی بپرسێ خۆی وتوویەتی:

– هێشتا نەببووم بەدەسگیرانت، ڕۆژێ لەمدیو حەوشەی خۆمانەوە گوێم لە دەمەقاڵەیەکی تۆ و ڕەعنا بوو نازانم لەسەر چیتان بوو، بەڵام گوێم لێ بوو ڕەعنا دەیوت:

– دەتەوێ فێڵم لێ بکەیت. من ڕەعنام ڕەعنا. ڕەعنایەک لەجیاتی تۆ چووەتە پەرستگا و ئاگری لە ئاتەشگەدە دزیوە و لەجیاتی تۆ وەجاخی ڕۆشن کردووە. لە ناو خەڵکێکدا کە ئافرەت بۆی نییە بچێتە پەرستگا و دەستەچیلە بهێنێ، من چووم و لەجیاتی تۆ دەستەچیلەم هێناوە. ئێستاش من لەجیاتی تۆ خاوەنی ئاگرم. خاوەنی ئاگردانم و من وەجاخی بنەماڵەم، هەی ترسنۆک. خۆزگە ڕەعنا ئەم قسانەی لە بەردەرگا پەرستگا و بەبەرچاوی خەڵکەوە پێی بوتیتایە، من لەمەیان دڵنیام کە باوکم چاوی لێ بووە چۆن مەزنی و شکۆی چەند ساڵەی دایکم و پاکێتی و گەورەیی ڕۆحی مشت مشت لەگەڵ پیت بەپیتی ئەو وشانەدا دێنە دەرێ و لەگەڵ دوا پیتی وشەی تەواودا بەیەکجاری جەستە و ڕۆحی ڕەها دەبن. دایکم ئەوسا چەند جوان بووە، ئەو ساتەی کە توانیویەتی جەسارەتی ژن بوونی خۆی بخاتە ناو دەستی باوکم. دایکم لە ژن بوونیدا گەورە بوو. چەند گەورە بوو!! بەڵام ئەمجارەیان باوکم لە باجی جوانیی ئەو جەسارەتەدا مستەکۆڵەیەک

رەوانەی ناو دەمی دایکم دەکات و دایکم دەمی دەچەقێتە ناو ئاگردانەکە و لاگوێلێ خوێنی گەشی تێدا بەجێدەهێڵێ. مشتە خوێنەکەی دایکم لەو ساتەوە پشکۆیەکی گەورە و جوانە و بۆ هەمیشە ئاگردانەکەی ماڵی باوکمی گڕاندووە. ئەو ئاگردان و وەجاخەی من و دایکم گڕاندمان و ڕۆشنمان کرد ئاتەشگەدەیەکە تاکو ئێستا دەستەچیلەی لێ دەبڕێ و دوایی نایە.

خوشکەکانم دەڵێن تا چەند مانگێکیش ناومان لێ نەنابووی و هەر لە دەوری ئاگردانەکە و پشکۆکە کە دایکمان بوو دادەنیشتین، تۆمان لە باوەش دەکرد و دەگریاین. ڕۆژێ باوکمان هات و پێی وتین: ئەو خوشکەتان ناو بنێن پشکۆ یاخود ئاگر. وتمان ناوی دەنێین وەجاخ.

وا دیارە هەر ئەو ڕۆژە باوکم سەرهەڵدەگرێ و گوم دەبێ.

خوشکەکانم دەڵێن ئێمە تۆمان گەورە کرد. تۆ وەجاخی ئێمە بووی بەڵام تۆوی ئەو نەخۆشییەی باوکم پشتاوپشت هەر هاتووە و هەر دێت.

منیش وەکو ئێوە تازە ئەم داستانە دەخوێنمەوە و تازە خەریکم لە هەندێ شت تێدەگەم. ئەمڕۆ کە لە ژێر زەمینەکەی ماڵی باوکمدا بۆ کتێبێک دەگەڕام سەبارەت بەئەفسانەی ئاگر نووسرابێ، ئەم شڕە دەفتەرەم لە سووچی کارتۆنێکدا دۆزییەوە، دەفتەری بیرەوەرییەکانی دایکم.

دوای سێ لاپەڕە نووسین. دوایین وشەی لاپەڕەی سێیەم وشەی وەجاخە، ئینجا لاپەڕەیەکی بەجێهێشتووە و هاتووەتە سەر لاپەڕەیەکی تازە.

عەرزم کردن تازە خەریکم لە هەندێ شت دەگەم چونکە سایەی خوشکم ئەگەرچی چوار پێنج ساڵێکیش لە من گەورەترە، بەڵام نەیتوانیوە وردەکارییەکانی ئەو ڕۆژەی منی تیا لە دایکبووم بگێڕێتەوە، ئەوە نەبێ کە ئەو ڕۆژە باوکم وەکو درەختێک بەزەبری ڕەشەبا لە ناوقەددا شکابێتەوە ئاوا بەقامەتێکی شکاوەوە نەخۆشخانەکە جێدێڵێ و دایکیشم قەیرێک دەگری، شەوی دواتریش لە ماڵەوە قرەقرێک بەرپا بووە بەڵام باوکم لە لای



هاوڕێ و دۆست و ئاشنا وتوویەتی:

– وا دەزانم حەوت کوڕی کاکۆڵ زێڕینم بووە.

دایکم لە لاپەڕە تازەکەدا نووسیویەتی:

– ئەمە دوایین بیرەوەری منە فەرهاد، تۆ وەکو باوکم دڵڕەق و نەخۆش و دڵپیس، لەویش درۆزنتر. منیش وەکو دایکم مەنگ و دڵ گەورە و کەمدوو. زۆر دەمێکە لەبەر گورزی هەزار چەشنەی تۆدا بێدەنگم و هیچ ناڵێم. تۆ کە بەدەیان شێوە خۆت دەنوێنی و من هەر پێشت لێ دەخۆمەوە. چاوت لێ بوو چۆن بەلەدایک بوونی ئەم کۆرپەیە قامەتت تێکوپێک شکا و لای هاوڕێکانت بەدرۆ وتت: لای من حەوت کوڕ دەهێنێ، کەچی دواتر زۆر بەمڕومۆچی و بەئەوپەڕی تووڕەییەوە وتت:

بۆ من گرنگ نییە ناوی چی بێ، خۆ کچیش هەر تەشی دایک دەڕێسێ. ئیتر کۆمەڵێ لەم بابەتە قسە پڕوپووچانەت دەرپەڕاند و لێتدا ڕۆشتی.

ئەمڕۆ من کاسەی ڤینم هاتووەتە پڕ بوون و دەمەوێ کۆتایی بەم تووڕەهاتە بێنم. فەرهاد، من بەخۆشەویستی ئەو ئاتەشگەدەیەی بەخوێنی دایکم گڕاو دەگرێ و بەعەشقی ئەو ئاگرەی ناوی تۆ بوو، نا، هەر تۆ بووی و من لە ڕۆحمدا هەڵمگرت، ناوم لێناوە ئەوین، ئەمڕۆ بەبەرچاوی هەموو دنیاوە جەستەم دەبێتە ئاتەشگەدەیەکی گەورە و دەبمە خاوەنی ئەو ئاگرە و لە ئامێزمدا دەیگرێنم. سەیری دوایین سەمای گڕکە لەسەر تەختی سینە و ئاسمانی قژمدا فەرهاد. سەیرکە من چەند گەورەم، من خاوەنی گەورەترین ڕووناکی و گەورەترین گەرمایی و گەورەترین جەسارەتم. دوو دێڕ خوارتری ئەم وشانە نووسیویەتی (وەجاخ) و ئیمزایەکی خۆی کردووە. کە دوایین وشەکانی دایکم دەخوێنمەوە وەک تۆقیوێک دەستێک بەسەر سکمدا دەهێنم، کۆرپەکەی ناو سکم بڵقێک دەکات و لەمسەرەوە بۆ ئەوسەر دەڕوا. من بەحەپەساوییەوە دەستێک بۆ لای چەناگەم دەبەم و سەیرێکی مێردەکەم دەکەم. لە بەرچاوم هەردووکمان دەبین بەنیشانەی پرسیار و لە

ناو دەیان بازنەی گەورە و بچووکدا دەمانخولێننەوە، دەمانخولێننەوە، وەکو ئەو کاغزی یانسیبانەی لە قەفەسە خڕەکاندا دەخولێنەوە.

ئەو پێم دەڵێ:

– چیتە ئەوین. بۆ وا حەپەساوی؟ ماندوویت. هەستە بخەوە.

من بێدەنگ قەڵەمەکەم دەخەمە سەر کاغزەکان و مێزەکەم بەجێدەهێڵم و خۆم دەکەم بەژێر بەتانییەکەدا.

٢٠٠٤



# لالۆ

ساتە بلوورییەکان کەروێشکەی گیا جاڕەکە و بۆن و بەرامەی گوڵە کێویلەکان و سرتەی پەپوولەکانی دەنووسییەوە. ساتە بلوورییەکان هاسکە هاسکی قومری ڕاوەدوونراو فرمێسکی وشەی حوزنی لە گڵێنە بەتاڵەکاندا دەشاردەوە. منیش دەمــهــەویێ لە بلووری ساتە بەندکراوەکانمدا ڕازی درەختێکی پاییزە وەشێرم. درەختی پاییزیت دیوە چەند مەکۆی خەم و دڵتەنگییە. کەچی ئەو لە مەکۆی ئەو دڵتەنگییەوە چەپک چەپک گوڵە جوتێری دەچنی و گڵێنە خاڵییەکانی سەردەمی دایکە حەوای پێ دەڕازاندەوە... ئەو بوو... بەڵێ ئەو...

من دەمێک بوو دەمویست دەستم بگاتە چراخانەکەی خوا و بچووکترین ئەستێرەی حەوتەوانە بێنمە خوارێ، کە باڵەخانە و ناودالانی ڕۆژگارە خەڵوزییەکانی پێ ڕووناک بکەمەوە... کە ئەم ئاتەشگەدە خامۆشە تین و گڕی تێگەڕێ و دەرودراوسێ دەستەچیلەی لێ بەرن... دەمێک بوو هەڵۆەدا بووم شەوق و بریسکە لە چاوی هەڵۆ بفرێنم و بیدەم بەسیاچاڵ و ژوورە تارەکان.

دەمهەویست لە لوولەی تفەنگەکەمەوە ئاوازێک بشنێتەوە و فرمێسکی غوربەتی سیامەندێک ئاوێتەی هالاوی خاک بکات.

ئەم چەند دێڕە دەفتەرا و دەفتەر، باخەڵە و باخەڵ بەسەر ئێسک و پروسکی خۆی و تین و گوڕی ڕۆژگاری باوکمدا هەنگاوی نابوو.

پەردەکە لابرا، تاکێکی پەنجەرەکە کرایەوە، باوەشێ فێنکایی ئالایە قژە ئاڵۆزەکەی جەمیلە و کەرەسەکانی ناو ژوورەکە. بێ پێشەکی و بیرکردنەوە دەستی بەچاوەکانیدا هێنا وەک تەمێکیان لێ بتارێنێ. پەنجەکانی شانە

ئاسا بەناو قژە ئالۆزەکەیدا گەڕا. فێنکاییەکە نەرم نەرم خۆی هەڵسو لە پەنجەکانی و سەرنجیشی بزواند تا لە پەنجەرەکەوە بەتەکانێکی خێرا بگاتە سەر مێوەکەی حەوشە، کە قەدی باریک و پێچاوپێچی ئەوەندە وشک هەڵاتبوو جێ جێی توێکڵی بەردا بوو. کەچی هەزاران گەڵا و هەزاران هەزار تەرزی تازە ڕژابوونە سەر کەپرەکە و تەنانەت دیواری ماڵە دراوسێیەکەشی تەنیبوو. سەیری لێهات چۆن ئەم درەختەی فەرامۆش کردبوو؟ چۆن ئەو گشتە گەڵا قەرسیلیەی بەدینەکردبوو. ئەوسا بیری کەوتەوە چەند دەمێکە پەنجەرەی نەکردووەتەوە و پەردەی لانەبردووە.

لەودیو پەنجەرەکە و لە پشت دار مێوەکەوە.

ڕاوەستە... قەڵەمەکەت ڕاگرە. جارێ هیچ مەڵێ... زۆر لێت پڕم... مەگەر هەر خوا بزانێ لە کەیەکەوە پیشت لێ دەخۆمەوە و لەگەڵ خۆمدا لە چ ململانێیەکدام تا لەم بەندی و ئەسارەتەی دەستی تۆ ڕزگار بم. هەڵبەتە دەزانی لەگەڵ کێمە.

– بێ گومان من دەڵێی... لە من زیاتر کێ هەیە؟

– بەڵێ تۆ... چونکە لەوەتەی هەیت لە ناو سەری ئەم قەڵەمە لاواز و مەملەکەتە کورت و کوێرەتدا هەر من شک دەبەیت، گرگرِ لێم دەهاڵێی... هەر دێیت و تۆڕ و داو بۆ ڕامکردن و بەندکردنم دەچنی. بەڵام، بەڵام، ئەمجارەیان ناهێڵم وابێ... شەقیش بەری... بشمری ناچمە ناو تۆڕ و قەفەسی وشەکانتەوە. داناوەشێی ئەم هەموو قوفڵە دەدەی لە دەم و زمانم و بەئارەزووی خۆت هەڵمدەسوڕێنی. جارێک دیل و جارێک ئازاد. جارێک زەلیل و ژێردەستە و بێ ورە. جارێکی تریش دنیایەک ورە و ئازایەتیم... تۆ کە ناتوانی ڕاستی و حەقیقەت بخەیتە ڕوو، بۆ لێناگەڕێی خۆم بدوێم. خۆمان بدوێین... من چیتر ڕازی نابم تۆ ڕاوچی و من نێچیر بم.

– گوێت لێبێ جەمیلە... مەسەلەکە پەیوەندی بەڕاو و نێچیرەوە نییە.



من نووسەرم و بۆ چیرۆکەکانم قارەمان دەخولقێنم، یانی تۆش قارەمانی چیرۆکێکی منیت.

– کەواتە تۆ خۆت بەخوا و حاکمی موتڵەقی دنیا دەزانی

– نا... ئەستەغفروڵڵا. وا ناڵێم، دەڵێم لە ناو چیرۆکەکانمدا قارەمان دەخوڵقێنم.

– هەر باسی قارەمان دەکەیت... ئەی بوودەڵە ناخوڵقێنی؟

– ئاه... جەمیلە، هەروەکو جاران حەز بەموناقەشە و دەمەدەمێ دەکەیت.

– من حەز دەکەم خۆم بم و فەرمان لە کەسەوە وەرنەگرم.

– جا خۆ من خۆتم لێ داگیر نەکردووی!

– نا، بەڵام دەتەوێ لە ڕێگەی منەوە خۆت دروست کەی، دەتەوێ لەو ئاسۆ تەماوییەی ناو مەملەکەتی نووسینەکانتدا تۆ دیکتاتۆر و ئێمە بەندە و زەلیل بین و وشە و ڕستەکانت بەسەر ئێسک و پروسکماندا هەنگاو بنێین و کۆشک و تەلاری چیرۆکی لێهەڵچنی، لە هەمووشیاندا هەر من... من... من... خۆت دەکەیت بەمن و دەردەکانی خۆت لە زمانی منەوە دەدرکێنیت... دەمکەیت بەپوورە فاتەی پەنجا ساڵ لەمەوبەر و خەمەکانی ئەوم پێ دەنووسیتەوە... دەمکەیت بەگوڵاڵەی دەیان ساڵی دوای ئێستا و زامە نادیارەکانی ئەوم پێ دەنووسیتەوە... تۆ چیت؟ نامەوێ چیتر تۆ بم... نامەوێ تۆ بمدوێنی... تۆ بمگریێنی. من خۆم دەگریم... خۆم پێدەکەنم... خۆم بڕیار دەدەم. نامەوێ چیتر پوورە فاتم و گوڵاڵە بم... دەمەوێ خۆم بم.

– باشە توڕە مەبە. من و تۆ بەر لە هەموو شتێک هاوڕێین، هاوڕێ. هاوڕێی دێرینەی خەبات.

سیامەند لەولاوە پێکەنیبوو و وتبووی هاوڕێ!! وتبوویشی ڕێی خەباتمان چەندە سەخت و دوور بێ.

– توڕەش بم حەقمە. ئاخر تۆ ئەگەر ڕاست دەکەیت و هونەرکاری

دەنوێنی، بەبێ داوەری بمانناسێنە، بماننووسە.

تەمەکە لە قوولّی و تۆخیدا سەوزی دەنواند. من دەستێکم کەوتە ئەملا و دەستێکم کەوتە ئەولا و بێدەنگ لەگەڵ تەمی تۆخ و قوولّی سەرنجەکەیدا ڕۆشتم. تەمی سەوز لە خۆم و لە ماڵ و لە شاریشی تێپەڕاند و ئاسمان و خۆر و دار و بەردی دنیای گرتەوە، بەڵام لەو دنیا سەوزەدا تا چاو هەتەری دەکرد هەر چۆڵەوانی و چۆڵەوانی بوو... دەمویست لەگەڵ چۆڵەوانی شەقام و ماڵان و درەختدا بگریم، دەمویست... دەمویست لە بڵندگۆیەکی گەورەوە هاوار بۆ هەموو خەڵک بکەم و بڵێم.

لە لای من باوجوودی ناس و ئەجناس

کەسی تێدا نییە ئەم شارە بێ تۆ

لە ژێر لێوەوە و، بەزەمزەمەیەکی خەمینەوە دەیوت: ڕەحمەت لە گۆڕت حەزرەتی نالی... ڕەحمەت لەو ڕۆژانەی بازاڕی شیعرت بەبێ حەبیبە چۆڵوهۆڵ و بێ زیندەوەر بوو... یادی ئەو ڕۆژانەی ئێمەش بەخێر کە... یادمان بەخێر...

لە نێوان ماڵی ئێمە و گۆڕستانەکەی بەرامبەرماندا شەقامێکی پانوپۆڕ هەبوو. لەو سەرەوە کە بەرەو خوا دەهات و تا لە ماڵی ئێمەش تێدەپەڕی سەدان عەرەبانەی میوە و سەوزە و دەیان داشقە و دەستفرۆش ئەو ناوەیان قەرەباڵغ کردبوو. لەمبەر و لەوبەریشەوە ڕیزە دەککەی هەمەجۆر و دوکانی زۆر و زەبەندەی بەسەرەوە بوو. جلی کۆن و تازە. پێڵاوی بیانی و خۆماڵی، هەزار جۆرە تەسبیح و قەڵەمبڕ و بزمار و مێخ و چەکوش، لەولاترەوە بەفرماڵ و کاسە و کەوچکی دار و دەیان جۆرە شتی گڵێن و ئاوێنەی ژەنگاوی و وێنەی ئیمامی عەلی و شمشێرەکەی لە چوارچێوەدا. خولاسە بازاڕێکی هەمەڕەنگەی سەیروسەمەرە بوو. ئەوی بیرت لێ نەدەکردەوە لەوێدا هەبوو. ئەوی دەیان ساڵ لێت ون دەبوو، لەوێدا بەخزمەتی دەگەیشتی، ئیتر لە گزنگی بەیانەوە تا تاریکی باڵی ڕەشی



بەسەر هەموو لایەکدا دەکێشا، ژاوە ژاو و قیژە و هەرایەک بوو مەپرسە. دایکم گۆڕەکەی پڕ لە نور بێت دەیوت: ئەمە یەومەلغزایە نەک بازاڕ.

لەودیو پەنجەرەکە و لە پشت دار مێوەکەوە. لە ناوەڕاستی هۆڵێکی درێژکۆلەدا، جەمیلە فریا نەکەوت ئەو نیوە چایەی لە پیاڵەکەدا بوو بیکا بەسەر قەندە تواوەکەی ناو دەمیدا و بەپەلە چووە بەر ئاوێنەکە. پانتۆڵە کاوبۆکەی و کراسە زەردە پڕ لە گەڵا ڕەنگاوڕەنگەکەی لەبەر کرد، شانەیەکی بەقژیدا هێنا و زۆر بەپەلە سەیرێکی ناو جانتاکەی کرد و کردیە شانی، بەڵام بەر لەوەی بڕوا چووەوە بەر ئاوێنەکە و لە سەر و ڕوخساری خۆی ڕوانی.

- خواحافیز دایە گیان.

- خواحافیز... هەروا دەڕۆی. شتێ لەبەرکە و چەترەکەشت بەرە.

- هێشتا زووە بۆ چەتر و خۆ داپێچان.

- زوو نییە، نمە نمە دەبارێ و کزەی سەرەتای پاییزیش کار لە ئێسقان دەکات کەچی تۆش بەتوێی کراسێکەوە دەچیتە دەرەوە.

- حەزم لەم کراسەیە. هەر لە پاییز دەچێ، با ئەمڕۆش لەبەریکەم... ئیتر...

ڕاوچی بوو لە ماڵ دەهاتە دەر، ڕاوچییەکی کارامە، ڕاوی وەرز و عەشق و چۆڵەوانی دەکرد. هەندێ جاریش ئەوەندە کاڵفامانە بیری دەکردەوە، دەیووت:

- چی دەبێ وەکو ئەفسانە کۆنەکان زەوی شەق بێت و دێوێکی لێ بێتە دەر و بەفوویەک ئەم گشتە قەرەباڵغییە بەحەوادا بەرێ و بیکا بەچۆڵەوانییەکی وا تا چاو هەتەرکا هەر چۆڵەوانی بێت.

- نا ئەمەیان بیرێکی خۆپەرستانەیە جەمیلە. جا ئێمە لە پێناوی ئەو قەرەباڵغییەدا ڕاوی چۆڵەوانی دەکەین.

یا پەرجوویەک ڕوویدات و پەرییەک لە ئاسمانەوە بێت و پەردەیەک بگرێ بەبەرچاوی ئەم هەموو خەڵکەوە و لە کەژاوەیەکی ڕازاوەدا تا دڵمان دەخوازێ بمانگێڕێ. هەموو ئەم خەیاڵانەم بۆیە دەکرد چونکە هەستم دەکرد هەر دە شەقاو لە دوامەوە سێبەرێک وەکو سێبەری خۆم بێ بەشوێنمەوەیە و جێم ناهێڵێ. سێبەرێک پێ دەنێتە شوێن هەنگاوە پەلەکانم و ڕاوی چۆڵەوانی دەکات. چ ڕاوێکی خۆش بوو. لە پێچی چەندان کۆڵانی چۆڵدا بەپەلە پرۆزێ بەستەیەک بڵاوکراوە و نامەیەکت دەدایێ. چێژی ئەو ساتانە هەر ئەو دەروێشانە دەیزانن کە لە جەزبە و مەنجەنیقی عەشقی خواییدا قرچەقرچ دەسووتێن و دەستبەرداری سەمای ڕۆحیان نابن.

بیرتە سیامەند تا بەپێچی ئەو کۆڵانە چۆڵانە دەگەیشتین بەسەر چەندان وردە شووشە و چەقۆ و بزماردا هەنگاومان دەنا؟ تەمەنمان بەسەر چەندان میندا کێش دەکرد؟ بیرتە، چەندان ئارەزوو و تاسە و گوڵی حەسرەتمان لە پێچی ئەو کۆڵانانەدا لێگوم بوو؟ گوڵە گەزیزەی ئایندەمان چۆن لە پاشاگەردانی دوای لافاوی ئەو کۆڵانانە بەبەرچاومانەوە نغرۆ بوون. ئای لە پێچی ئەو کۆڵانانە، چڵە شقارتەیەکی داگیرسا و بوون و لە دەستی مناڵێکی چەتوونەوە کەوتە سەر خەرمانی خەونمان و، ئایندەمانی کرد بەقەرەبرووت... بیرتە؟.

گڕەی گڕکانێکی ناوەخت بوو، نەک هەر تەمەن بەڵکو یەکە یەکەی ئەو گەڵا ڕەنگاوڕەنگانەی ناو کراسەکەشی هەڵپروکاند. دەزانی هەموو گوڵەمز و کارەساتەکان لە پێچی ئەو کۆڵانانەوە دەستی پێکرد. هەنووکە دێڕە شیعرەکەی حەزرەتی نالی لە ژێر دار و پەردووی پێچی کۆڵانەکان و قەرەبرووتی هیواکانمان دەردەهێنم و دەیسپێرم بەخاکی گڵێنەی تەڕ و قەوزە لێنیشتووی سەر تاقە بێنازەکانی قەیرە کچەکانی ئەم شارە. ئێستا لەجیاتی ئەوەی تەنیا شۆڕەبییەکەی پایین گۆڕەکەی باوکم ئاو بدەم حەفتەی دووجار دارستانێک لە شۆڕەبی ئاو دەدەم. هێشتا کەیلی ناو تەمە سەوزەکەیە ئەو. سوارێکی سپی پۆش بەپرتاو دێت و دەست دەداتە باڵی و



دەیبات... دەیبات و دەیبات تا دەیداتە دەست تەمێکی زیوین... تەمەکە ئارام ئارام دەنیشێتە سەر باخێکی پەرژین کراو. دار مێوێکی پاییزی دڵتەنگ دارە دارە بەخەونەکانی دەکات، بەرەو زستانێکی تووش و سەخت. ڕەزی چڕ و درەختی سێو سەرتاسەری باخەکەی لە ئامێز نابوو. هەزاران بۆڵە ترێی ڕەش و ئاڵتوونی. هەزاران سێو وەکو چرای زەرد و سوور دایسابوون. بانگیان لە دەست، لە لێو، لە حەزی من دەکرد. منیش هەروەکو ڕۆژگاری مناڵیم کە بەدیوارەکەی ماڵی حەمە ئاغادا هەڵدەزنام و بەپەلە سێوێکم لێدەکردەوە، بەپەلە دەستم هەڵبڕی، بەڵام ترسام و دەستم گێڕایەوە، نەکا دیسان باخەوان بەشولک و دار و جنێو هەڵمبڕێ. چاوم بۆ باخەوانەکە گێڕا، کەسم نەدی. بەلەرزە لەرز دەستم هەڵبڕی و لە سێوێکم گیر کرد، دیسان چاوم گێڕایەوە، کەس دیار نەبوو، سێوەکەم توندتر گوشی و تا هاتم لە لقەکەی جیاکەمەوە دەنگێک دەنگی دام:

– نەکەی جەمیلە، نەکەی سێو لێکەیتەوە، ئەگینا لالۆی وەردیان ناتهێنێتەوە بۆ لام... ڕاچڵەکی... شەمزا. ترس و شەرمەزاری و حەپەسانی لێ دەچۆڕا و بەشوێن ئاوازی دەنگەکەوە وەرچەرخا... نەیدەزانی دەنگ بوو یان سرتەی ئەو گەڵایانەی دوایین ڕازیان دەچرپێن بەگوێی لکدا و پاشان بەناچاری و، بەڕەنگێکی هەڵبزرکاوەوە دەرژێنە سەر گۆڕەکان. دەنگ بوو یان ئاوازی ئەو سروودە کە دڵدارێک لە زەردەپەرێکی پاییزدا بەتەنیا و بەتەمووڕەیەکەوە لە گۆڕستانێکدا دەیخوێنێ و بۆ گۆڕی دڵدارەکەی دەگەڕێ. سرتە و ئاوازەکە ئەوەندە لێم نزیک بوو بەچوار دەوری خۆمدا دەستم بۆ دەکوتا... خۆشم بۆ پشکنی. دەمزانی گشت ئازام پڕ بووە لەو دەنگە، بەڵام لە کام ئەندامما گیرساوەتەوە؟. باران دەستی بەبارین کرد، چەتری پێ نەبوو. کزە پاییزییەکە خۆی گەیاندە ئێسقانەکانی، ئەم لە کراسە زەردە پڕ لە گەڵا ڕەنگاوڕەنگەکە زیاتر هیچی لەبەردا نەبوو. سیامەند پێی وت: نەدەبوو ئاوا بێیت. خۆی خستە بەر گوێسەوانەی ماڵێک... دێوێک لە پێچی کۆڵانەکەدا بەقەرایی بیرێک دەمی بۆ کردنەوە.

سیامەند لە ناو تەمێکی وەنەوشەیی و بەلای گوڵجارێکدا نەرم نەرم پیاسەی دەکرد. تا هاتم ئەلف هەڵهێنم سوارەی سپی پۆش لەودیو پەرژینەکەوە لەسەرم وەستا بوو.

– جەمیلە... جەمیلە... ئەوە ئەو بەر پەنجەرەیە بەرەو کوێی بردووی؟ سواری پشتی کام سیمورخی کردووی و لەبەر دەروازەی کام شاری ئەفسووناوییدا دایبەزاندووی؟

– هەر خۆم دەزانم لەبەر دەروازەی چ شارێکی ئەفسووناوییدا دابەزیوم و گەڵا ڕەنگاوڕەنگەکانی ناو کراسە زەردەکەم لەبەر ئەو دەرگایەدا کۆ دەکەمەوە... هەر خۆم دەزانم چەند دەمێکە بارانە و چەترم پێ نییە... چەند دەمێکە خۆم بۆ بەرگوێسەوانەی ماڵێک دەکوتم... چەند دەمێکە کزەی سەرەتای پاییز کاری کردووەتە ئێسقانم.

ئەرێ خۆ بڕیار نەبوو تۆ بدوێی، یانی حەزم نەدەکرد بدوێی بەڵام ئێستا حەز دەکەم، بدوێی. بدوێ، گوێم لێتە... با بۆ هەزارەمین جار گوێ شل کەم بۆ ئەفسانە هەمیشە نەمرەکەی لالۆ...

– باوکم پیاوێکی زانا و دنیا دیدە بوو، خەڵکی ئەم شارە بۆ گەلێ کار پرس و ڕایان پێدەکرد. گەلێ ڕووداوی مێژوویی و سەدان داستان و بەیت و ئەفسانە و سەرگورشتە لە سنگیدا بوو. بێجگە لەمانە شەربەتی عەشقی خوایی کردبووی بەشاعیر و سەرمەستانە نوقمی ناو دەریای عیرفان ببوو. شیعرە جوانەکانی ویردی سەردەمی دەیان شاگرد و قوتابی بوو و، تا مابوو دیوەخانەکەی هەمیشە جمەی دەهات. بەڵام باوکم بۆ خۆشی شیفتەی هاوڕێیەکی بوو، هاوڕێیەکی گیانی بەگیانی. هاوڕێیەکی تاک و تەنیا و بێکەس. کەس نەیدەزانی کەی و چۆن هاتووەتە ئەم شارە. باوکم خۆشی نەیدەزانی چۆن لە ژیانیدا سەری هەڵداوە و مانایەکی تری بەژیان و ڕۆژگاری بەخشیووە... دەیوت: دڵسۆزی و وەفاداری هەر لەودا بوو. کە ئەو دیار نەما، خۆشەویستی و وەفاداری باریان کرد. ڕۆژگاری من تەم دایگرت



و چیتر لە ژیان ناگەم. ئەمە ویردی شەو و ڕۆژی باوکم بوو.

دایکم دەیوت: لالۆ دەستی لێوەشاندووە، سیحری لێکردووە، بەجۆرێک کە لە شیعرەکانیشدا هەر هاواری لالۆ دەکات و شەربەتی عەشقی خوایی لە سیحری وەفا و جوانی لالۆ فڕ دەکات.

باوکم دەیوت: لالۆ فریشتەیە، وەردیانێکی فریشتەیە، لالۆ خدری زیندەیە، هەر کات بەدڵ تەڵەبی کەیت ئەو لە بەردەمتدا حازرە. ئەو دەرگاوانی کاکە مەم و لاسەشۆڕ و فەرهاد بوو. دەرگاوانی سیامەندیش بوو. دەزانی جەمیلە کە لالۆ لە باوکم گوم بوو، باوکم چیتر قەڵەمی بەکاغزدا نەهێنا و فرمێسکی وشک نەکردەوە تا ئاو لە چاوی بڕا.

سیامەند لە ژوورە تەنیاکەیەوە زرمەی پۆستاڵەکەمی لە ناو هەزاران پۆستاڵدا دەناسییەوە. زرمەی پۆستاڵەکەم مایەی شنەشنی ڕۆحی ئەو بوو. تا زرمەکە لە ژوورە تەنیاکەی نزیکتر دەبوو هێمنایەتی و فێنکایەکی باڵاتر دەڕژایە مێشک و دڵییەوە، بەلەز وەکو پەپوولەیەک ئامادەی فڕین بێت قیت دەبووەوە و پەلاماری جامانەی ژێر سەرینەکەی و گۆرەوییەکەی دەدا. دەستێکی ئۆخەیی بەسەر و ڕیشیدا دەهێنا و لەبەر خۆیەوە دەیوت:

لە لای من باوجـــوودی ناس و ئەجناس
کـەسی تێـدا نیـیـە ئەم شـارە بێ تۆ

ئێستا بەرەو ئاودانی دێم، بۆ جێگایەک کە پڕە لە تۆ. دێم بۆ شارێک و لە دیدارت تەژی دەبم... لە ژیان.

جامانەکەی دەکردە لەچک و بەبزەیەکی شیرینەوە دەیکردە ناڵە ناڵ. جا وای لەو ساتەی کلیلەکەم لە کونی دەرگاکەدا دەچەرخاند، پەپوولەی هەزاران تاسە و حەسرەت دەرگای ژوورە تەنگەکەی سنگیان دەکردەوە و لەگەڵ هەناسەکانیدا ڕەها دەبوون. ڕەها دەبوون و چاوەڕێی بریسکەی چاوی منیان دەکرد. بۆیە کە درز دەکەوتە دەرگاکە ئەوان بەر لە سیامەند لە چاومیان دەڕوانی و لە چاومیان دەپرسی: چیمان لێدەکەیت؟ بریسکەیەک

لە چاومەوە هەرای لێدەکردن و ئەوانیش هەر بەخێرایی بریسکەکە لە چاوانمدا دادەگیرسان و من لە سنگە تەنگەکەی سیامەنددا.

یا ساوڵێک لەبەر دوایین دەروازەی ئاسنیندا تووشیان دەبوو و، لەگەڵ تیزە بزەیەکدا کە دەیان مانا و نهێنی لە خۆیدا حەشار دابوو، دەیوت: ئەوە بۆ کوێ دیسان کاک سیامەند؟ بۆ کوێی دەبەیت لالۆ؟

– نەخۆشە و دەیبەم بۆ...

– حەفتەی چەند جار نەخۆش دەکەوی پاڵەوان؟ ها ها ها...

پێم لە زەوی بڕا بوو، ژوورەکە تەنگەبەر و بێ مەودا بوو، بەشی ئەو بێ ئۆقرەییەی منی نەدەکرد. دڵم بەزەنگی دەرگاکە و لێوم بەدانەکانم سپاردبوو. سەرم خستبووە نێوان کاسەی هەردوو دەستمەوە. دەترسام ئەو ڕاز و نهێنییانەی بڕیارە بیاندرکێنم ڕەها بن و لە دەستم دەرچن. هەندێ جاریش ئەم ڕاز و نهێنییانە پووچ و بێ مانا دەهاتنە بەر زەینم و پێکەنینم بەخۆم دەهات. نەشمدەوێرا بچمە لای پەنجەرەکەوە و پەردەکە لابەم نەکا باوکم گۆڕەکەی جێهێشتبێ و لە ژێر سێبەری ئەو شۆڕەبییەی گەڵاکانی لە کێلە سارد و بێگیانەکەی دەخشان. باوکم وەستا بێت و سەرزەنشتم بکات. باوکم هەزار جار ئاوا دیوە یان لە پەنا کێلەکەی خۆیدا دانیشتووە یان لە بەردەم گۆڕەکەدا هەڵتروشکاوە و دەستی پێدا دەهێنێ. هەموو جارێکیش یان ئافەرین یان سەرزەنشتی کردووم. ئەمجارەیان ڕەنگە یەکجار شڵەژاو و شپرزە بێ، نازانم ئافەرین یان سەرزەنشتم دەکات، بەڵام ناوێرم پەردەکە لابەم و پەنجەرەکە بکەمەوە. ناوێرم بڕوانمە شەقام و ئەوبەر شەقام. دەرگای حەوشەشم هەروا پێوە داوە تا ئەگەر هات ماتڵ نەبێ و زوو خۆی بکا بەماڵدا. خۆشی نەیدەزانی بۆچی قەفەسی سنگی وا تەنگ بووە و جێی دڵ و ڕازەکانی تیا نابێتەوە. فریشتەکەی جاران بەئاواتییەوە بوو هاتووە و تارای بێ ئۆقرەیی و کەژاوەیەکی چۆڵی نائومێدی بۆ هێناوە. دایکم چەند جاران دەنگی دام. بێ قەراری لافاوێک بوو بەناو ژوورەکەدا



شەپۆڵی دەدا و هەنگاوەکانمی دەقەڵاشت. پێچی کۆڵانەکان مشت مشت گەڵا ڕەنگاوڕەنگەکانی ناو کراسە زەردەکەمی کۆ دەکردەوە.

ئەو دەمەی دەستی نا بەدەرگاکەوە جیرەی گەیشتە گوڵدانی سەر ڕەفەکە، جەمیلە بۆ چاوتروکانێک دڵەڕاوکەکەی ڕەوییەوە. دایکی دڵی لە جۆلانەی دەستەکانیدا ڕادەژەند و شێخ و مشایەخەکانی دەدواند، ئەویش بەهەمان دڵەڕاوکەی پێش ئەو چاوتروکاندنە لەولاوە لە منی دەڕوانی. من دەستەکانم بەرەو قەراغی جۆگەکەی بەرماڵی جەمیلە درێژ کردبوو و بەبێ تاقەتییەوە لمۆزم بەدەستە کێشراوەکان و نیگام بەدەرگاکە سپاردبوو. ئەو پێی وابوو کە ئەم جۆگەلەیە ژوانگەمانە چونکە هەر ئەم جۆگەلەیە بەیەکمان دەگەیێنێ. یان دەبێ من نەزانم و ئێرە مەسکەنی هەمیشەیی ئەو بێت یان مەسکەنی هەمیشەیی من بێت و ئەو نەزانێ؟!.

دەمویست نیگام ئەو پەردە ئەفسووناوییەی ناو خەوە پاییزییەکانی جەمیلە بێت. نیگای لەوەوە بۆ جۆگەلەکە گواستەوە کە ببووە مەڵبەندی وردە کاغز و لەتە نایلۆن و توێکڵی میوە و کاغزی بسکویت و بنێشت و هەزار شتی وا. ڕەشاوێک بەبنیدا دەڕۆیشت سەرداری بێ سەر دەکرد. جار جارە کە لەسەرووترەوە ئاوی پێدا دەکرا تێکڕای ئەو وردە شتانەی ڕادەدا تا لە جێگایەکدا لەتە کارتۆنێک یان گوێنییەک بەری پێ دەگرت و دووبارە پەنگی دەخواردەوە.

گەشتی نیگای دووبارە گەڕایەوە سەر نیگا ماندووەکانی پیرە سەگە کە دەتوت لە ڕاوێکی قورس و قایم گەڕاوەتەوە، بۆیە نەقیرەی عەرەبانچی و نەهاواری منالی بنێشت فرۆش نەیبزواند. تەنانەت کلکە لەقێیەکیشی نەکرد بۆ کوڕە قەسابەکەی ئێسقانەکانی بۆ هاویشت. نیگاکانی هەمیشە مات بوون و هەر ئەو ماتییە بوو کە ئەم ئولفەتەی لە نێوانماندا دروست کرد. ڕەنگە ئەگەر جارێک بێم و ئەوی لێنەبێ یەکجار بێ تاقەت بم. حەز دەکەم هەمیشە ئەو نیگا ماتانە لە ناو کاسەی نیگاکانی خۆمدا حەشار

بدەم. چاوەکانی کز کرد و زۆر مات نیگای لە منەوە بۆ ژووانگەکەمان گواستەوە. دیار بوو دەمێک ئەویش لە منی ڕوانیبوو.

***

جەمیلە، ئەمە ئەفسانە و چامەی لالۆ-ی وەردیان بوو. لالۆ باوکمی سیحراندبوو، هەموو شەوێ تا بەرەبەیان لە خەڵوەتخانەکەی خۆیدا بەگریانەوە دەیدواند. لە گشت لاپەڕەکانی دەفتەرەکەی بەرباخەڵیشیدا نووسیویە: کەس نازانێ لالۆ-یان چۆن لە چاو گوم کرد، بەڵام ئەو خدری زیندەیە، هەر کەس بەدڵ تەڵەبی کا ئەو خێرا لەوێ حازرە.

٢٠٠٠



# حەسرەت

ئەو دەمەی کراسە ئەرخەوانییەکەی داکەندبوو و بەتووڕەیییەوە گرمۆڵەی کردبوو و هەڵیدابووە سووچێکی تەختەکەی، بیری کەوتبووەوە، لە ژووری چاوەڕوانییەکەدا و لە نێوان یەکێک لەو تێڕامانانەی ئەو لە نیگاکانی ئەم و وردبوونەوەی ئەم لە جووڵەی دەمە خونچەکەی ئەو و، لە نێوان ڕیشاڵە باریکەکانی خەونی ئەمدا کە بەلەرەی نوزە نوزەکانی ئەو دەشنایەوە، لە نێوان دەستە خرپنەکانی ئەو خانمەی لە درزی کراسەکەیەوە مەمکە تورتەکانی دەرهێنا بوو و ناڵەکەی دەمی بۆ خونچە کردبوو، بیری کەوتبووە دایکی پێی وتبوو: هێشتا کراسی وا جوانت نەبووە، زۆرت لێدێت. پێشی وتبوو: ئەو ڕۆژەی مارەیان کردم باوکت کراسێکی ئاوا ئەرخەوانی بەدیاری بۆ هێنا بووم. بیریشی کەوتبووەوە کە بەدوای قسەکەی دایکیدا جارێکی تر چووبووە بەر ئاوێنەکە و لە سەرتاپای خۆی ورد ببووەوە، بزەیەکیشی هاتبوویێ. نەهاتبوویێ؟. هەرچەندە بزەکە لە کانیی حەزێکەوە هەڵقوڵا بوو... حەزی کردبوو، بەدایکی بڵێ کاتێ لای کوڕە خەیاتەکە پەراوەی کراسەکەی کردبوو پێی وتبوو: ئەوەندە بەدڵ بۆم دووریوی شازی(*)

کراس دەرهاتووە. زۆرت لێجوانە خۆشت ماشاڵڵا باڵا و لەشولارت جوانە. یاخوا موبارەکت بێ، ئەمیش ئەگەرچی بەدەنگی بەرز دەست خۆشی لێکردبوو، لەدڵەوە ئاخێکی هەڵکێشا بوو، (دەبا ئەم قسەیە بارانی دڵی هاوتەمەنێکم بووایە و ڕۆژگارمی تێر ئاو بکردایە). باقڵ دەشیزانی کە من... دەیزانی؟ بەڵام هیچی نەگێڕابووەوە... هیچی نەوتبوو... بیریشی کەوتبووەوە، کاتێ بەهەڵبزرکاوی لە ژووری پزیشکەکە هاتبووە دەرێ

هەستی کردبوو لێوی لە ژێر سووراوە ئەرخەوانییە کاڵەکەیدا سپی هەڵگەڕا بوو. عارەقی ساردی دەردابوو... دەستە ساردەکەی شل شل مەچەکە باریکەکەی ئەوی گرتبوو. ئەو ببووە نیشانەی پرسیارێک و پەیتا پەیتا لێوەکانی خونچە دەکرد بۆ وشەیەکی نەوتراو کە ژیانی هەردووکیانی تەلیسم کردبوو. چاوەکانی لێکنا بۆ ئەوەی چیتر شێوەی ئەو تەلیسمە نەبینێ بەسەر لێوەکانی ئەوەوە. مناڵێک لە ناو ژووری چاوەڕوانییەکەدا سەری لە کۆشی دایکی نابوو. دەگریا و دەیوت: دایە گیان، دەترسێم... ئەم شڵەژاوتر لێوی خۆی گەست و قەستی دەکرد دەست بنێتە بینی ئەو و پڕ بەدنیا بقیژێنێ و بڵێ ئەی تۆ بۆ وا ناڵێی، بەڵام واینەکرد و لە حەژمەتدا توندتر مەچەکە باریکەکەی گوشی، ئەوەندە توند تانەیقروسکاند دەستی شل نەکردەوە و شڵەژاوتر بوو لەوەی بتوانێ وەڵامی پیاوە تەمەن ناوەندەکەی بەر دەرگای ژووری پزیشکەکە بداتەوە کە پێی وت: خوشکێ یارمەتیت ناوێ؟ ئەویش دەیویست ئاوازی وشە نەوتراوەکەی بگەیێنێت بەگوێی چاوەڕوانکەراندا، بۆیە لێوەکانی بۆ پیاوەکە و بۆ خەڵکەکە خونچە کرد.

– خوشکێ ئاگات لە خۆت و مناڵەکەت بێ! توند دەستی دایە گیان بگرە با نەکەوی... ئاگات لە خۆت و مناڵەکەت... لەو پلیکانانە... پلیکا...نا...نە... لەمانەش زیاتر بیری کەوتبووەوە کە ئەم عەسرە لە هەموو عەسرەکان شووشەییتر و کەڵەشێری کۆڵانەکەی ئەودیویان تیژتر و ناوەختتر خوێندبووی... کەم تاقەت بوو. بەسڵەوە دەستی برد بۆ ماکسییەکەوەکەی کە لەسەر تەختەکە بەگرمۆڵەکراوی بەجێی هێشتبوو:

– وەرە ڕەنگە عەزیزەکەی چەند ساڵە دەممپێوە گرتووی، وەرە.

هات لەبەرییکات، لە ئاوێنەی مێزتەوالێتەکەی بەرامبەریدا شلکەی قۆڵی سەرنجی ڕاکێشا. شلوبڵ داکەوتبوو. شەپۆلێکی گەرمی وەڕسی هورووژمی بۆ سەر دڵ و دەروونی هێنا و گەرم داهات. قورگی لوولە



ئاسنێکی وشک و بێ گیان بوو. مستێکی کێشا بەتەختەکەدا و هەرچی تەڕایی لە دەم و قوڕگیدا بوو کۆی کردەوە و تفی کردەوە بەسەروچاوی ئاوێنەکەدا. ئاوێنە خەجلا.

– ئاخر کێ بەبیریدا دێت ئەم تەخت و مێزتەوالێتە لەکەیبیەوە لەم ژوورە دان و هاودەردیی ئەم دەکەن، نا ئەم هاودەردیان دەکات؟ یان هەردووکیان هاودەردی تەنیاییەکن؟. سەعاتی سەرمێزەکە بێئەوەی ئەم کۆکی کردبێ کەوتە زرە زر، ئەو شەپۆڵە گەرمەی هورووژمی بۆ دڵ و دەروونی هێنابوو خانەکانی ناو سەریشی داگیر کردبوو. پەلاماری سەعاتەکەی دا و توند کێشای بەئاوێنەی مێزتەوالێتەکەدا. ئاوێنە هاڕەی کرد، تیکە تیکەی نەبێ بەسووچەکانییەوە مابوونەوە، شووشەی سەعاتەکەش شکا بەڵام لە زرە نەکەوت، کەوت؟. دایکی سەری نابوو بەنەردەکانی پەنجەرەکەوە و سەیری دەکرد. ئەو لە ناو دەرگای ژوورەکەدا وەستا بوو. دەمی خونچە کردبوو، بۆ وشەیەکی نەوتراو.

* شاز: دەگمەن، نایاب

# ئەو گەڵایەک بوو

بۆ یادی کاک عەتا-ی بەرفی

دیار بوو بۆ ئەوەی بەدەم قوڵتە ونرکەی سەماوەرەکەوە چووبێتم و لە بەردەمیدا سەوز بووبێتم، ئەلبوومەکەم بەکراوەیی بەجێ هێشتبوو. ئەویش دیار بوو بۆ بەراوردکردنی کچی ناو ڕۆمانەکە، کە لە ناو ئاوی حەوزەکەدا دەشنایەوە، لەگەڵ ئافرەتی ناو تەلەفزیۆنەکەدا سەری هەڵبڕیبوو و، لە منی ڕوانیبوو، من لەو کاتەدا لام کردبووەوە. دەمویست پێی بڵێم سەعاتی ژووری نووستنەکەمان لە کار کەوتووە، ڕەنگە زەرد و هەڵبزڕکاوەکەی سەرنجی ڕاکێشام... ڕەنگی یەکجار زەرد بوو، زەردتر لە وێنەی ناو ئەلبوومەکە... لە وێنەکەشدا هەر هەڵبزڕکا بوو... بڵێی خۆی هەستی پێ کردبێت؟ لە وێنەکەدا درەختێکی زۆر کەوتبووە پشتییەوە، گوندێکیش لە دوورەوە دیار بوو، باریکە ڕێیەکیش بەلای شانی ڕاستییەوە بوو، لە وێنەکەدا خەریکبوو پێکەنینی لێبپڕژێ، بەڵام دیار بوو، خۆی گرتبوو، دەمی نوقاندبوو، وەکو ئەوەی بزەی هاتبێتێ، نیگای ئاراستەی دوور کردبوو. نیگای تیژ دیار بوو. لە وێنەکەدا خۆی بەلای چەپدا لار کردبووەوە، وەک بڵێی پاڵیدابێ بەدرەختی گریانەوە، قەڵەم جافێک لە گیرفانە باریکەکەی سەر قۆڵی کەتافییەکەیەوە سەری هێنابووە دەر و لە باریکە ڕێگاکەی ڕوانیبوو. لوولەی سەماوەرەکەم تازە پاک کردبووەوە، بەخوڕ ئاوی پێدادەهات و هەڵمی دەکرد، پێم خۆش بوو. هەڵمەکە بەپەلە لە باڵای سەماوەرەکە تێپەڕی، ویستم شوێن تەکانی هەڵمەکە بکەوم. نەکەوتم و نیگام گواستەوە سەر چادانەکەی تەنیشت سەماوەرەکە. داچڵەکیم،



موچڕکە و لەرزێکی سەیر بەگشت دەمارەکانمدا تێپەڕین. نەمویرا دەستی بۆ بەرم... نەشموێرا هاوار بکەم و بقیژێنم، چونکە ئەو هەڵبزڕکا بوو، سەیر هەڵبزڕکا بوو، چاوەکانم توند نووقاند، بەڵکو تا دەیکەمەوە تارمایییەکە ڕەوییێتەوە. هەر بەو ترس و لەرزەوە چاوەکانم کردەوە. ئەو لە پەنای سەماوەرەکەدا دانیشتبوو، سەیری دەکرد، دوو چاوی ورد و گەش، برۆ و تەوێڵێکی ساف و بێ موو، دەتوت دوێنێ لەگەڵ مندا لە ئارایشگا بووە. لووتێکی قنج. بەحاڵ نووکەکەی هەڵبڕاوە. دوو لێوی ئاڵ و ڕیزێ دانی سپی خۆیان جیڕ کردووەتەوە. لە خواریشییانەوە چەناگەیەکی بڕێ کورت، کە تۆزێ خۆی بەرەو لای لێوی خوارەوە هەڵبڕیبوو. قژێکی ڕەش و تەنک بەملا و بەولای شانیدا پەخش ببووەوە، بیسمیلایەکم بەدەنگی بەرز وت، ئەویش گوێی لێبوو، ئینجا شێخ و مشایخەکانم بانگ کرد، کەچی ئەو هەر لە جێی خۆیدا بوو...

هەردوو دەستم تەزیبوون، ویستم بەیەکیان گەرم بکەمەوەوە، لە باوەشی یەکم نان، لێویشم پارچە سەهۆڵێک بوو. خێرا تفێکم قووت دا، ئاوەکەم گرتەوە، پشتم کردە سەماوەرەکە و هاتم لە موبەقەکە بچمە دەرەوە، بەڵام وامنەکرد... بەئاستەم سەرم وەرچەرخاند لێی بڕوانم، نەموێرا... ویستم بانگێ لەو بکەم، نەمکرد، ئەو وێنەی کچی ناو حەوزی ڕۆمانەکەی بەجێهێشتبوو... فوویەکم کردە دەستەکانم، گەرمایی خزایە ناو دەمارەکانم و دەست و لێوم گەرم داهاتن. ئەمجارەیان لامکردەوە، ئازایانە لامکردەوە و لێمڕوانی... نا، لێیوردبوومەوە. لێیوردبوومەوە. ئەو هەروا دانەکانی جیڕ کردبووەوە.

ئاشنایانە لێمڕوانی... ئەم دەموچاوەم لە جێگایەکدا دیبوو... دڵنیا بووم ئەم جۆرە چاو و دەم و لووتە و ئەم تەرزە پێکەنینەم پێ نامۆ نەبوو... زۆرم دیبوو. زۆر، زۆر، بڵێی ئەم دەموچاوە ئاشنایە کێ بێ؟ کێ؟ جارێکی تریش لێیوردبوومەوە. ئەمجارەیان ئاشنایەتییەکە بوو بەنزیکایەتی هەستم کرد ترسەکەم خەریکە تۆزێک سووک دەبێ. دەڕەوێتەوە... نا خەریکم

خۆشمدەوێ. دەستم بۆ برد... لە شانییەوە دەستمپێکرد... ئینجا یەکدوو تاڵم لە قژەکەی گرت... نەرم بوون... نەرم و خاو... وردە وردە هەڵکشام... دەستم بەتێکڕای قژەکەیدا هێنا. قژەکەی ئەوەندە ڕەش و نەرم و نماوی بوو، بۆنێکی خۆشیشی لێدەهات، هێشتا بۆنی شامپۆکەی لێدەهات کە نیوەڕۆ سەرم پێشتبوو. دیسان موچڕەکەم پێداهاتەوە بەڵام لە قژەکە و بۆنی شامپۆکەش زیاتر چەناگەی دایچڵەکاندم. چەناگەی تۆزێ بەرەو لای لێوی خوارەوەی هەڵبڕا بوو. دەستم بۆ برد هەروەکو چۆن ئەو دەستی دەبرد بۆ چەناگەم و هەڵیدەبڕی. لە چاوەکانیم ڕوانی... لە بزەکەی وردبوومەوە... بزە نەبوو، پێکەنینیش نەبوو... هەروا دانەکانی جیڕ کردبۆوە، زۆر جار کە تورەی دەکردم دەیوت... تۆ نە بزە دەتگرێ، نە قاقا لێدەدەی، تۆ دان جیڕ دەکەیتەوە.

دەستم برد بۆ دەم و چەناگەم، چەناگەم نەبوو... دەمودانیشم دیار نەبوو، بەدەوری خۆمدا خولامەوە. هەردوو دەستم بەرز کردەوە تا لامل و پەنا گوێچکەم و لاجانەکانم لەمس کەم... نەبوون... هیچیان دیار نەبوون. شڵەژام... دنیام لێ تاریک بوو، هەروا بێسەر چوومەوە لای سەماوەرەکە... چایەکە دەمی کێشابوو، دەستم لەرزی، ئەویش هەروا لە پەنای سەماوەرەکە، دانیشتبوو، قژی بۆنی شامپۆکەی لێدەهات... دانەکانی جیڕ کردبۆوە... خەریکبووم بقیژێنم... ئەو بەهەمان شێوە و شێوازی ناو وێنەکەوە... بەهەمان هەڵبزرکاوییەوە هات و ئەوی لە پەنای سەماوەرەکە هەڵگرت و خستییە جێی سەرە گومەکەی من... ڕێک بەئەندازەی بوو... هەر خۆی بوو، ویستم دەستی بۆ بەرم، لایبردەوە. گرتی بەدەستەوە و لە موبەقەکە چووە دەرەوە... قیژاندم. داوای سەرەکەمم کردەوە، ئەو هەروا لە ناو وێنەکەدا بەدیوارەکەوە خەریکبوو پێکەنینی لێبپڕژێ. بەهەمان شێوەی وێنەی ناو ئەلبومەکە لە چوارچێوەکەشدا خۆی بەلای چەپدا لار کردبۆوە. وەک بلێی پاڵیدابێ بەدرەختی گریانەوە.

***



گەڵا... گەڵا... گەڵا... گەڵاکان نیوەیان زەرد و نیوەکەی تریان وەکو ئاگر داگیرسابوون، لە لکەکانەوە ڕژانە بەردەمم... موچڕکێک لە پشتم گەڕا... سەرمام بوو... دەستەکانم بەسەر وێنەی سەر کێلەکەوە ڕچیبوون. مێرووڵەکان وەک ئەوەی پاییز هەڵیبرببێتن، بەپەلە پروزێ ڕێچکەیان بەستبوو، بەرەو شاری پەنای کێلەکەی ژوور سەرت... سەرم نا بەکێلەکەوە و وتم: هاتووم، جێی سەرەگومەکەم خاڵییە... هاتووم... کەچی ئەو هەر خەریکبوو پێکەنینی لێبپڕژێ و خۆشی بەلای چەپدا لار کردبۆوە.

٢٠٠١

# پانچا(*)

بۆ یادی بیژەنی نەجدی و چیرۆکی
سوورپێستێک لە ئاستارا

زەردەپەڕێکی نارنجی
ڕێژنەی لاوک و حەیرانێک
گوێزی کەللەت هەڵدەپێچێ و
دیواری پانچا شەق دەبات
ناو جانتاکەم پڕ دەبێ لە بۆنی گژوگیای
ڕەش داگەڕاوی گوندەکەم
گژوگیایەک ماراجینما(**)-ش ناویان نازانێ

پەروانە... چۆنی؟ لە چیای؟ چی دەنووسی؟ لە دەوری عەتری کامە یادگاری ناو بێستانە چاپییەکانی شارەکەت هەڵدەپرووکێی؟ لە کام باخی مەینەتیدا شوێن هەناسەی سوار و زامداری گوڵێک کەوتووی و پەڕەکانی دەخوێنیتەوە؟ ئاخۆ ئێستا لەو باڵکۆنە شینەوە زەردەپەڕی چەندان خەونی ئاشوفتە و هەڵبزڕکاو کۆکەیتەوە؟ ئاخۆ چەندین حەسرەتی وێناویت لە پەراوێزی یادداشتنامەکانی دڵتدا کەڵەکە کردبێ؟

پەروانە بنووسە... بەگێراوەی ناو پانچاکەی بەردەمت خەونی پەپوولە بنووسە، بەنووکی قەڵەمەکەت ئەوەندەی خاڵێکی بچووکی سەر شووشەی پەنجەرەیەکی داخراو لەو گیراوەیە بتکێنە قوڕگی ماسی سەر ئاوکەوتووی



خەونی قەیرە کچێکی دوای ئەنفال.

پەروانە بنووسە. دەفتەران ڕەش کەرەوە. لاپەڕە دوای لاپەڕە هەڵبدەرەوە. ئەم ئێوارەیەشم بۆ یادداشت بکە. ئەم ئێوارەیە ڕێک وەکو ئێوارەی بەر لە کارەساتەکە و ئێوارەی کارەساتەکە و دەیان ئێوارەی دوای کارەساتەکە داچڵەکیوم. ئەم ئێوارەیە لە دەرگا و پەنجەرە و درز و دەلاقەوە کە دوور بخرێتەوە دەڕوانم، لە بەردەم هەر ماڵێکی ئەم کۆڵانە پەرپووتەدا باوەشێ زەردەپەڕی نارنجی، نارنجییەکی تۆخ، تۆخ، ئەوەندە تۆخ لە ڕەش دەچێ لێی کەوتووە.

تۆ چاک دەزانی من چەندە لە زەردەپەڕی وا ڕەش دەترسم. دوێنێ تێکڕای ناو شار و بازاڕەکان گەڕام پانچایەکم وەگیر نەکەوت. ئاخر ئێستا لە سەرجەمی ماڵەکانی لای ئێمەدا، لەسەر مێز و لەسەر تاق و لەمبەر و ئەوبەری تەلەفزیۆن و لە دالآن و ناو حەوشە و سەر ڕەفەکان و کتێبخانەکاندا هەر پانچایە و پانچایە و پانچا.

***

هەموو ڕۆژێک فێنکایی ئێواران تا خۆر ئاوابوونێکی درەنگ خۆی و قورسایی ڕۆژەکانی بەشان و قۆڵی کورسییە درێژکۆلە سەوزەکەی باڵکۆن دەسپێرێ. ئەویش بەڕەزامەندییەوە شان و قۆڵی بۆ لار دەکاتەوە و لە ئاوێنەی کەزی شۆڕی درەختەکان و وردە دەماری شینی گەڵاکاندا گوێڵ گوێڵ سەوزایی ڕۆژانی لاوێتی خۆی نیشان دەدا. جاران، تا لە نهۆمی یەکەمدا بوو ئەم کورسییە درێژکۆلەیەی لە حەوشەکە و نزیک بەباخچەکە و گوڵە نازنازەکان دادەنا. خانم لە نێوان نەردەکانی باڵکۆنەکەوە چاوی لە نازنازەکانە چۆن لەگەڵ دوورکەوتنەوەی هەنگاوە سەنگینەکانی هەتاودا پەڕەکانیان سیستر و چاوبڕکێیان کزتر دەبێ و دڵی ئەمیش تەنگتر.

– تۆش حەز بەگوڵە نازناز دەکەی؟

لای نەکردەوە بۆ دەنگەکە و نەشیزانی ئەو خانمە کەی و چۆن هاتووەتە

هاوشانی و لایەکی کورسییە سەوز و درێژکۆلەکەی لێداگیر کردووە، خۆ چاویشی لێنەبووە لە پلیکانە ئاسنینەکەی لای چەپی باڵکۆنەکەوە بێتە سەرێ.

– عاشقیانم، تاقانە گوێگرێکی داستانی ڕۆژانەی منێ و وەڕس نابن. قەیرێک بێدەنگ بوو، بێدەنگییەکی تاڵ و گران، وامزانی ڕۆشتووە، هاتم لاکەمەوە و بڵێم هاسکە هاسکی کۆتری سنگتم پێ ئاشنایە خانم. دەڵێی دەمێکە گیرۆدەی پەلەپیتکە و دار و لاستیکی ڕاوچییانی. خانم دەستی ڕاستی توند گرتبوو بەدەمی کۆترە ماندووەکەی ژێر مەمکی چەپییەوە و دەستی چەپیشی بەپەرژینە ژەنگاوییەکەی پلیکانەکەوە و خەریکبوو دەچووە خوارەوە. لەسەر پلیکانی دووەم یان سێیەم لایکردبووەوە. هاتبوو تفی حەسرەتێک قووت بدا لێو و چەناگەی کرژ ببوون و دەلەرینەوە. ئاوازی ئەو حەسرەتە دەمێک بوو لە ژێر پێست و هەستی خانمدا کپ و بێدەنگ بوو و، چاوەڕێی درزێکی دەکرد دزە بکات و ڕەها بێت... ڕەها بێت و چل و شەش جار خۆی بدا بەدار و درەخت و نازنازدا، لەوانیش گرنگتر خۆی بدا بەدەفتەری بیرەوەرییەکانی و شووشە بچووکەکەی پەنای تەلەفزیۆنەکەدا... لەسەر هیچ کام لە پلیکانەکان نەوەستا، بەڵام لە هەموویاندا لای دەکردەوە و شتێکی دەوت.

– حەزم دەکرد کە دێم گوڵدانێکی پڕ لە نازنازت بۆ بێنم، بەڵام تازە سەرەتای پاییزە و ئاخر و ئۆخرێتی. خانم لە نێوان ئاشنایەتی ئەم دەنگە و ئەم بەژن و باڵا و لەشولار و دەموچاوەدا حەپەسا بوو. ئەو چەپکێ قژی خورمایی خاو و درێژی هاویشتبووە سەر بلووزێکی پیازیی سادە و پانتۆڵێکی شارلستۆنی ڕەشیشی لەپێکردبوو. تەنکە ئارایشێک و ناز و ئەتواری ناسکە ژنێکی بیست و پێنج ساڵە لە ژێیەکانی قورگیدا دەلەرییەوە و گاڵتەی بەڕۆژگار و بەسەرپۆشی سپی و عەینەک و کراسی چویتییەوە دەکرد. خانم بۆی نەدەخرایە سەریەک، ئەم دەنگ و ڕەنگە و ئەم دەموچاوەی لە کوێ دیوە. ئەم ناسیاوییە لە کوێوە سەرچاوەی گرتووە وا



ئەوەندە بێپەروا خۆی گەیاندووەتە ئەم و بێباکانە لەگەڵیدا دەدوێ. پلە بەپلە دەچمە خوارێ و هەر ئاوازی دەنگم دەتگاتێ و لە قسەکانم ناگەی، وەکو ئەوەی لە ژێر ئاوەوە بۆت بدوێم خانم...

تۆ دەنگ هەڵدەبڕی:

– تێت ناگەم خانمەکە، ئەم بڵمە بڵمە چییە؟

چریسکە و کەروێشکەی قژە خورماییەکەشی وردە وردە دوور دەکەوتەوە و لە بەرچاوی تەڵخ و تاریک دەبوو، بەڵام چاوی لێ بوو، کوڕێکی ڕەشتاڵەی کەڵەگەت. باریکەلە و چاو و برۆ ڕەش. پشتێنێکی پان و کڵاوێکی بەڕووتی لەسەرە و جامانەکەشی کردووەتە ملی، دەگاتە لای دوایین پلە، چەپکێ گوڵەباخی سپی و ملێ شیلان و دیوانەکەی مەولەوی دایێ.

قۆڵی کرد بەقۆڵیدا و خەریکبوو لە دەرگاکە دەچوونە دەرەوە. خانمەکە لایکردەوە و تامەزرۆییانە سەیرێکی باڵکۆن و گوڵە نازنازەکانی کرد و دەستی بەرز کردەوە و ماڵئاوایی کرد. خانم دوو دڵۆپ فرمێسکی گەورە کەوتنە ژێر چاوی.

***

دەبووایە بەلای شانی چەپی کانی ژناندا و بەو هەورازەدا هەڵگەڕێی تا بگەیتە بەر مزگەوتی دێ. ئەمە ئەگەر لای ماڵی ئێمەوە بچوویتایە... دەڵێم ماڵی ئێمە کە هەر تا ئەو ڕۆژە ماڵی ئێمە بوو، دوایی لە کۆمەڵێ کوچک و کڵۆ و مشتێ وردە ئاسنی تواوە و شووشە زیاتر هیچی ترت نەدەدی یان دەتوانم بڵێم دێ بەتەواوەتی لە پاشماوەی شارێکی کۆنینەی مێژوویی دەچوو ئەگەر ڕەشایی دووکەڵ و بۆچەکی پێستی هەڵقرچاو و کرچە کرچی دەسەکی وشکی ماڵان نەبووایە. چۆڕاوگەی سوێراوێک لە چاو و لووتمەوە بەرەو ژێر چەناگەم ڕێچکەی بەستبوو و، من سەرم نەدەپەرژایە خۆم. دیار بوو شڵەژاوانە وەک زۆر ژن و پیاو لەو زەردەپەڕەدا منیش شوێن خاڵە مینە

کەوتبووم و لەو ئەشکەوتانەی سەرەوە بەرەو ناو گوند داگەڕابووین، تا لە حاڵ و ئەحواڵی دەروجیران و کەسوکارەکانمان وەئاگا بین. خەڵکەکە لە ڕاکە ڕاکێکی بێهودە و بێدەنگدا بوون، کەس کەسی نەدەدوان یان هیچیان بۆ دواندن نەبوو، هەر کەسێکت دەدی یان خۆی دەدوان یان ونبووەکەی.

هەنکە هەنک بەسەر ئەو کەڵەکە بەردانەی گوایە تا ئەم بەیانییەش لاشانی چەپی کانی ژنان بووە سەرکەوتم. لرخەی هەناسەم لە ترپەی پێم بەدەنگتر بوو، یان لەو ڕۆژەدا هەر لرخەی سنگ و مشەی هەناسە بوو جێی بەدەنگی پێ لەق دەکرد. دەعبایەک وەک پارچە گۆشتێکی سوور کەوتبوو، هیچ کوێی لە گیانلەبەر نەدەچوو، کە لێی نزیک بوومەوە بەهەزار فەلاکەت هەستا و قاچە سووتاوەکەی بەرز کردەوە و بەحاڵ میاواندی، ئەوسا زانیم ئەمە پشیلە سپییەکەی خۆمانە، لەولاتریشەوە سەگە بۆر چاوێکی ببوو بەچاڵی خوێن و ئەویتریشیان بەحاڵ کرابووەوە. زوخاو و وردە پێستی سووتاو و خوێن لە ژێریدا پەنگی خواردبووەوە. زۆر خەمناکانە دوا قروسکەی کزی بۆ هەمیشە هاویشتە سووچێکی خەزێنەی دڵمەوە. من لەو زەردەپەڕەدا چیم پێدەکرا پەروانە؟ تێکەڵاوی هەڵپەی بێدەنگی خەڵکەکە ببم یان خۆم ونبووەکەم بدوێنم... نازانم پەروانە لە کوێوە... لە ژێر دار و پەردووی کام ماڵە سووتاوەوە یان لە پەنای کام کەڵەکە بەردەوە پووره ئاهو پەیدا بوو. ئەو هەمیشە لەو شوێنەدا و لەو کاتەدا کە بیرت لێ نەدەکردەوە دەردەکەوت، هەروا قورس و قایم و مەنگ... پاک و تەمیز و سەر و سەرپۆش سپی و ڕێکوپێک بەڵام خەمین وەکو ئەوەی لە ژێر لێوەوە ویرد بخوێنێ هەنگاوەکانی ئارام و گران بوون دەتوت دڵی نایە پێ بنێتە سەر کوچک و کوڵۆکان نەکا برینی سەر سنگی لاوێک قووڵ بکاتەوە یان خەوی نۆبوکێک بزڕێنێ.

تۆ ڕەنگە بپرسی ئەم پووره ئاهووە کێیە کە لە زۆربەی لاپەڕەکانی دەفتەری بیرەوەرییەکەمدا وەکو فریشتە لەپڕێکدا و لە کاتی پێویستدا حزوور پەیدا دەکات. وای وای کە ئەمجارەیان پێویستییەکی ترش و تاڵ و



دڵتەزێن هەڵیتۆقاند. پێویستییەک کە قەت دڵم پێوە نەبوو پێویست بێت. گوایە بەرەبەیانێکی فێنکی مانگی گوڵان دەبێ و ساڵێش ساڵی ١٩٧٤ و دوای بۆردوومانی قەڵادزێ، پووره ئاهو لەم گوندە و لەبەر مزگەوتدا سەر دەردێنێ بێئەوەی کەس چاوی لێبووبێ لە چ لایەکەوە هاتووە و بەچی هاتووە، هەروەکو ئێستا پاک و تەمیز و سەرپۆش سپی. ئارام و لەسەرخۆ سەلارەژنێک بەو بەرەبەیانە لەبەر حەوزەکەی مزگەوتدا سەوز دەبێ و دەستنوێژی بەیانی دەگرێ. مەلا و پیاوانی لێ کۆ دەبنەوە، ئەو ئارام و لەسەرخۆ بەڵام جەربەزانە قسەیان بنەبڕ دەکا:

– چ تەوفیری هەیە کێ بم و لە کوێوە هاتبم؟ پێتان خۆشە لە ناوتاندا بم چم لێ مەپرسن، دەنا ماڵتان ئاوەدان بێ. لەو کاتەوە کەس هیچی لێنەپرسیوە و ژوورێکیان لە پەنای ماڵی خاڵە مینەدا بۆ ساز کردووە. لەوساوە ئەو مەحرەمی ڕاز و نیازی خەڵکی گوندە و ماڵەکەی مەڵبەندی کۆبوونەوە و بیرورا گۆڕینەوە بووە. پووره ئاهو پووری هەموومانە. برینەکانمان لای ئەو ساڕێژ دەبێ و نەخۆشمان لەسەر دەستی ئەو چارەی دێت. شاسوار لە زمانی مامۆستا مەلا ساڵحەوە ئەمانەی بۆ گێڕامەوە.

چاوانی پووره ئاهو پەروانە، ئاوێنەیەکی سەوز بوو نەک هەر خۆم بەڵکو ڕازی گوڵە نازنازەکانیشم تیا دەدی... حەکیمێک بوو. هەر کاتێ تاسە و تامەزرۆیی زوڵفە تەڕەکەی دایکم و باڵکۆنە سەوزەکە و گوڵە نازنازەکان چنگیان لە ڕۆحم گیر دەکرد و دەبووم بەمەنجەڵی سەر ئاگر و دەکوڵام خۆم دەگەیاندە ژێر ساباتی دەستە نەرمەکەی و ڕۆحم بەسۆزی دەنگی و بەو گشتە ویرد و سەرگوزشتە و بیرەوەرییانە سوکنایی دەهات... پووره ئاهو شنەی شەماڵی قرچەی نیوەڕۆیەکی هاوین بوو. من دڵنیام، ئەو نهێنییەی ڕۆحی من بەرەو لای ئەو دەکێشێ، ڕۆحی ئەویش بەرەو لای من دەکێشێ و نایدرکێنێ، ئەمەم لە چاوانیدا دەدی پەروانە...

من هەر ئەو ئێوارەیە و نازانم چۆن پووره ئاهو-م لێگوم بوو. ئەو

زەردەپەڕە تاریکە و ئەو حزوورە ترش و تاڵە... هەر ئەو جارە پوورە ئاهو-م دیوە بگری.

ئەو ئێوارەیە ئەم پانچایە و ملێ شێلان و دیوانەکەی مەولەوی دایە دەستم. لەگەڵ دەیان پانچای تردا بوو. پێی وتم: چەپکێ لە قژە ڕەشەکەی شاسوار و مشتێ لە خۆڵی ماڵەکەتە، بیبە و بڕۆ... ڕانەوەستی... لێرە بڕۆ... توند و بەرز و فەرمانئاسا ئەم دوو ڕستەیە دوایی پێ وتم. من هێزی پێم نەبوو بڕۆم. کاس ببووم، هیچم نەدەبیست. بەڵام ئەو لەبەر خۆیەوە و بەگریانەوە دیار بوو شتی تری دەوت. ئێستا وەکو دەنگێکی دوور هەندێ وشەم بیر دێتەوە کە نازانم چۆن لەو حاڵەتی کاس و وشکبوونەمدا ئەوانەم لێبیستووە. دەیووت: ئەوانەی بەکەڵکی ناشتن دێن وا لەو دۆڵەدا خەریکن کفنیان دەکەن و بەخاکیان دەسپێرن. ئەوانەشیان کە هەر تەنیا نیشانەیەکیان لێماوە ئاوا دەیانخەنە پانچاوە و دەیاندەنەوە دەست کەسوکاریان... پەح ح لەم یادگارە...

نەمزانی چۆن ئەو ئێوارەیە لێک گوم بووین، وا دیار بوو سامناکی کارەساتەکە و ئەبڵەق بوونم لە بینینی پانچاکە هۆشی ئەوەی لێسەندم کە بزانم چیدەکات و بۆ کوێ دەچێ. من پێم وابوو ئیتر بۆ هەتا هەتایە ئەویشم وەکو شاسوار لە کیس چووە، بەڵام بڕوا بکە پەروانە. لەو کاتەوە تا ئێستا، هەموو شەوێک لە ناو مشتە خۆڵەکەی ناو پانچاکە و چەپکە قژەکەی شاسوارەوە دێتە دەرێ و تا بەرەبەیان سەرگورشتە و ئەفسانە و بیرەوەریم بۆ دەگێڕێتەوە.

ئەمڕۆش وا لە پاش چواردە ساڵ و لەم زەردەپەڕەدا پەروانە، لە ڕۆژنامەیەکدا ئەمە دەخوێنمەوە: دوای کیمیاویبارانی هەڵەبجە سەلارەژنێکیان دیوە قورس و سەنگین، پاک و تەمیز، سەرپۆشی سپی و ئاوێنەی سەوزی چاوەکانی ڕازی هەزاران گوڵەباخی سپی لە پشتەوە بوو، هەر دەڕۆشت و لەبەر خۆوە ویردی دەخوێند. لە تورەکەیەکدا هەزاران



پانچای پێبوو... لەسەر هەر کەلاوەیەک یان کەڵەکە بەردێک یان لەتە دەرگایەک پانچایەکی دادەنا و دەڕۆشت...

توخوا پەروانە ئەمەیان وەکو ڕاستییەک یادداشت بکە وەکو ڕاستی نەک وەکو درۆکانی ناو چیرۆک.

پاییزی ٢٠٠١

---

(*) پانچا: جۆرە شووشەیەکە تۆزێ لە لێوان گەورەترە و سەرێکی فلزیشی هەیە، هەروەکو شووشەی دەرمانی کۆکە (ئەکسپکتۆرانت).

(**) ماراجینما: پاڵەوانی چیرۆکی «سوورپێستێک لە ئاستارا»یە.

# ئاشتی

سستەری نەخۆشخانەکە وتبووی، کە هێنابوویان لەرز و دانەچۆقەی دەگەیشتە ئەوسەری ڕاڕەوەکە، کەچی تا ئەیسووتاند، ناوچەوانی تەنوورێکی داگیرساو بوو. سەر کولّم و ناو چاوەکانی سوور ببوونەوە. وتبووی ژن و پیاوێک چووبوونە ژێر باڵی و پێیەکانی بەسەر زەویەکەدا کێشرا بوون، ئەوان یانی ژن و پیاوەکە تا بەردەم مێزی پزیشکەکە هێنابوویان و ئیتر گوم ببوون. نەرمە کۆکەیەکی بەردەوام لەتێکی گەورەی لە هەناسەی خنکاندبوو و ئەم پێی وابوو هەوای دنیا کەم بووەتەوە و بەشی سییەکانی ناکات، بۆیە پەیتا پەیتا دەستەسڕە خووساوەکەی ناو دەستی دەمژی و هەوای بۆ سییەکانی قەرز دەکرد. وتبووی کەس نەیزانیوە چەند سەعات لەبەر باراندا بووە، کە بەدالآنەکانی نەخۆشخانەکەدا هێنابوویان ئاو لە دامێنی کراس و دەرەلنگی دەرپێکەیەوە جۆگەلەی بەستبوو، پێلاوەکانی هەر تاکێکیان کاسەیەک ئاوی تێدا بوو و فلّقەیان دەهات. لە ژوورە گەرمەکەدا ئاو هەلّم بووەوە و ئەمی تێدا نوقم بوو. دانەچۆقەکەی زیاتر بوو. سەرما توندتر مۆخی ناو ئێسقانەکانی گوشی. سییەکانی هاواری هەوای تریان کرد. ئەم بەئاستەم دەستەسڕە خووساوەکەی بۆ لای دەمی بەرز کردەوە. کە لەسەر تەختەکەش ڕامانکێشا، هەروا پچڕ پچڕ وڕێنەکانی دووپات دەکردەوە:

هەورە دوورەکان چاویان لێبوو عەباس بەدوای پۆلیسەکاندا هەڵدێ. پۆلیسەکان ئاشتی-یان برد. من تەنیا بوومەوە: هەورەکان هاتنە خوارەوە... هاتن... هاتن... ماندوو بوون. عارەقیان دەردا... هاتن. لە ئامێزیان نام. بەعەرەقی خۆیان دایانپۆشیم... پۆلیس... ئاشتی... دەستەسڕەکەی ئاشتی.



لێڵ و وێڵ لە درزی پێڵوومەوە ڕیشاڵێ ڕووناکی نیوڕۆخی سستەرەکە نیشان دەدا. لە نیوڕۆخیشیدا لێوی لە هەموو جێیەکی گەورەترە و پەلە پەل دەبزوێ. پچڕ پچڕ وەکو دەوەی دەنگێک لە ژێر ئاوەوە بێت گوێم لە دەنگی خالیدە بەسستەرەکە دەڵێ:

– ئەی چۆن نایناسمەوە، خوشکمە، ئەگەرچی زۆر گۆڕاوە، لەگەڵ عەباسدا مامۆستای گوندەکەی خۆمان بوون. عەباس ماڵە دێرینەکەی خۆیانی کردبووە قوتابخانە ئاشتی-ش کە بەدەم وڕێنەوە ناوی دەبات کچێتی. بەلاّم خۆ ئەوان سالێ زیاترە لەگەڵ سەدان کەسدا بێ سەروشوێن کراون، چۆن لێرەوە سەری هەڵداوە. ڕیشاڵە تیشکەکە دەخزێتە ژێر پێڵوومەوە و خەریکە لە ناو بازنەی دووکەڵێکی دووردا لێم گوم بێ. من هەنکە هەنک بەناو دووکەڵەکەدا شوێنی دەکەوم و لەگەڵیدا دەروازەی گەورە ماڵێک دەکەینەوە. من تێکەڵ ژاوە ژاوی منالەکان نابم، هەرچەندە بانگیشم دەکەن، دەچمە سەر وەختی پیرە درەختەکەی حەوشە و خۆم بەلق و پۆپەکانییەوە هەڵدەواسم. دەست بۆ سەوزایی خەونەکانم دەکوتم. دایکم تاکێکی پەنجەرە دارینەکەی دیوەخانەکە دەکاتەوە و لەگەڵ بۆنی حەوشە و بانی ئاوڕشێن کراودا هەرام لێدەکات:

– ئەوە دیسان بەدرەختەکەدا هەڵگەڕای. ناترسی هێلانەی چۆلەکەکان تێکدەی؟

عەباس بەهاوارەکەی دایکم دەشڵەژێ و دێت بلّێ:

– ئامۆژن خەتای من بوو. بەلاّم لە شەرماندا هەڵدێ و ئیتر شانێک نامێنێ قورسایی ڕۆژەکانم هەڵگرێ. خالید-ی برام بەهەڵەداوان لە ژوورەکە دەردەپەڕێ و دێت باوەش دەکات بەهەردوو قاچمدا و دامئەبەزێنێ.

چەند ساڵ دواتریش لە شەوی بووک و زاوایەتیماندا عەباس یادی ئەو هەلآتنەی خۆی دەکرد و پێدەکەنی... من هەر ئەو شەوە بەعەباس-م وت: با

درەختێک لەم حەوشەیەماندا بنێژین. عەباس پێکەنی و وتی:

– هەر کاتێ حەزت کرد بەدرەختدا هەڵگەڕێی ئەوە ئەودیومان ماڵی باوکتە، بچۆ لەوێ بەپیرە درەختدا هەڵگەڕێ. وتم، نا من هەر حەز بەسەوزایی دەکەم... ئەویش وتی: منیش هەر لە منالییەوە خەونم دەدی ئەم ماڵەمان ببێ بەقوتابخانە و منالان لە ناو حەوشەکەیدا ڕاکە ڕاک بکەن و خۆم و خۆت مامۆستایان بین. ئەمە خۆزگەی دێرینەی هەردووکمانە وا هاتووەتە دی.

من هەروا بەناو لق و پۆپەکاندا دەست دەگێڕم. گەڵاکان بەدەم نیڵەی ئاگرەوە یەکە یەکە قاوەیی دەبن و پاشان خۆڵەمێشی. هەندێکیان یەکسەرە لوول دەبن و دوای تۆزێک دەبنە خۆڵەمێشێکی لوول کراو. گوند سەراپای جەهەنەمێکی داخراوە. گێژەڵۆکەی ئاگر و چەرە دووکەڵ ستوون ستوون بەرەو ئاسمان ڕێچکە دەبەستێ. عەباس خۆی ڕادەپسکێنێ و بەرەو خەونە سەوزەکانی من هەڵدێ. گوێم لێیە لەگەڵ دوورکەوتنەوەیدا قرچەقرچی دەسەکی ماڵان لە ناو پەراسۆکانیدا دەنگ دەدەنەوە.

من و ئاشتی و حەشاماتی گوندەکەمان دەستی بۆ ڕادەتەکێنین. دەقیژێنین، قیژەمان لەگەڵ پێچکەی زیلەکاندا خولێک دەدا و خامۆش دەبێ. عەباس دەبێ بەڕیشاڵێکی خۆڵەمێشیی ناو ستوونێک و پاشان دەبێ بەخاڵێک بەناوچەوانی ئاسمانەوە. لە پاش چەند سەعاتێکیش دڵنیام، لە گوند و لە عەباس و قوتابخانە و پیرە درەخت خەرمانێک خۆڵەمێش تێکەڵ بەخامۆشی شەو دەبێ.

دەزوولە تیشکەکەی ژێر پێڵوم لە ژێر خۆڵەمێشی خەونەکانەوە دێتە دەر و ئەمجارەیان لە نێوان دوو میلەی ئاسنینی پەنجەرەیەکی چوارگۆشەیی بچووکی هۆڵێکی گەورەوە خۆی نیشان دەدا. هۆڵ دەڵێی ڕۆژی حەشرە. قیژەی منالی برسی و لوورەی ژنان و کۆکە کۆک و نکە و ناڵەی پیر و نوزەی نەخۆش، تێکەڵ بەبۆنی میز و عەرەق و چڵک و چەوری و دەیان



جۆر هەناسە دیمەنی گوند و تێکڕای ئەودیوی هۆڵەکەمان هەزاران فەرسەخ لێدوور دەخاتەوە.

من و ئاشتی بێدەنگ لە سووچێکدا خۆمان گرمۆڵە کردووە. من هەر لێوم دەکرۆژم و ئاشتی زیاتر خۆیم پێوە دەنوسێنێ. پەیتا پەیتا چاوی من و چاوی خۆی بەدەستەسڕەکەی دەسڕێ. هەندێ جار توند بۆنی دەکات و دەڵێ بۆنی باوکمی لێدێت. دەڵێ:

بەقوربانی باوکم بم. ئەمەی لەگەڵ دەستەیەک تەوقە و شانەیەک و شووشەیەک عەتر و چەند کتێبێکدا لە شار بۆ هێنام و لە ڕۆژی لەدایکبوونەکەمدا پێیدام. من هەموویانم خۆش دەویست بەڵام ئەم دەستەسڕە نەبێ ئەوانی تر لەگەڵ جانتای کتێب و ڕاکە ڕاکی منالانی ناو قوتابخانە و قرچەی پەراسۆکانی باوکمدا بوون بەخەرمانی خۆڵەمێشێکی گەورەی بیرەوەری. ئاشتی چەند جارێک ئەم بیرەوەرییەی گێڕایەوە، ویستم بڵێم دەزانم، هەموو ئەوانەی دەیڵێی دەیانزانم، بەڵام نەموت. بێدەنگ گوێم لێگرت.

خالید لە وەڵامی پرسیارێکی سستەرەکەدا وتبووی، ئەوان پاش حەوت ساڵ ژن و مێردایەتی ئاشتی-یان بوو، زۆر زۆریان خۆش دەویست. ئاشتی-ش نەک سیانزە هەژدە نۆزدە ساڵانێکی دەنواند. کەڵەگەت و ئێسقان پان، سەوزەیەکی چاو گەش و دەم و لووت قنج. خوێن شیرین و دەم بەپێکەنین بوو. هەموومان زۆرمان خۆش دەویست. باوکی هەمیشە پێی دەوت:

– سەوزەی گەرمیانی، بەم هەموو جوانییەوە چەند ساڵێکی تر زۆرم دەردەسەر بۆ دروست دەکەیت...

من سەیری ئاشتی دەکەم، بریسکەی چاوی کزتر و ڕوومەتەکانی بەسوێراوی فرمێسک چرچ بوون، ڕەنگی هەڵبزرکاو و لێوە لەرزییەتی... دڵۆپ دڵۆپ ترس لە ئازای دەتکێ و من بەقەڵا دەزانێ و دەخزێتە

پشتـمـەوە. وەی لەو لچ شۆڕ و چاو دەرپۆقیـو و پێست ڕەشە چۆن بەچاو هەمـوومـان دەپشکنێ. دەڵێی بۆ مـووروی بەخـتی دەگـەڕێ. حـەیزەڕانە کورتەکەی دەستی ڕاستی ئارام ئارام دەکێشێ بەناو لەپی چەپیدا و سەر ڕادەوەشـێنێ. تەنیـا ئەو کـاتەی نیگای ڕەش و چڵکنی دەکـەوێتـە سـەر ئاشتی بزەی دێتێ. بانگی لێ دەکا. منیش و ئەویش خۆمان گێل دەکەین و سـەیری دەوروبەرمـان دەکـەین، بەڵام لچ شـۆڕە تێـمـان دەخـوڕێ و هەردووکمان هەنگاوێک دێینە پێشەوە. دانیشتوانی ناو هۆڵەکە دوو دوو سێ سێ خۆیان گرمۆڵە دەکەن. حەسەنی ئامۆزام و ئارام–ی کوڕی ئەبلەق ئەبلەق سەیرمان دەکەن و پەڕەی لووتیان کەوتووەتە هەڵبەز و دابەز. ئەو دێتە پێشەوە و دەستێکم تێوەدەنێ و دەڵێ تۆ. نا... من توندتر دەستی ئاشتی دەگرم. دەقیژێنم. دەڵێم: نایەڵم بیبەی. ئاشتی توولە نەمامێکی بەر ڕەشـەبایە و لە هەمـوومـان دەڕوانێ. دەسـتی بەرنادەم. ئەو دەسـتـەی دەسـتـەسڕەکـەی تیـایە. لچ شۆڕەش دەسـتـەکـەی تری ڕادەکـێشـێ. توند ڕایدەکـێـشێ و دەستی لە دەسـتم دەترازێ و دەسـتـەسڕەکـە دەکـەوێتـە نێوانمانەوە. من دەقیژێنم و ئارام بەهانامەوە دێت. ئەو توندتر ڕایدەتەکێنێ و دەسـتـەسڕەکە بەدەستی منەوە جێ دەمێنێ و لە ناو درزی دەرگـاکـەوە دوایین هاواری دەبینم دەڕژێتـە ناو گـۆمی خـوێنی ئارامـەوە و دەبێـتـە دەڵەمـەیەکی گـەورە. دەڵەمەکـە تا دێت لەبەر دیدەی مندا گـەورەتر دەبێ و تێکڕای ڕاڕەو و حـەوشـە و ژوورەکـانی زیندانەکـە دەتەنێ، بەڕێوەبەر و کارمەند و ئەفسەر و پۆلیس جێ بەخۆیان ناگرن و نازانن بەکوێدا هەنگاو هەڵهێنن و لە کوێوە دەرپەڕن، من پێیان پێدەکەنم. قاقا لێدەدەم. قاقاکەم لەگەڵ دەڵەمەکەدا ژووراوژوور شوێنیان دەکەوێ. خالید دەستی بردبوو بۆ دەستە نووقاوەکەی و سووچێکی دەستەسڕەکەی ڕاکێشابوو. سستەرەکە دەنگی هەڵبڕیبوو: خەریکە بەهۆش دێت... خەریکە چاو هەڵهێنێ.

وەکو ئەوەی لە خەوێکی قورس هەستابێتم... پێڵوم لێک دەترازێ... خالید و سستەرەکە لەبەر پێمدا وەستاون. پشتیان لە پەنجەرەیەکی



گەورەیە و من هەمـوویان تار دەبینم... پۆلیسێک دێتە هاوشانی خالید... دەبیینم بەزەردەیەکەوە وەکو هەواڵ پرسیم بکات و بییەوێ بڵێ هاتووم بۆ سەردانی هاوسەرە نەخۆشەکەم کە هاوژووری ئێوەیە. پۆلیسەکە وردە وردە لچەکانی ئەستوور دەبن و شۆڕ دەبنەوە. چاوەکانی دەردەپۆقن و پێستی ڕەش دائەگەڕێ. بەدار حەیزەڕانە کورتەکەی دەستی ڕاستی ئارام ئارام دەکێشێ بەناو لەپی چەپیدا و بەچاو دەمپشکنێ... من قاقا لێدەدەم. هەموو دادەچڵەکن. سستەرەکە وتبووی هێشتا تاکەی نەنیشتبووەوە، ڕاپەڕی و هاشاوڵی بۆ پۆلیسەکە برد. پۆلیس دەرپەڕی، ژنەکەی لەسەر تەختەکە کەوتە خوارەوە. من بەخالید–م وت: ژن و پیاوەکەی هێنابوویان لە بەردەرگا بەپاسەوانەکەیان وتبوو: نایناسین، لە ڕای خوا هێناومانە. دەڵێن لە شێتخانە ڕایکردووە و زۆریشی ڕق لە پۆلیسە.

# چەترێک لە شووشە
# چەترێک لە پەڕۆ

تۆش پێت وا نییە کە من هەمیشە مەتەڵ بووم... هەمیشە لە چاو دەستەخوشکەکانمدا شتێکی تر بووم. پێت وابوو، بەڵام ڕاستەوخۆ هیچت نەدەوت. هەندێ جار زۆر بنەوەشییانە سەیرێکت دەکردم و دەتووت: تۆ شاعیرانە دەژیت. نەتدەوت؟

من دەزانم نە ڕەفتار و هەڵسوکەوتی ئەوسام لە کچێکی عاشق دەچوو و نە ئێستاشم لە ژنێکی ئاسایی و دایکێک...!! من شتێکی تر بووم. دەمزانی... شتێکی نامۆم بەم کۆمەڵگایە... ئەوسا کە دەستەخوشکەکانم لە ژێر پەردەوە عەشقێنیان دەکرد و نامە و دیاری دڵدارەکانیان لە کەلێن و کولێندا دائەشارد، من بەڕۆژی ڕووناک و بەبەرچاوی دنیاوە بێ نهێنی و داشاردن سادە سادە لەگەڵ تۆدا دەچوومە وڵاتی پەپوولەکان و تێکەڵ بەگەشت و سووتانی بێبڕانەوەیان دەبووم. ئەوەی بۆم گرنگ بوو، تۆ و خۆشەویستی بوو، ئەویش لە ماڵێکی بێپەردەدا یان لە ژێر چەترێکی ئاوێنەییدا. بیرتە هەر دەموت: ڕقم لە پەردە و پەنجەرەی داخراوە. دەموت ئەگەر ماڵم ببێ پەنجەرەکانی بێپەردە دەبن نەکا خواوەندی عەشق بێت بۆ لام و لە پشتی پەردەوە شەرم دایگرێ... ئەوسا ئەو وتەیەم پێ هیچ بوو کە دەیووت عەشقی گەورە نادرکێندرێ. بەڵام ئێستا داستانەکە پێچەوانە و مەتەڵەکەش قوڵترە. ئێستا عەشقت دادەشارم. بەنهێنی، بەعەبا و پەچەوە دێمە سەر گۆڕەکەت. بووم بەنهێنی و مەتەڵ بۆ مەملەکەتی گۆڕستان و عاشقانی گۆڕستان. هەموو پێم دەڵێن ژنە نیقابدارەکە.



چەند شەرمەزارانە دێمە سەر گۆڕەکەت. هەنگاوەکانم بەدڵۆپەی شەرمێکەوە دەتوێنەوە، پەنجەکانم بەترسەوە لە مسی گۆڕی بێ کێل و نیشانت دەکەن... دەتدوێنن. من دەزانم هەر جارەی دێم چاوت لێمە چەند ئاشوفتە و ئاڵۆزاوم، لە خانەکانی دڵمەوە وەکو جاران لە لێوم نانواڕی... پشتم تێدەکەی... گاڵتەم پێ دەکەی... ئەگەر پێت بکرێ هەڵدەسیتە سەرپێ و بەدوو پەنجە وەکو پەڕۆیەکی پیس چمکێکی عەباکەم دەگری و لە خۆتم دوور دەخەیتەوە. یان دەبێ پێچەوانە بێ. بێ گومان دەبێ پێچەوانە بێ. تۆ دەبێ پێچەوانەی هەمووان بی. هەمووان دووریم لێدەکەن. قێزم لێدەکەنەوە. نامدوێنن. لە بەرچاویان ئافرەتێکی ناپاک و دۆڕاوم... بەتەنگ عەشق و پاکێتییەوە نیم... منیش نە کەس دەدوێنم و نە تاقەتی هیچم هەیە، تەنانەت دەژین-یش کە خەریکە دەبێ بەدوو ساڵ و لە بەرچاوی من هەر سێبەرێکی ڕەشی حوسە چەتەیە و لێم نابێتەوە. دەبێ بیشیلاوێنم، ئاخر چی لێ بکەم. خۆ منیش بەشێکم لە تاوانی هاتنە دنیای ئەو و ناتوانم دەستبەرداری ئەو بەشە بم، ئەگەرچی ئەو بەنەوەکامی لەدایکبوو و من بەهیوا نەبووم بژی بەڵام حوسە چەتە زۆر بەخۆشی و شانازییەوە وتی ناوی دەنێم دەژین. هەر ئەو ڕۆژە زانیم چ تاڵاوێک ڕژایە دەروونمەوە. دەژین جگە لەوەی نەوەکامە شێوەیەکی سەیریشی هەیە، سەرێکی یەکجار زل بەلەشولارێکی لاواز و باریکەوە. دوو چاوی زەق و لووتێکی گەورە. لێوی سەرەوەی وەکو کەروێشک دووقاش کراوە... ئەو هەرگیز پێناکەنێ، ناشگری. هەروا زەق زەق سەیر دەکات و جار جارە دەستێک دەجوڵێنێ. حوسە چەتەش تا ئەو بەرەبەیانەی کە دەژین ساڵ و نیوێکی لە تەمەنی بێگریان و بێپێکەنینی بەرێخست، هەر بەهیوای گریان و پێکەنین و سێبەرێکی سپی ئەو بوو، بەڵام نەک هەر ئەو هیوایەی بەڵکو دەیان خەونی چەپەڵیش لە کوناودەری سنگییەوە تێکەڵ بەقرمەی دەستڕێژێک بوون و ڕژانە سەر چیمەنتۆی حەوشەکە، بۆگەنێک وەکو هەڵم لە دەرگا و پەنجەرەوە تکایە ناو ماڵ و تا ئێستاش ئەو بۆگەنە لە ماڵ

نەبڕاوە و سووچ و کەلێنەکانی بەخەستی تەنیووە.

نازانم چەندەمین چوارشەممەیە دێمە لات، ناشزانم بۆچی لەم چوارشەممەیەدا ڕۆژەکانم هاتوونەتە سەر زمانم و تۆ دەدوێنن. ئەمڕۆ کە هاتم کۆمەڵێ ئافرەت لەبەر ئەو دەرگایەی بەرامبەر بەدەرگای گۆڕستانەکەیە، سەرسامانە لێیاندەڕوانیم. دیار بوو بەسرتە بەیەکیان دەوت:

ڕۆژەکانی لێتێکچووە، ئەگینا چوارشەممە و سەرقەبران. چاوم لێبوو لاوێک بەبەزەییییەوە بەپەنجە ئیشارەتی سەرمی بۆ دەکردن.

دێمە ئەمبەری گۆڕەکەوە، دەزانم تەکان دەدەیت و دووبارە پشتم تێ دەکەیتەوە. ئەو دەمەی کەسوکارم زانیان بڕیارمداوە مێرد بەحوسە چەتە بکەم داچڵەکین، قوڕیان پێوا. دایکم لەرز چووە دڵی و دوو ڕۆژی نەبرد دڵی تۆقی. کاکم وتی من لە ئاستی حوسە چەتەدا دەست کورتم، پێی ناوێرم، ئاخر ئەمە چ مۆرکێکی ڕسواییـیە دەینێت بەناو چاوانمانەوە. چەندان ساڵە بنەماڵەی ئێمە لە پێناوی نەتەوەکەماندا شت لە دەست دەدەین بەڵام ئابڕوو نا، ئەمەی تۆ دەیکەیت ئابڕووبردنە، سەرشۆڕییە... ناپاکییە... لە خۆت بپرسە ئێمە و حوسە چەتە؟

وتم: من پێی ڕازیم.

دایکم بەدەم لەرزەوە وتی: من هەرگیز بڕوا ناکەم. یانی تۆ دەتوانی خیانەت لەو پووزەوانە و جامانە خوێناوییە بکەی کە ئێستاش لە ناو بوخچەی جلەکانت دایە؟ بڕوا ناکەم. هەرگیز... ئاخر ئێمە و جاشایەتی؟ ئێمە و بکوژی ئەو هەموو کوڕە ئازایە. تۆ و بکوژی دڵخوازەکەت؟ دایکم پێی وا بوو من خۆم ئەمانە نازانم... من چنگم لە دڵم گیر کردبوو. تۆ لە خانەکانی دڵمدا لە لێومت نەدەڕوانی. ئەمجارەیان خانەکانی دڵم لێوان لێو لە فرمێسکی تۆ بوون. لە فرمێسکی دایکم... فرمێسکی پوورە ڕەعنا و نازە و خۆم... تۆ لە هەموو جارەکاندا دەترۆانییە لێوم... ئەمجارەیان نا!.

باران دەباری، تۆ لە لێومت دەڕوانی. لەگەڵ سرتە سرتی هەواڵێکی



پێش وەختدا لەسەر شەقامەکە، چەترەکە لە دەستمدا کەوتبوو. بەهەڵاتن بەرەو جێگایەک غارمدابوو، لە دوور گوێم لە خرمەی ورد و خاش بوونی خەونە شووشەیەکانمان بوو لە ژێر پێچەکەی ئۆتۆمبیلەکاندا. لام کردەوە ئافرەتێک پاشماوەی چەترێکی هەلا هەلابووی بۆ ڕاوەشاندم. من بۆی نەگەڕامەوە... گریام ئەو ڕۆژە... لەگەڵ خوڕەی بارانی بەهاردا گریام... لەگەڵ شەقام. لەگەڵ بڵندگۆی مزگەوتەکەی گوندی شەمامۆکدا گریام... لەگەڵ دایکمدا بۆت گریاین... تۆ شەهید ببووی... دایکم وتی:

– ئەمە شانسە ڕۆڵە، کە نەهات نایە.

لەوساوە شانس لە ئەزمایشگای مێشکی مندا بوو بەخۆرە و لانەی خۆش کرد. هەر هەنگاوێکم هەڵدەگرت، دەستم بۆ هەر کارێ دەبرد ئەو لە ناو مێشکمدا زەنگێکی لێ دەدا و دادەچڵەکیم. دەوروبەرەکەشم هەر بڕواییان وابوو، کە ناوی من دەهات دەیانوت گوڵە-ی بێ شانس. حوسە چەتە ڕۆژ بەڕۆژ زلتر و پایەدارتر دەبوو، تا دەهات دەستی لە خوێندا سوورتر و کەڵپەی لە زامدا قوڵتر ڕۆ دەچوو. من چیم بوو لە بەرامبەر ئەو چەتەیەدا؟ ها... دەزانی؟ من قین و خۆ خواردنەوەم بوو... دەروونێکی پڕ لە باڕووتم بوو. لوغمێک لە دڵمدا وەکو لوو پەروەردە دەبوو، سات لە دوای سات بەژەهر و زوخاوی قین دەخملا پەرەی دەسەند. من لە ناو گێژەڵۆکەی ڕۆژگارێکدا دەژیام کە تەنیا لاواندنەوەی ئەو لوغمە ڕێچکەی بۆ هەنگاوەکانم خۆش دەکرد. تەنیا ڕق و بوغز و پیش خواردنەوە دەیدواندم. لەوساوە ئیتر فێری نهێنی کاری و داشاردن بووم. فێر بووم لە پشتی پەردەوە کار بکەم...

لەوساوە خانەکانی دڵم لێوان لێو لە فرمێسکی تۆ بوون. تۆ لە لێومت نەدەڕوانی.

ئەو دەمەش کە تازە خەریکبوو هەنگی خەونێک لە ڕۆحمدا گەرا بخات، تازە خەریکبووم بڕوا بەقەتماغە بەستنی برین و بەئەفسانەی مەرگ بکەم و

بەوێ ئارەزوویەکی دایکم و پوورە ڕەعنا و قارەمان کە جگە لەوەی پوورزام بوو هاوڕێ و هاوسەنگەری خۆت بوو، بهێنمە دی، دیار بوو هەنگی ئەو خەونە لای قارەمان شانەشی دروست کردبوو.

ئەوساش کە هەواڵی ڕەشی هەڵبزرکانی خەون و سەفەری بێگەڕانەوەی قارەمان بەقوڕی تاس کلاوەکەی پوورە ڕەعناوە هەڵشێلرا بوو، من تاسا بووم... هەروا بێدەنگ تاوتوێی لوغمی بێ شانسییەکەی خۆمم دەکرد و تۆ لە لێومت دەڕوانی. هەمیشە لە لێومت دەڕوانی، ئەی ئەو ساتەی کە نازەی دەستەخوشکم قۆڵی کرد بەقۆڵمدا و بەرەو گۆڕەپانی قوتابخانەی بردم... لەوێشدا بەشەرمەوە پێی وتم:

– ئێمە هەموومان خەون بەتۆوە دەبینین.

– ئێوە؟

– بەڵێ ئێمە... یانی ڕزگاری برام.

دیسانەوە لە لێومت نەڕوانی؟ سەیری ئاڵۆزی و ئاشوفتەیی منت نەکرد؟ من دانەچڵەکیبووم؟ زەنگەکەی مێشکم پەیتا پەیتا لێینەدابوو؟ ها... ئاخر بۆچی بووم بەشەوە، تێکەڵ بەڕستە مووروی خەونی هەر کەسێک بووم خۆێنیم چنی... شین و مۆرم کردەوە. بووم بەمشتێک لەو دووکەڵە سپییەی لە گەرووی ساروخێکەوە تێکەڵ بەهەناسەی ڕزگار بوو. ئەمجارەیان تەنیا هەر لە لێومت نەڕوانی، دەستێکیشت بەلوغمەکەی ناو دەروونمدا هێنا... لێی دڵنیا بووی؟

– شانسە دایە شانس. شانس تاقی دەکەمەوە. ئەمڕا لوغمی بێ شانسییەکەم بەحوسە چەتەدا دەتەقێنمەوە. ئەمڕا نۆرەی سەری ئەوە. تەنیا چەکی دەستی من ئەم بێ شانسییەیە.

دایکم نەیدەزانی چی دەڵێم

– جا ئەو تۆ چۆن دەناسێ؟ لە کوێی دیوی؟



– ئامۆزای بەڕێوەبەری قوتابخانەکەمانە.

– شێت بووی، شێت. نەگبەتی داماو.

کەچی شانس ئەم کەڕەتە بوو بەشەوەی ناو ڕستە خەونەکانی حوسە چەتە و هەر شەوەی گوێلێ لە خوێنی من دەمژی بەسەر گۆڕەکەتدا هەنگاو هەڵدەهێنم و دێمەوە ئەمبەر. دەزانم ڕووت وەرگێڕاوەتەوە، ئەمە چەند جار ئەمبەر و ئەوبەر بکەم...؟ ها... لاوەکەی بەپەنجە سەرمی نیشانی ژنەکان دەدا چەند گۆڕ ئەولاتر وەستاوە و سەرسام و تۆقیو لێمڕاماوە. بەسڵەوە دەستێکی تر بەگۆڕەکەتدا دەهێنم. جارێک، دووان، سیان. ئینجا زاتی ئەوە پەیدا دەکەم و سەر بۆ لای سەرت شۆڕ دەکەمەوە و دەچرپێنم: من هەر دەستم بەلوغمەکەوە بوو، خانەکانی ناو دڵیشم هەتا دەهات نوقمی ناو فرمێسک ئەبوو کە حوسە چەتە دەست لە ناو دەستی بەختدا منیان گەیاندە بەر دەرگای ئەم ماڵە ساردوسڕە. پاش ساڵێک خۆشم نازانم چۆن دەژین، بێدەنگ و بێگریان خەونی حوسە چەتەی هێنایە دی.

– خواحافیز تا چوارشەممەیەکی تر... خواحافیز.

ئەڕۆمەوە بۆ ماڵێکی ساردوسڕی پڕ لە تەنیایی. پڕ لە هالاوی بۆگەن. پەردەکانی جووت کراون. کەللەیەکی زەبەلاح و لەشولارێکی لەڕولاواز و دوو چاوی دەرپۆقیو نەبێ هیچ شتێکی تر چاوەڕێم ناکات. دەژین نە پێدەکەنێ و نە دەگری. زەق زەق لێمدەڕوانێ. من بێ دەنگ تریتی نان و چایی شیرینی پێ دەدەم و لێو دەکرۆژم بۆ ئەو تاوانەی من بەشێکیم ئەنجامداوە.

# من لە هەینییەکەدا دەمرم

شەمالی فێنکی ئێوارە زەردایی گوڵجارێکی زۆر دوور لە ڕیشاڵە نارنجییەکانی خۆرئاوا هەڵدەسووێ. من لە چاوی دووربینەکەمەوە دەگەمە ئەو گوڵجارە. خاڵخاڵۆکە سوورەیەک بەسەر پەڕەی گوڵێکەوە ئەمسەر و ئەوسەر دەکات. پێدەچێ ڕێی ماڵی خاڵمی گوم کردبێ. پێی ناڵێم منیش لەمسەر تەپۆڵکەیەوە و لە چاوی خەمناکی دووربینەکەمەوە بۆ ڕێچکە و بزنە ڕێکان دەگەڕێم تا بمبەنەوە بەر دەروازەی ماڵە خاڵەکانم، لەوێدا بەرەبەیان کە دارستان چەرچەفی زیوینی تەم لە خۆی دەکاتەوە و سنگ و بەرۆکی بۆ هاڵاوی تەنوور و بۆن و بەرامەی نان و کولێرە دەکاتەوە. بۆنی نان کون و کەلەبەر و درز و ڕۆچنەی ماڵی فریشتەی ئاسمان و سەنگەرە دوورەکانیش دەتەنێ و فریشتە و کوڕگەلی ناو سەنگەرەکان مەستی نانی ماڵە خاڵەکانم دەبن. تا بمبەنەوە بەر زریوە زریوی چەو و لمی ئەو کانیاوانەی داستانی دەیان قارەمانێتی و ئەفسانەی عەشقی ناکامییان بەتریفەی مانگەشەو سپاردووە. هیچی پێ ناڵێم، پەنجەیەکم دەخەمە سەر پەڕەی گوڵەکە، خاڵخاڵۆکەکە بەهیوای ماڵی خاڵم بەپەنجەمدا هەڵدەگەڕێ، لادەکەمەوە. لەتێ لە هاوارەکەی جەمال خەریکە دەڕژێتە سەر پەردەی گوێم کە لەتەکەی تری لە ناو گەردیلەی تەپۆڵکەکەی لەسەری وەستاوم نەرم نەرم وەکو حەمامۆکێی منالان هەرەس دەهێنێ و لە ناو خانە خانەی ئێسکە لێک ترازاوەکانی سەر و دەست و قاچ و پشتمدا جێگیر دەبێ.

تەپوتۆز دامدەپۆشێ. نوقم دەبم تێیدا. تەپوتۆزێکی قاوەیی سووربڵاوی تەنک، هەروەکو ئەو برنجۆکە سوورانەی لە کێلی قەبری کچ و ژنی جحێڵی دەئاڵێنن و تینی هەتاو کاڵیان دەکاتەوە و قاوەیی ئەنوێنن. جا بەم جلە



تۆزاوییەوە خۆم بکەم بەلای گوڵنار و نارینەدا هەر ئەتۆقن. نارین ڕەنگە هەر نەمناسێ. یان ڕەنگە خەوتبێ. گوڵنار لە پێشدا چاوەکانی ئەبلەق ئەبن. دەکەوێتە هاسکە هاسک. بەهەردوو دەستی دەموچاوی دادەپۆشێ. پاشان دەزریکێنێ و پەلاماری نارین دەدا. ناتوانێ باوەشی بکات. خەبەری دەکاتەوە و پەلکێشی دەکات بەرەو لای دەرگاکە. من بەپەلە خۆم دەگەینمە دەرگاکە و پشتی پێوە دەدەم. بزەیەک دەکەوێتە سەر لێوم. هەوڵ دەدەم هێوری بکەمەوە. ترسەکەی بڕەوێتەوە، پێی دەڵێم کەس ئاگای لە هاتنەوەم نەبووە. مەترسە زۆر بەنهێنی بەلای سەربازەگە و ڕەبییەکاندا هاتووم، کەسیش چاوی لێم نەبووە. پێی دەڵێم تاسەم کردبوون و چەند ڕۆژێک لاتان دەبم، خۆم دەرناخەم. پێی ناڵێم کە هاتمەوە بنەماڵەی ئەو گۆڕستانە تەریک و سەر سنوورە ئەگەرچی کەم بوون بەڵام هەموویان هاتنە دەرێ و بەرپییان کردم. بەگریانەوە بەرپییان کردم... ئەو کچۆڵە شانزەساڵەی هێشتا پەلکەکانی نمەی حەمامەکەیانی پێوە بوو، لە هەموویان زیاتر دەگریا و توندتر دەستی پیرەژنەکەی دراوسێی دەگوشی و دەیووت لای ڕاستم چۆڵ دەبێ و زۆر لە تەنیایی دەترسم. ئەگەر براکانم گەمەیان بەچەکەکەی باوکم نەکردبا. ئەگەر... ئەگەر. پیرەژنەکە دەستێ بەقژە نماویەکەیدا دەهێنێ و دەستەکەی تریشی لەگەڵ چەند کەسەکەی تردا بۆ من هەڵدەبڕێ. پێی دەڵێم: ئەگەر خەمی جلە تۆزاوییەکانمە، خۆ خۆم دەیانشۆم. گوڵنار زەردەیەک دەیگرێ و دەڵێ:

– ئەوەندەش ئازا نیت.

گوڵنار ئەهوەن دەبێتەوە. دەچمە سەر جێگاکەی نارین. لە تەوقی سەرییەوە تا بەری پێی ماچ دەکەم. گوڵنار بزەی دێتێ و بەدڵێکی پڕەوە دێتە سەر وەختی نارین و خەبەری دەکاتەوە... نارین–ی چی... کاڵ و کرچ و چاو گەش، گلێنەکانی پیرۆزەییین و لێوەکانی ئاڵ. ئێسقانەکانی پان و باڵای دیارە لە ئایندەدا چەندە کەڵەگەت دەبێ، ڕەنگی ئاسمانی لە ڕیشاڵە باریکەکانی ماکسییەکەیدا هەڵگرتووە و ئارامیی بەڕۆح دەبەخشێ. دوو

پەلکە کاڵ و درێژەکەی بەو دوو قردێلە ڕەنگاوڕەنگەوە هیچیان لە پەلکەزێڕینەی ئاسمان کەمتر نییە و، لەگەڵ دایکیدا سەریان بەسەر ئەو سنووقە بچکۆلەیەدا داچۆڕاندووە کە وێنەیەک و کراسێکی سپی پاک و ملپێچێکی خوری قاوەیی تێدایە.

ئێمەش وەکو مامە جەمال و دایکی دەکەین.

– مامە جەمال؟

– بەڵێ... مامە جەمال لەگەڵ باوکتدا هاوڕێی عومر بوون. ئەو وەکو ئێستای تۆ منداڵ دەبێ کە باوکی لە شەڕێکی قارەمانانەدا شەهید دەبێ و تەرمەکەی بەردەستی دوژمن دەکەوێ و ئیتر کەس نایبینێتەوە. جەمال و دایکی پاش چەند ساڵێک سنووقێکی ئاوا دروست دەکەن و وێنە و کراسێکی باوکی جەمال–ی تێدەخەن و لە گۆڕستانەکەی ئەوبەر ماڵی خۆیانەوە دەینێژن و زوو زوو سەردانی دەکەن و چەپکە ڕەیحانەی تەڕی لەسەر دادەنێن. باوکت دەیووت ئەو گۆڕە هەمیشە پاک و جوان و بۆن خۆش بوو، بەجۆرێک هەر لە دوورەوە خەڵکی سەرمەست دەکرد. کەسیش نەیدەزانی جەمال و دایکی کەی سەردانی ئەو گۆڕە دەکەن...

– دایە گوڵنار... یانی ئێمەش؟

– بەڵێ ئێمەش...

خۆم دەتەکێنم، تەپوتۆز بەماڵەکەدا بڵاو دەبێتەوە، سەر پەنجەرە و ناو تاق و گەڵا سەوزەکانی ناو گوڵدانەکان و جێ و بان و تەنانەت چاوی دووربینەکەشم هەموو تۆزاوی دەبن... فوو لە چاوی دووربینەکەم دەکەم. دایکم هاواری لێهەڵدەستێ:

– دەڵێی لە گێژەڵۆکە ڕزگارت بووە یان خۆت لە خۆڵدا گەوزاندووە. بیانوویەکی چاک بوو بۆ تووڕە بوون و ناڕەزایی دەربڕین. دایکم هەمیشەی خوا ناڕازییە، لە هەموو شتێکیش زیاتر لە باوکم ناڕازییە، باوکیشم لەوەتەی من بەبیرم بێت زێوانی قسنەکەی شێخ بەهادینە و بەدڵ و بەگیان



خزمەتی گۆڕستان و بەتایبەت قسنەکە دەکات. ڕۆژانە تێکڕای گۆڕەکان بەسەر دەکاتەوە، دەیان درەخت و سەدان گوڵی ژوورسەری مردووەکان ئاو دەدات. کە منداڵ بووم منیش لەگەڵیدا بۆ ئاودانی گوڵەکان دەچووم. ئەوسا بەنقەنق نووسراوی سەر گۆڕەکانم دەخوێندەوە و زۆربەی شیعرەکانم ئەزبەر کردبوو. باوکم ئەوەندە شارەزای جوگرافیای گۆڕستان و باریکە ڕێیەکانی نێوان گۆڕەکانە، ئەوەندە لە کوچە و کۆڵانەکانی شار ئاگادار نییە. وڵاتی خەونیشی ڕەنگە هەر مردووان ئاوەدانی بکەنەوە. مێژووی بوونی یەکە یەکەی گۆڕەکان دەزانێ بەڵام مێژووی لە دایکبوونی شتاقمان نازانێ. یان ڕەنگە ئێمە یانی من و دایکم و خوشک و براکانم وابزانین نازانێ چونکە قەت باسی نەکردووە. باسی هیچ ناکات، تا بڵێی کەمدوو و تەریکە و هەمیشەش لە خاڵێک ڕاماوە، خاڵێکی نادیار. ڕۆژ بەڕۆژیش بێدەنگتر و ڕاماوتر دەبێ، خەریکە دەبێتە بەشێک لەوان. نا هەر ئەوانە. یەکە یەکەی ئەوانە و دەبزوێ، لە بزوتن و نەبزوتنیشدا هەر وا بێدەنگە و لە خاڵێک ڕاماوە. بڵێی ئەو پەیوەندییە توند و تۆڵەی لەگەڵ وڵاتی گۆڕستاندا هۆی ئەم کەمدوو بوون و ڕامانەی نەبێ؟ بیرم نایە جارێک تووڕە بووبێ و دەنگی هەڵبڕیبێ، بەڵکو بەو بێدەنگییەی شکوو شەرمێکی ئەوتۆی تیاماندا دروست کردووە کە قەت ڕوومان نەیەت هیچی لەگەڵدا باس بکەین. بیرم نایە لە منداڵیشماندا گاڵتەیەکی لەگەڵدا کردبێتین، هەروا بێدەنگ لە دوورەوە وەکو میوان دادەنیشێ، ئێمەش بەشەرمێکەوە لە لایەوە قنچکە دەکەین. لای ئێمە باوکم بووە بەبەشێک لە قسنەکە و ترس و سامێکی سەیری لە دڵماندا هەیە، بۆیە هەر کاتێ بمەوێ بیدوێنم دەیان جار سێ و دووی دڵی خۆم دەکەم، نەکا بڕەنجێ... بەڵام...

– ئاخر ڕۆژێک بەم بێدەنگییەت دەمکوژی بابە! بەعەزرەتەوەم جارێک دوو قسەی خۆش، سەرگوشتەیەکمان بۆ بگێڕیتەوە، یان هیچ نەبێ تووڕەبوونێک، هەڵچوونێک... هەر شتێک دەنگە دەنگێکمان تێخات، کەچی هیچێک لەمانە ڕوونادا و دەگاتە تینم.

- بابە دەنگوباس چییە؟

بێئەوەی سەر هەڵبڕێ، لە ژێر لێوەوە دەڵێ: هیچی تازە نییە.

دایکم وەڕسە لە بێدەنگی، لە تەنیایی، هەموو جارێ سفرەی دڵتەنگییەکانی ڕادەخا.

- جا دەنگوباس لای ئەم چیدەکات، ئەم سەروکاری لەگەڵ مردوواندا هەیە، لەوێش چ دەنگوباسێک چنگ دەکەوێ؟

باوکم لەسەرخۆ بەلاچاو لە دایکم دەڕوانێ:

- ئافرەت، ئێمە کە لە گۆڕستان نزیکین لە دزێوییەکانی کۆمەڵگە بەدوورین. گۆڕستان مەملەکەتی یەکسانی و ئارامییە. ئاژاوە و جودایی تێدا نییە. لەم وڵاتەدا نە کەس پاشا و نە کەس گزیرە.

دایکم تووڕەتر شان هەڵدەتەکێنێ:

- ئێمە هێشتا لەم مەملەکەتە داین و بۆ ئەوێ ناونووس نەکراوین تا وەکو ئەوان بین. پەلەمان چییە؟ ئەگەین بەو قڕوقەپەی ئەوانیش.

ئاوازی خەمینی ئەو چەند وشەیەی باوکم ئێستاش لە مێشکمدا دەنگ دەداتەوە. شەوانە تا خەوم لێ دەکەوێ لەگەڵ خۆمدا هەر تاوتوێی فەلسەفەی ئەو لەحنە دەکەم. بەدەستی ڕاستم سەرشانی چەپم دەتەکێنم. تەپوتۆزی تەنکی قاوەیی سوورباو نابەدڵ لە شانم دەترازێ. دوور دەکەوێتەوە و لەگەڵ لەحنی ئەو چەند وشەیەی باوکمدا دەنیشێتە سەرشانی خەمۆکی بەیانییەک... بەیانی هەینییەک لە هەینییەکان.

هەینییەکی فێنک، دوارۆژەکانی هاوینێک لەو هاوینانەی هێشتا مووم لێنەرواوە. هێشتا قوتابخانەش نەکراوەتەوە، خۆم دەگەیەنمە لای جەمال-ی هاوڕێم، لە پەناییەوە لەسەر تەنەکەیەکی دەموونخون کراودا دادەنیشم. ئەمە چەندان هەینییە وا دەکەم. من زۆرتر لە ڕێچکەی کچان و ژنانی ڕەشپۆش و کزۆڵە و پیاوانی خەمبار ڕادەمێنم. جەمال دڵی لای ئەوەیە چەند لەو عەبابەسەر و پیاوە خەمبارانە لای ئەم لادەدەن و دوو چەپک



ڕەیحانە لەسەر سنووقە نخوون کراوەکەی بەردەمی هەڵدەگرن و دینارێکی بۆ دادەنێن. دڵخۆشە ئەم هەینییە ڕێی سەرقەبران جمەی دێت، پێم وا نییە هیچ کاتێک ئاوا قەرەباڵغ بووبێت.

من مەستی بۆن و بەرامەی ڕەیحانەی تەڕم و چاوم لەسەر گۆڕەکەی ئەوبەر گیرساوەتەوە. لەوبەرەوە دەیان مناڵ پاکەتە مۆمیان بۆ خەڵکەکە ڕاگرتووە، دەیانی تر دەبەی پڕ لە ئاویان داناوە و هاوار دەکەن.

- پووری ئاو نابەن بۆ سەرقەبران؟

- وەرنەوە بۆ عوود و بخوورد...!!

جەمال پەیتا پەیتا لە درزی دەرگاکەوە هاوار لە دایکی دەکات:

- خێراکە، چەپکە ڕەیحانەم فریا بخە. مشتری هاتن.

بۆنی ڕەیحانەی تەڕ لە درزی دەرگاکەوە بەکۆڵان و گۆڕستاندا دەتەنێتەوە. من شوێن بۆنی ڕەشەڕەیحانە دەکەوم و لەگەڵیدا گۆڕاوگۆڕ تێکەڵ بەخەم و شادی دانیشتوانی ئەم مەملەکەتە دەبم، کە هەرگیز لە شوورە و دیواری ئەم مەملەکەتە ناترازێن، دڵبەستەی ئەو ماڵ و خاکەی خۆیانن. چ سیحرێکیان لێ دەکرێ وا چیتر ناتوانن دڵ لەو ماڵە هەڵکەنن؟ ئەی ئەگەر یەکێکیان تاسەی خۆشەویستێکی بکات چی دەکات؟ هەندێ جار خۆزگەی ئەوە دەخوازم دایکیشم دڵبەستەی ئەم ماڵەی خۆمان بێ. ڕۆژێک لە ژێر پەردەی شۆخیدا پێم وت:

- ئەوەندە گلەیی مەکە. سەیری خەڵکی ئەم وڵاتە بکە چەندە لە ماڵ و حاڵی خۆیان ڕازین.

- دیارە تۆش وەکو باوکت شەیدای ئەم گۆڕستانە بووی.

بەشوێن بۆنی ڕەشەڕەیحانەوە و لە چاوی تۆزاوی دووربینەکەمەوە تێکەڵ بەئەفسانەی گۆڕێک دەبم. گۆڕێکی تازە، هەروا چەند مانگێکە لەو پایین گۆڕستانە و ڕێک لە بەرامبەر ماڵی جەمال-دا هەڵتۆقیوە. گۆڕێک بۆنی یەکەم بارانی پاییز و چەپکە ڕەیحانەی تەڕی لێدێت. گۆڕێکە تەنانەت

باوکیشم نازانێ کێیە و کەی پەیدا بووە و لێی بووە بەئەفسانە. دەڵێ هەر کاتێ بەلایدا دەڕۆم... بەرەبەیان، نیوەشەو، عەسر، هەروا پاک و جوانە. جوانییەکی سەیر و بۆنێکی سەیرتری لێ هەڵدەقوڵێ. بۆنێکی ئەوتۆ کە ڕۆحت پەلکێشی خۆی دەکا. هەبێ و نەبێ ئەمە شەخسێکی گەورەیە. چواردەورەکەی بەبەردی ساف و جوان و بریسکەدار کە هەریەکەی بەقەد لەپی دەستێک دەبێ ڕازاوەتەوە و هەر کاتێ دەچێ چریسکە چریسک دەڵێی ئاوێنەن. خۆڵێکی سووربای پاک و ورد و نمای بەسەردا کراوە و تەنکە ئاوڕشێنێک و چەپکێ ڕەیحانەی تەڕ و ناسکی بەسەردا بڵاو کراوەتەوە، سەر دەرناکەم، ئەم گۆڕە نائاساییە، شەوانیش دیوومە نوری لێبووەتەوە.

باوکم بەو هەموو کەمدووییەشێوە دەتوت زمانی پڕاوە. ئەی ئاخۆ لە دڵی خۆیدا چیتری تاوتوێی کردبێ؟ ئاخۆ چەند شەو تا بەرەبەیان چاوە چاوی ئەوەی کردبێ، کێ دێت و خەریکی ئەم گۆڕە دەبێ. ئەی خۆم؟ خۆیشم گەلێ شەوان لە سەربانەوە تا درەنگ چاوم دەبڕییە ئەو ناوە و هیچم بەدینەدەکرد. ئەوەندەم دەزانی دەمێکە خەو بردومییەتەوە.

تا جەمال نەیکێشا بەشانمدا من نەمزانیبوو چەپکە ڕەیحانەکان تەواو بوون. چاو و دڵ و ڕۆحم لەسەر گۆڕە جوانەکەی ئەوبەرماڵیاندا گیرسابووەوە.

– تەواو، ڕەیحانەت نەما؟

– نا...!

– هیچ هیچ؟

– دوو چەپکی گەورە لای دایکم ماوە، ئەوانیش بۆ سەر گۆڕەکەی باوکمی دەبەین.

– گۆڕەکەی باوکت؟



# تەواو یان ناتەواو

دەگەیتە ناو ژوورەکەت. دەرگاکەی بەتوندی پێوە دەدەیت. بێئەوەی بچیتە بەر ئاوێنەکە دەزانی ڕەشەبا سەروقژی تۆشی وەکو پەلکی درەختەکان شێواندووە، تۆ لەوە بێتاقەتتری بچیتە بەر ئاوێنە و سەیری خۆت بکەی هەرچەندە ئاوێنەکەشت بەدیواری بەرامبەر دەرگاکەوە هەڵواسیوە. تۆ ئاڵۆزاویت، دەست بەدەستدا دەدەیت. دانەکانت لە لێوی خوارەوەت گیر دەکەیت و سەر دەلەقێنی. حەزت لە پیاسەیەکی دوورودرێژە یان دەتوانی ناوی بنێی سەر هەڵگرتنێکی بێکۆتایی یان کۆچێکی بێبڕانەوە بەڵام تۆ بۆ هەر کوێ بچیت، سەر هەڵگری، کۆچ بکەیت، هەر ئەگەڕێیتەوە بۆ ژوورەکەت، لە هەر کوێ بیت ژوورەکەت سێ لە چوارە. کۆمەڵێ ئاسک و کەروێشک و باڵندە و پڵنگ بەباوەشێ ڕەنگی کاڵەوە بووەوە ڕژاونەتە سەر فەرشێکی نیوداشت. دەیان جار لە هەموویان ڕاماویت. لێت پرسیون: ئەرێ تا کەی لەم دوانزە مەترەدا یەکتر ڕاو دەنێن؟ دەیان جار دەستت بەپشتی هەموویاندا هێناوە، نەوازشت کردوون، دەستت بەژێر پێ و سمی هەموویاندا هێناوە کە جێ جێ فەرشەکەتیان پواندووە، بزەت هاتووەتی. لە سووچێکی ژوورەکەتدا تەپڵەکێکی خڕی چکولەت داناوە، تەلەفون و گوڵدانێکی گڵێنی درز بردووی لەسەرە، گوڵدانەکە دوو سێ چڵ گوڵی وشکی تۆزاوی تێدایە، لە ناوەڕاستی ژوورەکەشدا پارچەیەکی گەورەت ڕاخستووە و دەیان جۆرە ڕەنگ و فڵچە و کاسەی بچووکی ئاو و پەڕۆی ڕەنگاوی و چەندین گۆزەڵەی گڵێنی شین و سەوزت لەسەر بڵاو کردووەتەوە. سێ پاکەشت بەخۆی و تابلۆکەی سەرییەوە لە ناوەندی پارچەکەدا قیت وەستاوە و لە تۆ و لە ڕەنگەکان دەڕوانێ. وژە وژی ڕەشەبا توندەکەی دەرەوە ئەوەندەی تر دەتبزوێنێ. شڵەژاوانە دەچیتە لای

تەلەفۆنەکە و بەترسەوە دەست بۆ دەسکەکەی دەبەیت. دەستت دەکێشیتەوە... دیسان دەستی بۆ دەبەیت. دوودڵی، ژمارەیەک لێدەدەیت، بەر لەوەی وەڵامت بدەنەوە دایدەنێیتەوە. هەڵدەستیت، یەکدوو شەقاو لە نێوان دەرگاکە و تەلەفۆنەکەدا دێیت و دەچیت. دەوەستیت. دووبارە دەکەویتەوە هاتوچۆ. حەز دەکەیت پێی بڵێی: ناتوانم ئەم تابلۆیە تەواو بکەم، ئەشزانیت وەکو هەمیشە پێت دەڵێ: چیت دەوێ؟ تەواوی تەواوە. ڕەنگە ئەمجارە لێشت تووڕە بێ و بڵێ: تۆ یان ورد نابیتەوە یان هەر لە هونەر تێناگەی!!

تۆ دەتەوێ تەواو کەیت، دەتەوێ هەموویان تەواو کەیت. پڕیبیان بکەیت لە ترپەی پێ. لە هاشوهوشی ڕەشەبا. لە گمەگم و شەقەقەی باڵی کۆتر. دوودڵ و ئاشوفتەی، جێ بەخۆت ناگری. دەچیتە بەر پەنجەرەکە، قەیرێکیش ڕادەوەستێ، بەڵام نە سەیری هیچ دەکەیت و نە بۆ بینینی هیچ چوویتەتە ئەوێ، ئەگەڕێیتەوە لای تەلەفۆنەکە. دەسکەکەی هەڵدەگریتەوە. لە لێوی هەر ژمارەیەکەوە دەنگێک پێت دەڵێ: هەریەکەیان دنیایەکی تەواون. چیت دەوێ؟ تۆ ورد نابیتەوە، لە هونەر ناگەی، تۆ، تۆ!!. تۆ چەناگەت ئەلەرزێ. دەسکەکە دادەنێیتەوە و یەکە یەکەی ناتەواوەکان بەسەر دەکەیتەوە:

درەختێک بەچەپکێ ڕیشە و ناوقەدێکی داگیرساوەوە بەندی ناو چوارچێوەیەکە، دەتەوێ بقیژێنی، کوا ڕەشەبا سەروقژی بۆ تێک بدات و شەویش ئاوێزانی ڕیشە و ڕەگ بێ؟ چۆن چوارچێوە ئەم سووتانە بەند دەکات؟ کێ دەتوانێ بەگڕ بڵێ ئەم سنوورە مەبەزێنە؟. چوارچێوە لێدەکەیتەوە و تووڕی دەدەیت، گڕ دەسپێری بەڕەشەبا و جێی دەهێڵی.

پارکێک بەهەزاران درەختەوە. مات و مەلوول، نە لکێک دەجولێ و نە باڵندەیەک گەڵایەک ئەلاوێنێ. دەڵێی درەخت نەبێ سەرجەمی ڕۆڵەکانی سروشت سەریان هەڵگرتووە. تەختێکی دارین لە ژێر درەختێکدا بەدەست



سەرابەوە دەناڵێنێ. سێبەری تاریکی دەستێک جار جارە لە دەسکی تەختەکە نزیک دەبێتەوە و شێوەی باڵندەیەکی تاریک دەگریتە خۆی، ئیتر هیچ هەر تاریکی و تاریکی و تاریکییە.

لە بەردەرگای ماڵێکیاندا دەوەستی. گوندێکی بێ سرتەیە. تەنانەت سەگێکیش ناحەپێ، لاشان دەنێیت بەدەرگاکەوە، ناکرێتەوە. دەستت ناگا بەپەنجەرەی هیچ ماڵێکیان. پەنجەرەکان داخراون. هەنگاوێ ئەولاتر نیگات لە هەناسەبڕکێی کچۆلەیەکدا گوم دەبێ. ئەو ڕەشەبا ڕاویناوە. سەروقژی ئاڵۆزاندووە. ناودەم و ژێر پێڵوی پڕ بوون لە تەپوتۆز بەڵام ئەو چەند لقە گوڵەی بەڕەگەوە هێناونی و دەیەوێ بیانگەێنێتە ماڵەوە لە مشتیدا توند گوشیونی. هەر بەلاشان دەرگاکە دەکاتەوە. دایکی و باوکی لە حەوشەکەدا وەستاون و ورتەیان دێت. ئەم سڵاویان لێ دەکات و تیژ بەلایاندا تێدەپەڕێ، بەجۆرێک کە هەر جانتاکەی سەر شانی دەبینن. بەگورجی هەر دووپلە بەجارێ دەڕواتە سەرەوە. لە ناو دەرگای ژوورەکەی خۆیەوە جانتاکەی فڕێ دەدات و گوڵەکان دەباتە موبەقەکە و لە پەرداخێکی پڕ لە ئاودا دایاندەنێ. بێ سێ و دوو دەچێتە باڵکۆنەکە و لە گوڵدانە دەمەونخونکراوەکان گوڵدانێک هەڵدەگرێ و هەر لەو کیسە گڵەی دایکی لە باڵکۆنەکەدا دایناوە، گڵی تێدەکات و ئاوی دەکاتە سەر و پاشان ئەو چەند لقە گوڵەی هێنابووی تێیدەچەقێنێ و لەسەر پەنجەرەی ژوورەکەی دایدەنێ. چەندان ساڵ و مانگ و ڕۆژ و سات بەخەونی زەرد و سووری گوڵداندا تێپەڕین و لە چەند لاسکێکی باریک و چەپکێ گەڵا زیاتر هیچیان پێنەبەخشی. هەرگیز گوڵێک نەیڕازاندەوە، بزەی خەونێک نەیگەشاندەوە... بەدەم شنەی ئارەزوویەکەوە نەشەکایەوە و باڵای نەکرد. ئەوەتا گەڵاکان لێیان قاوەیی دەبن، زەرد دەبن، هەڵدەوەرن، گەڵای تر سەوز دەبن، هەندێکیشیان بۆگەن دەکەن و قورس دەبن ئەوسا دادەکەون. من دڵنیام شەوێ لەم شەوانە، یان شەوی ساڵێ یان چەندان ساڵی تر دایکت بەچاوتروکانێک لە گۆڕستانی شارەکەی خۆتانەوە هەزاران فەرسەخ

دەبڕێ و دێتە ناو ژوورەکەت و بەحەسرەتەوە دەست لەملانی خەوێکت دەبێ، لە خەوەکەدا ئەو بەپەرۆشەوە لێوی دەبزوێ. تۆ گوێت لە لێوی نزیک دەکەیتەوە. ئەوەی هەتا هەتایە لە بیرت دەمێنێ و لە ڕۆحتدا ماڵ دروست ئەکات یەکدوو ڕستەیە:

– حەیفت کرد، زۆرت ئاودا، گوڵدانەکەت جێ جێ قەوزەی هەڵهێناوە. بەقسەت نەکردم، جارێک درزێکی پەنجەرەکەت نەکردەوە تا ڕەشەبا خۆی بکات بەناو سەروقژی گەڵاکاندا و ڕەنگ هەڵهێنێ!!

تۆ دوایین پەڵە قەوزەی سەر گوڵدانی ناو تابلۆکەت ڕەنگ دەکەیت. سەوزێکی تۆخ تێکەڵ بەڕەنگی گڵێنی گوڵدانەکە دەبێ و تۆختری دەکات. تۆخ، تۆخ، ئەوەندە تۆخ ڕەش بنوێنێ، وەکو دەروێشێک جەزبەی زیکر گرتبێتی، پەلەپەل فلچەکەی پێدا دەهێنێ، خوێن لە هەموو ئەندامەکانتەوە هورووژم بۆ سەرت دێنێ. سەرت قورس دەبێ و چاوت لە ڕەنگێکی سەوزی تۆخ زیاتر هیچی تر نابینێ. بێئەوەی بەخۆت بزانی دەنگ هەڵدەبڕی:

– نازانم ئێوە چیتانە... ئێوە دەڵێم، ئێوەی بینەری ئەم شانۆگەرییە پڕ لە توڕەهاتەی پێی دەڵێن ژیان. ئێوەی کوێر لە ئاست ناتەواوی تابلۆکانم. هەر من و دایکم دەزانین چیبیان کەمە، چییان دەوێ، ئێوەش بەردەوام بڵێن تەواون تەواو. بێ پەروا تەکان دەدەیت باوەش بکەیت بەدایکتدا، بەڵام پەلاماری هەردوو تاکی پەنجەرە و دەرگاکە دەدەیت و هەموویان دەخەیتە سەر پشت و ئەمجارەیان دەقیژێنی:

– وەرە ڕەشەبا، وەرە تا لە پەروو دەکەوی گەشتی ناو سەروقژی گەڵاکان بکە. ڕیشەکانیان لە ئامێز بنێ. تەواویان بکە، تەواو. چونکە هەر من و دایکم دەزانین گوڵدانەکان بۆچی قەوزە هەڵدەهێنن!؟.

٢٠٠٣



# موراد نایەتەوە ناو ئاپوورەکە

دیار بوو کە هاتبووە هۆش خۆی وەڵامی هەواڵنێرەکەی دابووەوە. پێ دەچێ ئەو لێپرسیبێ: کەسێکی ترتان نەبوو بێتە سەیری ئەم گۆڕە بەکۆمەڵە و بۆ ئەنفال کراوەکەتان بگەڕێت؟ ئەمیش یانی ئامە خان ڕەنگە بەدەم قوڵپی گریانەوە، یان ڕەنگە بەهەڵەدا چووبێتم و هەروا بەکزێکەوە و نائومێدانە، ڕەنگیشە ئاخ و حەسرەتەکەی بەدەنگی بەرز و بەتووڕەیییەوە و بەجۆرێ کە هیچ پەیوەندی بەپرسیاری هەواڵنێرەکەوە نەبێ، دەربڕیبێ و وتبێتی کە دڵنیاش نیم وای وتووە یان نە.

– ئەی شەڵڵا ئەویش وەکو من وەجاخ کوێر بووایە، دوو خێزان، جووتێ ژن و مێرد، دوو خوشک و دوو برا چاومان لە خوا و لە باڵای ئەو تاقە کوڕەی ئەو بوو. بەهیوا بووین دوای مەرگمان وەجاخی بنەماڵە ئەو ڕۆشنی بکات و پاشماوەی جوانیی و گەورەیی ئەو دوو خێزانە لە ڕەفتار و خەسڵەتەکانی ئەودا بدرەوشێتەوە. کەچی ئەنفال لە خەرمانی ئومێدمان تەنیا کوڕێکی فیداری پێ داویتەوە، ئەویش کە ڕۆژ تا ئێوارە دەستی لە ملی سەگێکی ڕەشدایە و دەڵێ ئەمە دایکمە.

ئەم چەند ڕستەیە گوایە لە زمانی ئامە خان-ەوە نووسراوە و من لە لاپەڕەی یەکەمی یادداشتنامەکەی موراد-دا وەکو بەرایی بۆ نووسینەکانی ئەمەم خوێندەوە. وا دیارە ئامە خان ئەم ڕستانەی دەیان جار و لای دەیان کەس دووبارە و دەبارە کردووەتەوە چونکە ئێمەی خەڵکی ئەم گەڕەکەش وشە بەوشەی ئەم ڕستانەمان لەبەر بوو، ئەگینا بێژەری تەلەفزیۆنەکە کاتێ هەواڵی دۆزینەوەی گۆڕێکی بەکۆمەڵی تری ڕاگەیاند و، دوای پیشاندانی وێنەی کۆمەڵێ ئێسک و پرووسک و دەیان کەللەسەر و تاقمی دان و کوتە

سوخمە و تیلماسکە لەچک و لەتە بەنە خوێنی پواو و مەمکەمژەی منالاَن. چەند چاوپێکەوتنێکی خێرا و بەپەلەشی لەگەڵ چەندێک لەو ئامادەبووانەدا کردووە و ئامە خان- یش کە هەر ئەوەندەی چاوتروکانێک مایکرفۆنەکەی لە لا بوو و ئێمە نەمانزانیوە چی وتووە بەلاَم ئەزانین ڕۆژی دواتر چ حەشرێک لە ماڵیاندا بەرپا بوو.

تۆش موراد ڕۆژی دواتر جارێک لەگەڵ ئاوێنەکە و جارێک لەگەڵ وێنەکە و جارێکی تریش زۆر بنەوەشییانە لەگەڵ تیسک ڕەشە خەمبار و چاو کزەکەی خۆتدا باست کرد. چیت باس کرد؟

تۆ نەتزانی ژاوە ژاوی ناو سەری خۆت بوو یان هی ئاپوورەی ژنانی گەڕەک، جوولەیەکی پێکردی، تفێکت قووتدا، تف نا، تالاَو. پشتت لە دیواری ژوورەکە بەردا، هەستایەتە سەرپێ و قورس قورس چەند هەنگاوێک چوویتە پێشەوە. ئەم پشت بەردانەت لە دیوار پێچەوانەی جاری پێشوو بوو، ئەوسا بەپێوە بووی، پشتت نابوو بەجەمەلۆنی قاوشەکەوە و هەموو گیانت وەکو مەنجەڵی سەر ئاگر دەکولاَ. وردە وردە وەکو هەرەسی کیوێک پشتت لە دیوارەکە بەردا و داڕووخایت و، باوەشت کرد بەو زەویە ڕەقەدا کە پێش ساتێک تەرمەکەی دایکتی لێبوو. دایکت هەرچەند کیلۆیەک پێست و ئێسقانی لێمابووەوە. چەپکێ نیگای کزیش، ئەو تا مرد چاوی لە تۆ نەتروکاند، ئەوانیش هەرچییەکیان کرد چاویان بۆ لێک نەنرا، بۆیە هاتن خۆتیان برد تا چاوی لێک نێیت و هەر بۆ چەند ساتێک لە ژێر تۆپەڵێ لمدا دایشاری، ئەو دەمەی تەرمەکەی دایکت دائەشارد سەگە تیسک ڕەشەکە لەولاترەوە لمۆزی خستبووە سەر هەردوو دەستی و خۆی درێژ کردبوو و لە تۆی دەڕوانی.

لە ناو دەرگای ژووره پەرپووتەکەی ئێستاتەوە چاوت لە ئەڵقا و ئەڵقی ژنانی حەوشەکە کرد. چ ئاپورەیەکە، تا دێت گەورەتر دەبێ، پیاویشیان تێکەڵ دەبێ. تا دێت دەموچاوەکان سەرسامتر و ڕوانینەکان ئەبڵەقتر و



تووڕەتر دەبن.

پووریشت پێی وایە بەجوولە و بزاوتی دەموچاو و دەست و شان ڕاوەشاندن و بەئاوازی خەمینی وشەکانی دەتوانێ دنیای ڕەنگینی چەند ساڵەی ناو ئەو کەللەسەرانە دووبارە زیندوو بکاتەوە.

تۆ لە کوێی ئاپوورەکە دای موراد؟

- من ئەڵێی... نازانم!!

نا، بەلاَم دەزانم لە نێوان باڵەشەکێ و شەقژنی هەزاران مەلی تاسە و حەسرەتی ناو ئەو گۆڕانەوە تا ئەبڵەقبوونی ئاپوورەکە پوورم خەونامەیەکی لنگەوقوچە و خۆی ڕائەوەشێنێ.

من لە هیچ کوێی ئاپوورەکەدا نیم. لە ناو دەرگای ژووره پەرپووتەکەمەوە خۆم نیشانی پوورم و ئاپوورەکە ئەدەم هەموویان بەنیگا، پوورم گلە و ئەوان بەزەیی بارانم دەکەن. من هیچ ناڵێم، هەر سەیر دەکەم. هیچ ناکەم. نە پێدەکەنم و نە دەگریم. پێتان ناڵێم ئێوە چی لە ئەنفال دەزانن؟ ناڵێم ئێوە هەر وەکو چیرۆک و داستان، چەند ساڵێکی تریش وەکو مێژوویەکی تاڵ، وەکو ژمارەیەکی وشک و بێگیان دەیگێڕنەوە، ناڵێم ڕەنگە ئێستا ئێسک و پرووسکی دایکیشم بدۆزنەوە و هەروەکو مشتێ ئێسک و پرووسکی ڕووت، نەک وەکو دنیایەک جوولە و خەون لە تورەکەیەکی بهاون و لە چاڵێکدا کە ناوی دەنێن گۆڕ بیشارنەوە و دوو بەردیشی بۆ بکەن بەکێل و ناوی لەسەر بنووسن. دوو ڕۆژیش لە کاتی زێڕینتان بۆ پرسە و سەرەخۆشی تەرخان بکەن و دوای ئەوە ئیتر تەواو. تەواو. من لێتان ناپرسم کە دوو پەنجە قەیفەی سووری ڕزیو لەو گۆڕانەدا دەدۆزنەوە ئایا وەکو من هەزاران جووتە دەست دەبینیت لەرزە لەرز بووبێتن بەلەمپەر و لەرە و جوولەی مەمکی تورت و تازەپێگەیشتووی ژێر ئەو قەیفە سوورانە لە گلێنەی ئاگراوی تەپلە بەسەران بپارێزن؟ پێتان ناڵێم کە تیلماسکێک سرکەیی پواو دەدۆزنەوە ئاخۆ چەند چاوە چاوی ئێوارانی سەر

کانی و قربوه و نازونووزی ناو ڕەز و باخات بەرپشالەکانیدا تێپەڕیبێتن بێئەوەی بزانن کەی و لە باوەشی مەرگەساتی کام ڕۆژدا خامۆش دەبن. هیچتان پێ نالێم. ئەی کە خۆڵی سەر تاکە نەعلێکی لاستیک دەتەکێنن دەزانن چەند هەڵپە و ڕاکە ڕاکی ڕۆژگار لە دەمارەکانیدا کرچەکرچ شکاون و چەند هەزار جار لە چاوەڕوانی تاکە جێماوەکەی بەر تەلبەندێکدا بێهودەیی تێکەڵ بەگەردیلەی لەکان کردووە. کە ئەڵقەی مەمکەمژەیەکی منالانە دەبینن چی؟ ئاخۆ وەکو من دەزانن چەند هەناسەی گەرم و سارد بەقورگی ئەو مەمکەمژانەدا هاتوون و چوون. ئەو دەستە خرپنانە دەبینن کە دەیان جار ئەو مەمکەمژانەیان خستووەتە بەر ڕەحمەتی چوار دانی تیژی تازە دەرهاتووەوە و یارییان پێکردوون، ئێوە دەزانن هەموو شەوێک کۆڕاڵێک لە تریقانەوەی خامۆش و خرمەی چەپڵەڕێزانێکی گڕگرتوو ئەڵقەی زیکری ناو ئەو مەمکەمژانە جێدەهێڵن و دەچنە نێوان پەڕەکانی ئەو چەند کتێبە تۆز لێنیشتووەی سەر تاقی ژوورەکەی منەوە... من... من هەر سەیر دەکەم. هیچ نالێم، هیچ ناکەم. نە پێدەکەنم. نە دەگریم. تۆش چیتر لێم مەپرسە لە کوێی ئاپوورەکە دام؟!! من لە تۆ... لە ئێوە دەپرسم. منی پاشماوەی ئەنفال... منی فێدار بەواتای ئامە خانی پوورم. دەبێ لە کوێی ئاپوورەکەدا بم؟

زۆر ڕۆژ یان لەو کاتەی لە ماڵ دێمە دەرێ یان ئێوارە وەختەکە لەگەڵ هاوڕێکانمدا لە سەری کۆڵان دەوەستێن دەیبینم، بەخۆی و سەگە ڕەشەکەیەوە بەرەو ماڵی پووری لار دەبێتەوە. لاولاوی خوشکیشم چەند جارێک کە لە دەرگای حەوشەوە سەری کێشاوەتە دەرێ و ئەوی بەخۆی و سەگە ڕەشەکەیەوە دیوە زریکاندوویەتی و دەرگاکەی داخستووەتەوە. وتووشییەتی هەردووکیان شێوەی یەکیان گرتووە، نیگایان کز و ڕێ و ڕۆشتنیان هەر وەکو یەکە. دەڵێی لە یەکتردا تواونەتەوە. ڕاستە منیش خۆ قەتم نەدواندووە، تەنانەت ئەو ڕۆژەش کە لەگەڵ دایکمدا چووین و تێکەڵ



بەئاپوورەکە بووین، ئەو لە ناو دەرگای ژوورە پەرپووتەکەیەوە ملی هەڵبڕیبوو، بێدەنگ سەیری دەکرد.

موراد لەڕولاواز، دەموچاو قوپاو، ئێسکی ڕوومەتەکانی بەئاشکرا دیارن و برۆ ڕەش و پڕەکەی نیوەی چاوی داپۆشیوە، نیگاکانی ئەوەندە کز و مات و بێڕووناکین دەڵێی هەرچی ڕۆشنای ڕۆژگاری بووە قاوشە جەمەلۆنەکان هەڵیانلوشیوە. لاولاوی خوشکم ڕاست دەکات چەندە شێوەی یەک دەدەن. دەڵێی لە یەکتردا تواونەتەوە و مەسخی یەک بوون. وتم قەتم نەدواندووە بەڵام دەزانم، یانی دواتر زانیم. خۆی نووسیبووی: ڕۆژی دواتر جارێک لەگەڵ ئاوێنەکە و جارێک لەگەڵ وێنەکە و جارێکی تریش زۆر بنەوەشییانە لەگەڵ خانمە تیسک ڕەشە خەمبار و چاو کزەکەدا شتگەلێکم باسکردووە.

تا ئێرەی ڕاپۆرتەکە نووسراوی خۆمە مامۆستا گیان. ئەمەی دواتر لە یادداشتنامەکەی موراد دەرمهێناوە. یادداشتنامەکە نموونەیەکی ڕاستەقینەی خەونە سووتاوەکانی مورادێکی دوای ئەنفالە یادداشتنامەیەکی پچڕ پچڕ بەڵام پڕ لە ڕووداو، پڕ لە حەقیقەت. پڕ لە ماناکانی زوڵم و تاوان و ئاگر. پڕ لە بەدەربوون لە مرۆڤایەتی، پڕ لە شەرحی دەیان جۆرە دەستدرێژیکردنە سەر ناموس و شەرەف. پڕە لە باسی جۆرەکانی لەناوبردنی ژیان. باسی جۆرەکانی خیانەت و بێخەبەری لە مێژوو و لە ئایندە. لە ئایندەی تاڵی مورادەکان. ئامە خان لە ڕۆژی ئاپوورەکە ئارامتر بەڵام خەمبارتر خۆی کرد بەماڵماندا و بەدایکمی وت: چیبکەم سەبری خان وا دوو ڕۆژە موراد ڕۆشتووە و نەهاتووەتەوە. نازانم چیبکەم، هەموو ئەو شوێنانەی گومانم بوو لێیبێ چووم بەڵام سۆراغێکی نەبوو. ئێستا هاتووم بەڵکو ئازاد گیان بێت و سەیرێکی ئەو دەفتەرانەی بکات.

– دەفتەر؟

– بەڵێ. ئەو بەر لەوەی ئەم کارەساتەی بەسەر بێت قوتابی بوو، ئەو کاتە ئێوە لەم کۆڵانەدا نەبوون، ئەو چەند ساڵە کتێب و دەفتەرەکانی هەروا لە جێی خۆیاندا ماون. ئەم بەینە جار جار دەمدایە بەر تیلەی چاو. دەمدی خەریکی نووسینە. نەمدەهێشت بزانێ من ئاگام لێیەتی. بەقوربانە بەڵکو بێت سەیرێکی ئەو دەفتەرانەم بۆ بکات بەڵکو ئەمە خوایە شتێکیان تیا بێ.

موراد لە ناوەڕاستی دێڕی یەکەمی لاپەڕەی یەکەمدا بەخەتێکی درشت نووسیویەتی بەرایی بۆ یادداشتنامەکەم بەڵام هەر لە لاپەڕەی یەکەمدا هەندێ شتی نووسیووە ئەگینا تا چەند لاپەڕەیەکی دوای ئەوە هەر بەتاڵە، وا دیارە نیازی بووە زیاتر بنووسێ بەڵام پێدەچێ لەوە زیاتر فریای دەستپێک و بەرایی نووسین نەکەوتبێ، لە دوای ئەو چەند لاپەڕە بەتاڵەوە دەست پێدەکات.

ئاوێنە جگە لەوەی وێنەی خۆتت نیشان دەدات، ئەودیوی وێنەکەشت نیشان ئەدات، ئەم ڕستەیەم لە جێگایەکدا خوێندووەتەوە هەرچەندە نازانم کەی و لە کوێدا؟ بەڵام دەزانم لەودیو وێنەی ناو ئاوێنەکەدا چی دەگوزەرێ. ئەی خودی وێنەکە، وێنەی ناو ئاوێنەکە. ئای لە وێنەکە چەند دەمێکە ئاوا لێی ورد نەبوومەتەوە. لە کێ؟ لە وێنەکە. لە خاوەنی وێنەکە. ئەی لە ئاوێنەکە، ئاوێنەکە ئەوەندەی گو مێش و تەپوتۆز پێوەیە وێنەکە پیس و خاڵخاڵاوی نیشان دەدات. پەڕۆیەک مەگەر هەر خوا بزانێ لە کەیەکەوە لەو سەر تاقە دانراوە هەڵیدەگرم و تۆزێ تفیشی لێ دەدەم ئینجا ئاوێنەکەی پێ پاک دەکەمەوە. ئەی وێنەکەی ناوی چی لێبکەم؟ دەست دەبەم کایە و سەگە سەگەی ڕۆژگار لە چرچی لاجانگ و ژێر گەردن و سەر پێڵو و ژێر پێڵوی وێنەکەدا لەمس دەکەم. لەمسی دەکەم، دەمەوێ بزانم کامیان پێش ئەویتر کەوتووە، یەکەمین تاڵی و سوێری لە توێی کامیاندا خۆی حەشارداوە. ناچمەوە سەر جیاکردنەوەیان، هیچیان پێش هیچیان نەکەوتوون، هەموویان پێکەوە و لە چەند مانگێکدا ڕێگەی تەمەنێک



کارەساتیان کورت کردەوە و پێش وەخت لە سیمامدا لە دایکبوون. پێش وەخت ڕۆحمیان پیر کرد. پێش وەخت باڵامیان بەباڵای مەینەتی گرت. پێش وەخت بەئازار ئاشنایان کردم. پێش وەخت دەستیان خستمە ناو دەستی بارانێ لە حەسرەت. پێش وەخت ئاوێتەی گریانیان کردم. پێش وەخت درۆکانی مێژوو بوونە دروو و لە ڕۆحم هەڵچەقین. وای لەو درۆیانەی مامۆستای مێژوو و کتێبی مێژوو بۆیان دەکردین. وای کە منیش بەخەیاڵ دەچووم و لەو دنیا دوورانەدا خۆم دەکرد بەهاوڕێ و هاودەمی پاڵەوانەکانی ناو مێژوو، چەندە خەونی زەرد و سوورم بەو پاڵەوانانەوە دەبینی و چەند جار خۆم دەدی لەوان سەربەرزتر لە دەرگای مێژوو دەدەم. ئەوان هەموویان بەچەپکە گوڵەوە لەبەر دەروازەی مێژوودا پێشوازیم لێ دەکەن. هەزاران جار خۆمم دەدی بەسەر شانی خەڵکەوە و زۆر بەڕێزەوە دەمبەنە ناو باخچە ڕازاوەکانی مێژووەوە، مێژوونووسە پیر و چاکەکەش دەمنووسێتەوە بەڵام لە خەونەکەدا نەمدەزانی چ پاڵەوانێتییەکم نواندووە. پەککو لەو خەونانە.

ئێستا دەزانم مامۆستای مێژووشمان چ کڵاوێکی سەر چووبوو کە ئەوەندە بەشان و باڵی فڵانە مێژوونووسدا هەڵیدەدا و لە ئێمەی کردبوو بەچاکوپیر. ئێستا دەزانم مێژوونووسەکە چ دووڕوو و کەڵەکبازێکە، مامۆستاکەی منیش چەند گێل و گەمژەیە و منیش چ گوناحێکم بەگەردنی هەردووکیانەوە. ئاخۆ ئەگەر منیش ببوومایە بەمامۆستای مێژوو کە ئەوسا خەونم پێوە دەدی و کتێبی مێژووی پێنج و شەشی سەرەتایی و یەک و دووی ناوەندیشم هەر هەڵگرتبوو. ئاوا کڵاو دەچووە سەرم و گوناحی منالانیشم دەچووە ئەستۆ؟ ئەی تف لەو درۆیانەی بەناوی مێژووەوە دەنووسرێن. ئێستا دەزانم ئەو نووسراو و نەخش و نیگارانەی لەسەر بەرد و دیواری ئەشکەوتەکان هەڵکۆڵراون ڕەنگە هەموویان پێچەوانەی ڕاستی بن. ڕەنگە لە ئەفسانە و داستانە سەیروسەمەرەکاندا هەموو پاڵەوانەکان بوودەڵە و بوودەڵەکان پاڵەوان بن و خەیاڵی مێژوونووسێک هەمووماني

فریو دابێ و تا هەتایە خەو بەو فریوەوە دەبینین و لەگەڵیدا دەژین و چەپڵەی بۆ لێ دەدەین یان چەمۆڵەی لێدەنێین.

ئای مورادی بەر ئاوێنە، ئەم وشانە دەبێ هەر بۆ سووککردنی دەروونی خۆت بنووسی. ئەگینا کێ گوێ لە تۆ دەگرێ. کێ بڕوات پێ دەکات؟ کێ ئەم دەفتەرە شڕە دەخوێنێتەوە؟ کێ بڕوا دەکات پشتی وێنەی ناو ئاوێنەکە لاوێکی شانزە ساڵەیە و قوتابی دواناوەندییە و خەون دەبینێ ببێتە مامۆستای مێژوو. نەبوو. تەنانەت ئەو ڕۆژەش کە سەدان هەزار کەسیان لە دەشتی قوشتەپەدا بۆ حەشر ڕاگرت و خوا ئامادەی دادگاکە نەبوو، هەر حەزی دەکرد ببێ بەمامۆستای مێژوو. ئەو ڕۆژە چاوی لێبوو لەجیاتی خوا سەدان تەپلە لەسەر هاتن و دەستە دەستە خەڵکیان جیا کردەوە. چاوی لێبوو لەو ڕۆژی حەشرەدا نە میزان و تەرازوو دانرا بوو، نە نامەی ئەعمالیان دایە دەست کەس و دەستە دەستە کەس نەیزانی چۆنیان ڕەوانەی دۆزەخ یان بەهەشت کرد. دەنگێک لە هەزار لاوە دەگەیشتە پەردەی گوێی و نەیدەزانی سەرچاوەکەی لە کوێوەیە، دەیووت تۆویان لەسەر زەویدا مەهێڵن. تۆوی خاکەکەشیان. تۆوی ئاویان. تۆوی باڵندە و درەختیان. ژیانیان لێدامالێ. لەم ڕۆژی حەشرەدا چاوی لێبوو، یان هەستی دەکرد چۆن لاوێتی مشت مشت دەمارەکانی جێدێڵێ، دەمار کرژ دەبن و دەبنە چرچ و دەچنە ژێر پێڵو و لاجانگییەوە، قریشکەی گشت کچە جحێڵەکانی دەدی چۆن لە قوڕگی ئەمدا قەتیس دەبن و دەبنە کەف و بەلالیویدا دێنە خوارێ. لەو ڕۆژی حەشرەدا گوێی لە قیژەی دایکی بوو.

– ئای کوڕەکەم. خوایە بۆ وای لێهات. ئەوە خۆ کەف دەچەرێنێ و ئیتر لەو ڕۆژەوە کە خوا نەهاتە دادگا و قریشکە لە گەروویدا خنکا و کەفی چەڕاند، خەونی نەدی ببێتە مامۆستای مێژوو.

پەڕۆکە بەتەپوتۆزەکەوە دەسپێرمە سووچێکی تاقەکە. باوکم بزەیەک دەیگرێ، یان گرتوویەتی... بۆ هەمیشە. من لە بەردەم ئەو بزە هەتا



هەتایەی باوکم و ئەو نیگا خەمینە هەتا هەتایەی دایکم و ئەو دڵەڕاوکە و ئەبڵەقبوونە هەتا هەتایەی خۆمدا دەوەستم و ستایشی ئەو چرکە ساتە دەکەم کە بزە و خەم و ئەبڵەقبوونی بۆ یەکجاری ڕاگرت. پەڕۆ تۆزاوییەکە هەڵدەگرمەوە و شووشە و چوارچێوەکە دەسڕم و بزە و خەم و دڵەڕاوکێ گەشتر دەردەکەون. دەستێک بۆ بزەکەی باوکم دەبەم. بزەکەی زەرد هەڵگەڕاوە هەروەکو ئەو ڕۆژەی بەتەشتە گەجەکەوە لەسەر بیناکەی حاجییەوە کەوتە خوارێ و بۆ یەکجاری بزەیەکی زەرد لەسەر لێوی نەخشا. من ئەو بزە زەردەم لە نێوان فرمێسکە بەخوڕەکەی خۆم و شین و شەپۆڕی دایکم و پووره ئامە خان و کەسوکارەوە بەدیکرد. دیسان وەکو فیلمێکی خاو لەسەر شووشەکەوە دەستێک بەبزە زەردەکەی ناو وێنەکەدا دەهێنم.

– تۆ زۆر ماندوویت بابە. ماندوو نەبی.

عەسرانە ماندوو و شەکەت بەخۆت و بوخچەی جلە گەجاوییەکانتەوە خۆت دەکەی بەماڵدا و لە ڕێیەوە بوخچە جلەکەت دەخەیتە ناو حەوزە بچووکەکەی بەردەمی بەلوعەی حەوشەکە و لە ژوورەکەدا پاڵ دەدەیتەوە، دایکم پەلە پەلە چایەکت بۆ ساز ئەکات. تۆ هەر لە پاڵەوە هەواڵی قوتابخانەم لێدەپرسی و من هەر باسی وانەی مێژوو و مامۆستای مێژووت بۆ دەکەم. ماندووت دەکەم... ماندوویت. تۆ هەر لە ناو ڕیزە سێ قۆڵییەکەوە پێم دەڵێی:

– تۆ ماندووتری. تۆ بەدەست مامۆستای مێژووەوە. بەدەست منەوە کە زوو بەجێم هێشتی. زوو بەکاروانی نەهامەتیم گەیاندی ماندووی. زرنگەی قۆری و پیاڵەکەی دایکم زریکە لە ڕۆحم هەڵدەسێنێ و لە ڕیزە سێ قۆڵییەکەمان دێتە دەرێ و هەر بەو نیگا خەمینەوە ڕووی تێدەکات:

– نا... نا من بووم بەم کاروانەم گەیاند. من تووشی نەهامەتیم کرد. ئەو کاتەی تۆ مردی دەروجیران زۆریان وت: هەموو شوێنێک زەوی خوایە، مەیبەنەوە بۆ ئەو گوندە دوورە. لێرە لەم نزیکانەدا بینێژن، من دەمقیژاند:

خۆی زۆر جار وتوویەتی لە هەر کوێ مردم بمبەنەوە بۆ لای خۆمان. تۆمان بردەوە. ڕێگاکەش دوور بوو، بەڵام من و موراد برینەکەمان گەرمە تەنوور بوو، خۆمان نەدەگرت. هەموو پێنج شەممەیەک بەتاسەوە ملی ڕێمان دەگرت و دەهاتینە دیداری خاکەکەت. وای لەو پێنج شەممەیەی ڕۆشتین و نەهاتینەوە. ڕۆشتین و لەگەڵ خەڵکدا تێکەڵاوی کاروانی نەهامەتی بووین. ئامە خانی خوشکم پێی وتم:

– دەخوشکێ داساکێ. تۆش وەکو من بەدوو مانگ جارێ بڕۆ، بەخوا گوناحت دەگات هەموو حەفتەیەک ئەم کوڕە کێش دەکەیت. من پێم وت ئەمجارە چەند ڕۆژێک لای کەسوکار دەمێنینەوە و ئیتر دوای ئەوە سەردانەکان کەمتر دەکەینەوە.

دوو دڵۆپ فرمێسک دەوەرێتە سەر بزە زەردەکەی باوکم. دەمەوێ بڵێم من تاقەتم نییە لە جێی خۆم بترازێم و لەسەرەکە بێمە دەرێ. دەمەوێ بڵێم ماندووم، ئیتر ناتوانم هەموو ڕۆژێ بچمەوە بەردەرگای وێنەگرەکە و بڕوانمە بزەی سەر لێوی خەڵکانی ناو وێنەکانی ئەودیو جامخانەکە. تاقەتم نییە سەیری دەموچاوی وێنەگرەکە بکەم، با وەکو ئەوسا لێم تووڕە نەبێ:

– ئادەی کەللەزل پێبکەنە. بۆ وا ئەبڵەق بووی. دەی وەکو باوکت بزەیەک بتگرێ، ئاخر ئەم وێنەیە بۆ هەتا هەتایە. یادگارییەکی جوانە دایکم خەریکبوو دووبارە زرنگە لە پیاڵەکان هەستێنێ و بەنیگا خەمینەکانیەوە بەباوکم بڵێ: لە ڕۆژەکەی قوشتەپەوە کە خوا نەهاتە دادگا و قریشکە لە گەروومدا خنکا و کەفم چەراند چیتر خەوم نەدی ببمە مامۆستای مێژوو بەڵام دایکم ئەمەی نەوت، چاوی لەو دوو دڵۆپە فرمێسکە بوو چۆن داوەرینە سەر بزە زەردەکەی باوکم.

پەڕۆکە بەتەپوتۆزی شووشە و چوارچێوەکەوە دەخەمەوە سووچی تاقەکەوە. بێزار و بێتاقەت پشت دەکەمە تاقەکە چاوم لە خاڵێک گیر ئەبێ، نازانم خاڵەکە بەدیوارەکەی ئەوبەرەوەیە یان هەر وا لە بەرامبەرمدا



قووت بووەتەوە. چاو ناتروکێنم، بەڵام خاو خاو دادەخزێمە خوارێ و دەنیشمە سەر زەویەکە. خاڵەکە دەبێ بەدووان و وردە وردە گەورە دەبن. دەبنە دوو نیگای زۆر کز و خەمین. نیگاکانی دایکمن. خۆشم دەوێن. لە ژێر ئەو تۆپەڵە تیسکە ڕەشەوە بانگم دەکەن. وەکو ئەو ڕۆژەی لەودیو نەردەی پەنجەرە بچووکەکەی قاوشەکەوە دوا چەپکە قژ و دوا ئێسک و پرووسکی دایکمم بەدەمییەوە دی و زۆر بەقینەوە لێیوردبوومەوە، ئەو زۆر کز لە منی ڕوانی. چوارچنگۆڵە لەودیو پەنجەرەکەوە بەرامبەری لێگرتم و ئیتر ڕۆژ بەڕۆژ نیگاکانی کزتر و ڕوانینەکانی بۆ من قوڵتر و بەسۆزتر دەبوو، منیش ئەوەندەم لێبڕوانی خەریکبوو بەنەردەکانەوە وشک دەبوومەوە. خەو و خۆراکم نەمابوو. ئەویش چیتر نەچووە سەر تەرمی تر و هەر لە منی دەڕوانی. بەجووتە هەردووکمان لێکمان دەڕوانی ئەو دایکم بوو. دایکم لەودا بوو. بەهەموو سۆز و خۆشەویستییەوە. من ئەوەندە پاڕامەوە بمبەنە لای تا ڕۆژێکیان دەرگاکەیان لێکردەوە و بەشەوقەوە پەلامارمدا. باوەشم پێدا کرد. ئەویش هەر وەکو دایکم بۆنی پێوە کردم. خەڵکەکە بۆمان گریان. یا ساوڵەکان هەندێکیان پێدەکەنین و هەندێکیان وەک بترسن یان دڵیان بسووتێ بۆ یەکجاری وەدەریان نایین.

تۆ دایکمی بەهەموو نیگا و بێدەنگیتەوە. بەهەموو بەستەزمانی و داماویتەوە. تۆ دایکمی بەهەموو ڕۆح پاکی و پەپوولەبوونتەوە، من ڕۆژانە بێ دەنگ دەتگێڕم. دەتبەمە بەر دوکانی وێنەگرەکە و ڕۆژی وێنەگرتنەکەمانت بیر ئەخەمەوە. تۆ هەر سەیر ئەکەی هیچ نالێی... من دڵنیام تۆ دەڵێی کەس ئاگای لە من و تۆ نییە. ڕاست دەکەیت. بۆیە بڕیارمداوە بەیانی ئەم ژوور و ئەم یادداشتنامەیە بەجێ دەهێڵین و بەجووتە ملی ڕێ دەگرین، وەکو ئەوسا دەچین بۆ زیارەتی گۆڕەکەی باوکم.

# هەر چاوێک و چەند دانە مێخەک

ڕاستە من وەکو تۆ نیم. نە گوێ و لووت و دەم و ڕوومەت، نە لەشولارم هەیە، بەڵام تاقە چاوێک و دوو سێ دانی شاش و دنیایەک تاسە و سۆزم پێیە.

خۆ دەزانم پێت سەیرە ئاوا بدوێم!

– نا، پێم سەیرە ئەگەر وابزانی کارەسات لای من هەر بەئەندازەی وشەیەک لە مێشکمدا دەچەرخێ و قەوارە دەگرێ. ئەگەر وابزانی من وەکو باس و خواسێک دەبیبیستم و بەئارەزووی خۆم دنیایەکی لێدروست دەکەم چونکە، تێیدا نەژیاوم و، تۆ تێیدا ژیاوی.

– من حەقمە، چونکە تۆ نازانی چۆن لە هەناسەبڕکێی گوڵەوە، لە بۆنی عەرەقی ژێرباڵییەوە، لە چرکە ساتی ئازارەکانی مەمکی چەپ و پەراسووەکانییەوە سات بەساتیم لە مس کردووە و، بووەتە هەوێنی هەزاران جۆرە گریانم. لاشت سەیر نەبێ ئەگەر باسی گریان بکەم!. من شانزە ساڵە بەو تاقە چاوەمەوە بەقەد هەمووتان گریاوم. ئێستاش هەر دەگریم. گریانێکی تر. جیاوازتر لە گریانی ئەو شانزە ساڵەم. من حەزمدەکرد تا هەتایە لەو چاڵەدا و بەم تاقە چاوەمەوە بڕوانمە شوێن هەردوو چاوە چۆڵەکەی گوڵە و دەیان شوێن چاوی چۆڵیتر و بۆیان بگریم. نا، لەگەڵیاندا بگریم. ئێوە نازانن ئەو شوێن چاوە چۆڵانە چۆن هەموو ساتێ دەڕواننە یەک و بۆ یەک دەگرین، شوێن چاوە چۆڵەکانی گوڵە نەبێ وەک ئەوسا چۆن بەشەرمەوە دایخستن و ئیتر هەرگیز هەڵینەبڕین، هەروا بەداخراوی مانەوە و تا هەنووکەش شەرمیان لێدەبارێ و ناڕواننە کەس.

پێم نەوتی دنیایەک سۆزم پێیە، خۆ تۆش هەر سۆز بوو پاڵی پێوە نایت



کە چەند شەقاوێک دوورتر لە چاڵەکە دانەویتەوە و من هەڵگری. باڵای ژەنگاویم ئەمدیو ئەودیو بکەیت و لە تاقە چاوەکەم بڕوانی. لە دڵی خۆشتدا پێت وایە کە من پەیوەندییم بەو شەڕواڵە ڕزیوە یان ئەو لەتە دەرپێ ژنانەیەوە هەیە کە لەگەڵیاندا هەڵدرامە دەرێ و دوور لە چاڵەکەوە کەوتم، خۆ دیت چەندە پواو بوون و بەدەستەوە هەڵدەوەرین. ئەی گوێت لەو مەلایە بوو کە لەگەڵ خەڵکەکەدا هاتبوو چەندی ئەستەغفیروڵڵا کرد. دەیوت:

– گوناحێکی کەبیرەیە شەرواڵ و دەرپێ تێکەڵ بوون.

تۆ ئاگات لە من نییە، نازانی هاوەدەمی ئەو تیلماسکە قەیفە مۆرە خامەکییە بووم کە دواتر لەگەڵ چەند کەللە سەرێکدا هات بەدەستەوە و زۆر دوور لەمنەوە دانرا. تۆی نەورووژاند. لە دڵی خۆتدا دەتەوێ لە منەوە، یان لەو دوو پارچە پواوەوە دنیای کارەسات بخوڵقێنی. من پەیوەندیم بەو تیلماسکە قەیفە مۆرەوە هەیە. ئەو تیلماسکە قەیفە مۆرە لە سوخمەکەی گوڵە بوو. گوڵە دەمێک بوو ئەو سوخمەیەی هەبوو، خەزووری لە حەجی پاری ئەو پارچەیەی بۆ هێنا بوو، گوڵە زۆری لا جوان بوو بۆیە جار جارە یەکدوو ڕۆژێک لەبەری ئەکرد و هەڵیدەگرتەوە. تۆ ئاگات لەمە هەر نییە. هەروەکو گوڵەش ئاگای لەوە نەبوو چ ڕۆژێک مامۆستا وریا-ی تاقانە کوڕی ئەحمەد بەگ و بەڕێوەبەری قوتابخانەی گوندەکەیان منی لەگەڵ کۆمەڵێ پێویستی قوتابخانەدا لە شارەوە هێنابوو، بەڵام ئەو ڕۆژەی دەزانی و هەرگیز لە بیری نەدەکرد کە لە گیرفانی چۆغە خورماییەکەی وریاوە گەیشتمە گیرفانی چەپی سوخمەکەی خۆی. منیش ئەوسا گوڵەم ناسی بەچەپکێ شەرمی خۆشەوە. ئەوسا کەی بوو؟ ئەو ساتەی کە زرمەی دەهۆڵ و زوڕنا لاسکی باریک و ئاڵتوونی قەرسیلەکانی دەوروبەری گوندیان جێهێشت و لە ناو سپیایی دەنکە برنجی مەرەزەکاندا حەوانەوە. کە کۆڕی ڕەشبەڵەک بڵاوەی کرد و زرمەی سێ پێی نەرمە نەرمە گەیشتنە بەردەرگای قەیرە فریشتەکانی ئاسمان و تامەزرۆیی شەوانیانی ورووژاند. کە بووک و

زاوا کرانە پەردەوە و گوڵە ڕووی نەهات سەیری ناو ژوورەکەش بکات. وریا دەستی بردە ژێر چەناگەی و هەڵیبڕی و قەیرێک لەو جوانییە ڕاما، ئەوسا منی لە گیرفانی چۆغە خورماییەکەی دەرهێنا و خستمیە ناو لەپی گوڵەوە، پێی وت:

– سەیری ژوورەکەمان بکە، لەمڕۆوە ئیتر کلیلی ئەم بەهەشتە لای تۆ دەبێ. من لەو ساتە خۆشانەوە بوومە هاودەمی گوڵە و مەنزڵگەشم لەگەڵ چەند دەنکە مێخەکێکدا گیرفانی چەپی سوخمەکانی بووە.

ئەرێ گوڵە من تا ئێستاش نەمزانیوە تۆ گوڵاڵە یا گوڵەباخ یان گوڵزار بووی بەڵام دەزانم لای هەمووان گوڵەخان بووی. من لە هاودەمیی تۆدا بەختەوەرترینی ئەم سەرزەمینە بووم. تۆ نەک هەر تاقانە بووک بەڵکو خانمی خانمان و گوڵی جوان و بووکەسوورەی سەرزاری ئەحمەد بەگی خاوەن لاودیوەخان و قۆناغداری ناوچەکە بووی، ڕۆژی دە جار بانگی دەکردی:

– وەرە لای خۆمەوە دانیشە، خانمی خانمانی ماڵەکەم

گوڵەخان کاڵ و کرج و باریکەلە و ناوقەد باریک نەبوو بەڵکو سەوزەیەکی گەرمیانی کەڵەگەت و ئێسقان پان بوو. چاو و برۆ گەش و خوێن شیرین. لای وریا و لای من و لای هەمووان جوانێکی بێ وێنە بوو. هەموو دەیانوت هەرچی جوانییەک خوا بەگەرمیانییەکانی ڕەوا دیبێ لەمدا هەیە. بیرمە شەوێک وریا پێیوتی:

– دیارە ئەو کاتەی خوا تۆی دروست کردووە سەرودڵ خۆش و ڕۆحی ئاسوودە بووە. لەو کاتەدا نە فریشتە و نە ئادەمی سەرئێشەیان بۆ دروست نەکردووە، بۆیە هەرچی جوانییەکانە لە جێی خۆیاندان و بەقەد میسقالە زەڕەیەک ناحەزیت تیا بەدیناکەم. جگە لە هەموو ئەمانە گوڵە زۆر سەنگین و سەلار و بەحەیاش بووە. قەت لە ڕووی هەڵنەهاتووە لە ئاستی خەسوو و خەزووریدا دەنگ هەڵبڕێ، لەو دوایانەشدا کە جار جارە پێیان دەوت ئاگات لە خۆت بێ. دەست مەدەرە شتی قورس چونکە تۆ بارت گرانە،



شەرمێکی سەیر و خۆش هەموو گیانی دەنیشاندە سەر عارەق و بەپەلە بۆ ژوورەکەی خۆی هەڵدەهات، منیش بەئەندازەی ئەو شەرمە خۆشەی ئەو لەو ساتەدا لە کونی دەرگاکەدا سەمام دەکرد و دەچەرخام، پاشان دووبارە لە گیرفانی چەپی هێلەکەکەیەوە ئاگام لە چرکە و ختوورەی دڵی دەبوو. من دەیان جار لەو ژوورەیدا تێکەڵ ئاونگی شەرمی دەبووم و نەیدەدی. من میوانی هەمیشەیی سنگ و بەرۆکی بووم و نەیدەزانی. ئەو ڕۆژەش زۆرم حەز ئەکرد ئاگای لە قیژە و هاوار و پاڕانەوەکانم بێ، بەڵام ئەو ڕۆژە نەک هەر ئەو کەس ئاگای لە هیچ نەما بوو. ئەو ڕۆژە کەس نەیزانی چۆن ڕەوە گورگ پەلاماری گوندیان دا و ئاگریان بەسەردا تفاندەوە. هێندەی نەبرد لە باوەشی ئەم بەهەشتە بچکۆلەیەدا دۆزەخێکی پان و بەرین لەدایکبوو، تەنانەت گومەزی مزگەوت و تابلۆی سەر قوتابخانەکەش بەچۆکدا هاتن و کەوتن.

– چ لێقەومانێک بووە ئەو ڕۆژە، خەڵک لە ناو کورەی ئاگری ماڵەکانیانەوە بەشڵەژاوی هاتوونەتە دەرێ و بێئەوەی هیچ بەیەکتر بڵێن تۆقیو تۆقیو لێکیان ڕوانیوە.

– وەی لەو تۆقین و ئەبڵەق بوونە، باسکی ئاگرینی خەڵفە چنارەکانی دەروێش حەسەن لە قرچەی دەمارەکانی خۆیاندا بۆ کڕوزی قژی دەروێش و دوا هاسکە هاسکی هەڵپڕوکاوی کۆترەکانی دەوری گومەزی مزگەوتیان بەگڕەوە بەرەو لای خوا هەڵبڕیبوو. ئەوان سەرباشقەی کاروانی دۆزەخین بوون و ئێمە شوێنیان کەوتین. ئێمە یانی من و گوڵە و هەموو خەڵکی گوند شوێن کۆچی دۆزەخین کەوتین بەڵام بۆ دوا جار کە لامان کردەوە درەختە گەورەی سەر مەزارەکەی شێخ عیسا بەلادا هاتبوو و لقێکی بەحاڵ سەری هەڵبڕیبوو و لە چەمەکەی ڕوانیبوو کە خەریکبوون ژەهریان دەرخوارد دەدا. مریشکە بەکڕەکەی میمکە خەجێ بەسەر هێلکەکانییەوە دەسووتا و ئەوان چەپڵەیان بۆ لێدەدا. ماڵات و باڵندە و پەلەوەر بەیەکدا دەهاتن و گابۆڕێکی ئەوتۆیان ساز کردبوو، نەمدەزانی شینی کۆچی دۆزەخینی ئێمە

دەگێڕن یان دەیانەوێ شتێ بەخوا بلێین. لەم کاتەدا دڵی گوڵەش ئەوەندەی ئەم دۆزەخە داگیرساوە خەمی وریای تیا دەگرا کە دوو ڕۆژ بوو بۆ کاروباری قوتابخانە چووبووە شار.

– بلێی بتوانێ بێتەوە؟ ئەی ئەگەر بێتەوە چییەکات؟ دەرگاکە چۆن دەکاتەوە؟ چیبکەم؟ کلیلی لە کوێدا بۆ دانێم، خۆی جارێک وای پێ وتم:

– هەر کاتێ چووی بۆ جێگایەک کلیلەکەم لە ژێر دەرگای ژوورەکەدا بۆ دابنێ یان چاڵێکی بچکۆلانەی لە ژێر درەختەکەدا بۆ هەڵکەنە. من ئەوسا پێیکەنیم، وتم: جا من بۆ کوێئەچم، بشچم ئەوا دایکت لە ماڵە و لای ئەوی دادەنێم.

بەخۆت نەبوو، سێ پەنجەت بۆ لای من شۆڕ کردەوە، من هاوارمکرد:

نەکەی گوڵەخان، نەکەی، جێمنەهێڵی. من بێ ئێوە هەڵناکەم. وریاش ناگاتەوە ئێرە. تۆ گوێت لە قیژەکەم نەبوو. کەسی تریش گوێی لێنەبوو، بەڵام بەر لەوەی لە قیژە بکەوم ئەوان ڕژانە ناوماڵ و درەختەیان لە بنەوە بڕییەوە. تۆ ڕووت نەهات بقیژێنی. لەگەڵ خەسوو و خەزوورتدا بەرەو زیلەکانیان بردن. خەسووت ئەوەندە فریاکەوت چنگێ مێوژ و گوێزی- بئاخنێتە گیرفانی خۆی و تۆوە. لە زیلەکەشدا بەدزییەوە تۆزێکی کردە گیرفانی ئەحمەد بەگەوە. دایە لەیلێ-شم چاو لێبوو، یانی گشتمان چاومان لێبوو کە لە ماڵ هێنایانە دەر، توورەکەیەکی بەکۆڵەوە بوو وەک پێشتر ئامادەی کردبێ. لەبەر زیلەکەدا یاساوڵێک پڕیدایە توورەکەکەی و تا دەستی گرتی فڕێیدا و خۆشیان بەپاڵ و سیخورمە سوار کرد. ئەحمەد بەگ خۆی ڕاپسکاند هەستێ، یان وەکو جاران تێخوڕێ بەڵام دەستێکی بەدەستدادا و دانیشتەوە کیوێک لە سەهۆڵی ترس و شەرم هەناوتی هێنابووە لەرزین، خەریکبوو دانە چۆقەت پێبکەوێ. ویستت پێت نەزانن، هەردوو دەستت ڕاست و چەپ لە ژێربالەکانت گیر کرد.

نازداری کوڕەزای دایە لەیلێ کە تەمەنی لە حەوت ساڵان تێنەدەپەڕی لە



نێوان تۆ و نەخشینی دایکیدا کسکۆڵەی کردبوو، جار جارێک بەپەلە دەستێکی بەقۆڵتدا دەهێنا وەکو ئەوەی کراسەکەتی پێ جوان بێ و حەزکات دەستی پێدا بهێنێ، یان ڕەنگیشە لە ترسەکەت گەیشتبێ و ویستبێتی هاوبەشی ئەو ترسە بکات. یەکدوو جاریش نیگا گەشەکانی لە نیگا تۆقیوەکانی تۆ گیر بوون. نیگاکانی پڕبوون لە تەمەننای جوانییەکەی تۆ و تۆش بێدەنگ خۆتت سەرزەنشت دەکرد: دەک بەخێر نەیەمەوە، نەمتوانی ئەو کلیلەی لە ژێر دەرگاکەدا بۆ دابنێم. بەڵام وڕاوە و سەرزەنشت هێشتا لە ماڵی دڵتدا بوون ئەوان بەربوونە دەرگا و بەبەرچاوی من و تۆ و خەڵک و زەردەپەڕ و مەرەزەکانەوە گوندییان کردە سارایەکی ئاگرین. ئەو ڕۆژە دۆزەخینە ئیتر دوا ساتی دەست لێک بەردانی ئێوە و بەختەوەری بوو. دوا ساتی لێک هەڵبڕانی هەموو گوڵە و وریاکان و هەموو تۆ و دەرگاکان بوو.

– وا پێدەچێ هەر بەڕاستی خەریکبی لە منەوە دەست پێبکەی. ئەی شەرواڵ و دەرپێکە چی لێدەکەیت؟.

لەو ڕۆژە دۆزەخینە بەدواوە تۆ هەستت کرد تاقە چاوێکت هەیە و دەبێ وەقفی گریانی بکەی. دڵۆپەی گریانەکانیشت لەو ڕۆژە بەدواوە وردە وردە بوونە پەڵەی ژەنگ و دایانپۆشیت. من دەزانم ئێستا و ئێستاش لە تۆ و خوا زیاتر هیچ کەس شایەتی لەدایکبوونی ئەو ڕۆژە دۆزەخینە نادات.

– جا بلێی خواش ئاگای لە من بێ، بلێی بزانێ کە ئەمڕۆ لە ناو گەردی پەراسووە هاڕاوەکانی گوڵەوە دەریانهێنام چۆن بۆنی هەناسە و بۆنی عەرەقی ژێربال و ئەو چەند دەنکە مێخەکەی ناو گیرفانەکەیم لێ گوم بوو. من چەند ساڵە ئەو بۆنانەم لە خۆمدا داشاردووە. تۆ بزانی یان نەزانی گوڵەخان، خواش ئاگای لێبێ یان نەبێ من ئەمشەو میوانێکی نامۆی سەر مێزێکی ڕەقوتەقی نووسەرێکم بەقەولی خۆی بەهیوایە هەقایەتی کۆچی دۆزەخینی ئێمە بنووسێتەوە و لە منەوە دەست پێبکات. لە هەستی منەوە. لە تاقە چاوە بێ سۆما و هەمیشە گریاوەکەی منەوە. لە باڵای ژەنگاویم کە

چیتر لە دڵی هیچ دەرگایەکدا ناچەرخێ و گۆرانی کرانەوە بۆ هیچ ژوورێک ناچڕێ.

– ڕاست دەکات تۆ دەتەوێ لەوەوە دەست پێبکەیت. سەر مێزەکەت بەوردە کاغز و گۆڤار و ڕۆژنامە قەرەباڵغ کردووە و بەهیوای لەوەوە دنیای ناو چاڵەکان زیندوو بکەیتەوە. بەڵام ئەو نا. من لێت دەپرسم.

– چۆن دەتوانی ئەو ساتانە بەیان بکەیت کە زمانی هەزاران کەس بەمەلاشویانەوە وشک هەڵاتن و لێویان سپی هەڵگەڕان؟ ئەو شەرمە ژنانەیە لە کام وشە و کام ڕستەدا جێ دەکەیتەوە، ئەو دەمەی گوڵە و دەیانی وەک گوڵە لە چاڵێکدا لەگەڵ براکانیاندا خەوتن و ڕوویان نەهات چاو هەڵهێنن تا بزانن ئەوەی لایانەوە کێیە و چۆنە و چی لەبەرە. ئەو ترس و تۆقین و ئەبڵەق بوونەی سیمای گوڵە و خوشک و براکانی داگرتبوو چۆن چۆنی دەنووسیتەوە؟

باسی ترس و تۆقین دەکەی؟ وای کاتێ ترس و تۆقین و ئەبڵەق بوون لەو چاڵەدا بەریەک کەوتن کەس نازانێ چۆن بوونە نووزەیەکی ڕەنگ پەڕیو و لە مشتە خۆڵێکدا گوم بوون!!

– تۆ دەتوانی ئەو نووزەیە بنووسیتەوە؟

– ئەو نووزەیە نانووسرێ. ناکێشرێ. ناندوێندرێ؟

– ئەی تۆ چیدەکەیت؟

– من ئەڵێم هەوڵ دەدەم چەند ساتێک لەگەڵ ئەو نووزەیەدا بژیم.

– دەڵێم ئەو نووزە ڕەنگ پەڕیوە ڕەنگە تا ئێستاش لە خانەیەکی بچووکی مێشکی شۆفێری شۆفڵەکەدا خۆی داشاردبێ و شەوێک لە دەرگای مێشکی بدات.

ئەی بۆ لەوەوە دەست پێ ناکەیت؟!

بڵێی ئەو شۆفێرە ئەو شەوە خەوی لێکەوتبێ؟ بڵێی شەوێک لە شەوان



نووزەیەک لە خەوی ڕاپەڕاندبێ؟ بڵێی زانیبێتی گوڵە لە شەرماندا چیتر چاوی هەڵنەبڕیوە؟.

گوڵەخان ببوورە، ئەو ساتەی هەڵیانڕشتینە ناو چاڵەکەوە، لەگەڵ ئانیشکی یەکێکی تردا نازانم کێ بوو چەقیمە مەمکی چەپت و تا سەر ئێسقان نەوەستام. بروسکەی ئازارێکی سەیرم گەیاندە پەڕەی دڵت. بەڵام هیچی نەبرد کە ئێسقان تێکوپێک شکان. گۆشت و خوێن و جەرگ و ڕیخۆڵە تێکەڵاو بوون. کۆرپەکەی ناو سکی تۆش بەزەبری ئەو گشتە سەر و لاق و دەست و ئەژنۆیەی لێک گیر دەبوون لەگەڵ ڕیخۆڵە و یۆڵداشدا تێکەڵاو بوون. چاوم لێبوو دوایین ورتە و دوا هەناسەت پچڕ پچڕ چۆقەی دان و لەرەی لێوتیان بەجێدەهێشت. تۆ لەبەر خۆتەوە دەتوت:

– خوایە، کە ئەمە چارەنووسم بوو دەبا کەسێکی خۆمم لەگەڵ بایە، بەڵام زۆر زوو پەشیمان بوویتەوە. نا، نا خوایە تۆببە، ئەوان گوناحن. قەیناکە با هەر من بمرم. ئاخ وریا بڵێی ئێستا چەند سەرگەردان و پەریشان بێ. ئەی دایک و باوکم چیدەکەن؟ چەندم تاسە کردوون. تاسەی دیوەخانە قەرەباڵغەکەی باوکم. تاسەی مامۆستای گوندەکەشمانم کردووە کە فێری خوێندەواری دەکردین. بڵێی ئەوانیش وەکو ئێمەیان لێ بەسەر نەهاتبێ؟ ناخۆشییەکەی ئەوەیە کەسیان نازانن من لێرەم. ئێرە کوێیە خوایە؟ ڕەنگبێ ئێرە ئەو دەشتی مەحشەرە بێ کە ساڵان نەنکم باسی دەکرد. دەیوت ئازای ئەندامی ئینسان لێک گوم دەبن. چاو کەللەسەری لێگوم دەبێ، پەنجە دەست، دڵ قەفەسەکەی سینە و زمان لە دەم و لچ دەگەڕێ. ئەی خەسوو و خەزوورم چەند گوناح بوون، کە لێکیان جیا کردینەوە. خەزوورم وەک پڵنگێکی پێکراو ڕەنگی پەڕی، چاوەکانی بوونە دوو کورەی ئاگر، قەتم وا توڕە و شڵەژاو نەدیبوو، خستمیە پشتی خۆیەوە و لە یاساوڵەکە چووە پێشێ و نەڕاندی: دەستی بۆ مەبە خوانەناس.

ئەو لە قسەکانی تێنەگەیشت بەڵام بەشێوە و خۆ ڕاپسکاندنیدا زانی

مەبەستی چییە، بۆیە بەقۆناغە تفەنگ و شەق تێیبەربوو. ئەوی بەدەمدا خست و منیشی پەلکێش کرد، شێوەیم هەر لە بەرچاوە، بەکەوتوویش لای کردەوە و سەیرێکی کردم. چاوە گەشەکانی لە ناو شەپۆلی خوێن و تێشکان و قەهری بێدەسەڵاتیدا خەریکبوون کز دەبوون و دەکوژانەوە. خەسووشم چلۆن بانگی هەڵدا و پڕ بەساڵۆنەکە قریشکاندی:

– ئۆی خوایە هەڵینەگری. خوایە...!!

بەکەللەسەرەکاندا دیار بوو، وشەی خوایە بەسەر زاری هەمموو خەوتووانی ناو چاڵەکەوە شێوەی تایبەتی خۆی وەرگرتبوو و هەر ئەویش دوا وێستگەی حەوانەوەی دوایین هەناسە و دوایین خۆزگە و دوایین هیوایان بووە، بۆیەکە وردە وردە گۆشت و پێستی سەروچاو و دەوروبەری دەم و پلیان وشک بوونەتەوە و هەڵوەریون هەردوو ریزە دانەکانیان بەشێوەی وشەی خوایە نیشتوونەتە سەریەک.

پێدەچێ هەروا دوودڵ بی. نازانی لە منەوە دەست پێبکەیت یان لەو کەللەسەر و ریزە دانانەی نیشتوونەتە سەریەک، یان ئەو نووزە ڕەنگ پەریوەی کە لە خانەیەکی بچووکی مێشکی شۆفێری شۆفڵەکەدا خۆی داشاردووە. یان لە شەرواڵ و دەرپێکەوە... تۆ ئارەزووی خۆتە لە کوێوە دەستی پێبکەیت بەڵام من بۆ بۆنێکی ژێربالّ و ئەو چەند دەنکە مێخەکەی ناو گیرفانەکەی گوڵە کە ئەمڕۆ لێتان گوم کردم بەو تاقە چاوەمەوە هەر دەگریم و دەگریم.

٢٠٠٤



# تا هەتاو نەکەوێ

کاتێ بەلای چایخانەکەدا تێپەڕ بوو، ئەو دوو کەسەی لەسەر شۆستەکە وەستا بوون سەیرێکیان کرد، یەکێکیان دەستی بەگیرفانیدا کرد، ئەم وایزانی خەریکن بانگی دەکەن، تیلەچاوێکی دانێ... خەریکبوو بەرەو پیریان بچێت، ئەویتریان کە زەق زەق سەیری دەکرد بانگی شاگردی چایچییەکەی کرد: «پارەکەت کاکە!»...

ئەم دەستی کردەوە بەهەنگاونان، یەک دوو پەڵە هەور ڕژایە چاوەکانی و ڕوخساری دایکی هاتەوە بەرچاو... دەیوت:

«ڕۆڵە! تۆ کچیت، نابێ دوور بکەویتەوە، لە بەردەم چایخانە و ناو بازاڕدا مەوەستە، بانگیشیان کردیت خۆتی لێکەڕ بکە، بچۆرە نزیک کۆمەڵە منداڵ و بەردەم قوتابخانەکان...» سەیرێکی خۆی کرد و کراسە سوورە سوورمەکەی لە شەرمی دەرکەوتنی ئاوڵکراسە شینە چڵکنەکەی تۆزێ ڕێک کرد و پێی هەڵگرت و بەرەو دەرگای قوتابخانەکە هەنگاوی نا...

لە ئاوێنەی شەرم و سۆزی منالّی خۆیدا قسەکانی و سیمای دایکی وەک گزنگی ئالّ و مۆر دەدرەوشانەوە... «کراسەکەت هەتا بشۆریت هەڵدەچێت، کۆنیش بووە. ئەگەر ئەم هەفتەیە زۆر قازانج بکەیت کراسێکی تازەت بۆ دەکەم!»...

قوتابییەکان پۆل پۆل لە حەوشەکەدا دەسووڕانەوە، بزەیەک گرتی و زیاتر هەنگاوەکانی ئەدایە دەم یەکتری...

– زەنگی پشووی لێداوە، هەر ئەو مامە فەڕاشە دەرگاکەم لێبکاتەوە، ئیتر... لە بەردەرگا گەورەکەی قوتابخانەکەدا وەستا و کیسە نایلۆنە ڕەش هەڵگەڕاوەکەی دانا و، بەدەستە خرپنەکانی قژە زەرد و ئالۆزاوەکەی کردەوە بەژێر لەچکە لۆچ و پۆچەکەیدا و هێشتا هەر هەناسەبڕکێی بوو...

– مامەکە توخوا دەرەوە ساردە، ئەو دەرگایەم بۆ ناکەیتەوە؟

– بابە گیان، وەڵڵا من حەز دەکەم... بەڵام نایەڵن... نا...

قوتابییەکان وەک پۆلە چۆلەکەی دەوری دارتوویەکی دەمەوئێواران بەیەکدا دەهاتن و دەچوون و قیژە قیژیان دەهات...

– ئا پیاڵەیەک گوڵەبەڕۆژەم بدەرێ...

لە کونی شیشی پەرژینەکەوە پیاڵە گوڵەبەڕۆژەکەی دایە دەستی

– بەخوا کەمە ئەوە چییە؟...

– چیبکەم گران بووە...

فەڕاشێکی تر لە ژووری بەڕێوەبەر هاتە دەرەوە و (بۆ ئاگاداری)یەکی هەڵواسی:

«نابێ گوڵەبەڕۆژە و قەزوان فرۆش بێنە ناو قوتابخانەوە» . کچەکە دەستە بچکۆلەکانی خستبووە گیرفانی چاکەتە لەنگەکەیەوە و تاو تاویش سەرنجێکی وردی دەموچاوی فەڕاشەکەی دەدا...



زەنگ لێیدا قوتابییەکان وردە وردە دەستیان لە یەخەی پەرژینەکە کردەوە. ئەم هەناسەیەکی هەڵکێشا... هێشتا هەناسەکە لە گەروویدا بوو فەڕاشەکە پێی وت:

– ناوت چییە؟

– نازەنین...

– کچی کێیت؟

– کچی عومەر...

– باوکت چیئەکات؟

– مردووە...

فەڕاشەکە ڕووی تێکرد:

– کچی خۆم ئێستا ساردە، تۆش منالّیت بەرگەی ئەم سەرمایە ناگریت، بچۆرەوە مالّەوە کە خۆر دەرکەوت ئەوسا وەرە دەرەوە... باشە عاقڵ. فەڕاشەکە هەر خۆی دەخواردەوە... لەپڕا پشتی تێکرد و بەرەو حەوشەکە ڕۆیشت. ئەمیش کیسە نایلۆنەکەی هەڵگرت و سەیری ئاسمانی کرد... تیشکی خۆر تازە هەندێ درز و کەلەبەری کردبووە کەللەی ئەو هەورە ڕەشەی بەریگرتبوو... لە سەرماندا هەڵدەلەرزی، قاچەکانی تا دەهات سڕ و قورس دەبوون و پەنجەکانی لە گۆ ئەچوون. ئاوڕێکی لە فەڕاشەکە دایەوە و ڕووە و شەقامەکە کەوتە ڕێ... سەری گێژی دەخوارد، هەورە بروسکەیەک گرماندی... ڕاچڵەکی... ژنێک لەوبەر شەقامەکەوە لە دەرگای مالّەکەیان هاتە دەرێ... بانگی کوڕە بچکۆلەکەی کرد...

– ئازاد گیان: دەوەرە ژوورەوە سەرمات دەبێت... ئەم زیاتر کەوتە چۆقە و هەڵلەرزین... کە ژنەکەی دی سیما خەمبار و شیرینەکەی دایکی هاتە پێش چاو:

«تۆ کچیت. نابێ دوور بکەویتەوە... لە بەردەم چایخانە و... کراسەکەت

هەتا... قازانج... کراسێکی تازە...»

سیمای فەڕاشەکەی هەر لە بەرچاو بوو... «کچی خۆم ئێستا دنیا ساردە... کە خۆر... بچۆ بۆ جێگایەکی تر ئێرە قوتابخانەیە... مەیەڵن قەزوان و گوڵەبەڕۆژە فرۆش... بەڕێوەبەر... تووڕە...»

شریخەی دەنگێ هاتە گوێی... هەورە بروسکەیەک ناڵەی کرد، تارماییەکی زەرد بەرچاوی گرت... هەر دەیگرماند... چاوی چەخماخەیدا... زریکە لە کەللەی هەستا... کیسە نایلۆنەکە پەڕی، گوڵەبەڕۆژەکەی پرش و بڵاو بووەوە... دوای تاوێک حەشاماتێک پێیان دەنا بەدەنکە گوڵەبەڕۆژە پرش و بڵاوبووەکەدا... ژنێک سنگی دەکوتا و هاواریدەکرد... خۆیدا بەسەر تۆپەڵێک گۆشت و خوێنی تێکەڵ بوودا... یەکێک هەر هاواریدەکرد...

– ڕەقەمەکەیم گرتووە...

یەکێکی تر ڕوویکردە ژنە کۆست کەوتووەکە و خەڵکەکە...

– ئۆتۆمبیلێکی زەرد بوو... زەرد...

---

ئەم چیرۆکە یەکەمین هەنگاو هەڵگرتنمە بۆ ناو دنیای چیرۆک کە مێژووی لە دایکبوونی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٧٧ و هەر لەو ساڵەشدا و لە ڕۆژنامەی بیری نوێی ژمارە ٣٤٣ی ڕۆژی شەممە ١٩٧٧/٦/٤دا بڵاوبووەتەوە. لەبەرئەوەی لە کاتی لە چاپدانی دوو کۆمەڵە چیرۆکەکەی ترمدا ئەم چیرۆکەم لەبەردەستدا نەبوو، نەکەوتە ناو ئەوانەوە. خۆشبەختانە وا بەر ذەم کۆمەڵە چیرۆکە دەکەوێ.



# ناوەڕۆک

ڕەعنا. وەجاخ. ئەوین ..... 5
لالۆ ..... 12
حەسرەت ..... 24
ئەو گەلایەک بوو ..... 27
پانچا ..... 31
ئاشتی ..... 39
چەترێک لە شووشە چەترێک لە پەڕۆ ..... 45
من لە هەینییەکەدا دەمرم ..... 51
تەواو یان ناتەواو ..... 58
موراد نایەتەوە ناو ئاپوورەکە ..... 62
هەر چاوێک و چەند دانە مێخەک ..... 73
تا هەتاو نەکەوێ ..... 82

## بەرهەمەکانی چیرۆکنووس:

١- خاکی دایک، ڕۆمان، جەنگیز ئەتماتۆف، وەرگێڕان لە عەرەبییەوە: چاپی یەکەم، یاخ سەمەر، ١٩٨٦، چاپی دووەم، ئێران، تەورێز ١٩٩٢.
٢- بەهارە گریان، شیعر، ئێران، تەورێز، چاپی یەکەم ١٩٩٤.
٣- ڕاسان، کورتە چیرۆک، ئێران، تەورێز، چاپی یەکەم ١٩٩٤.
٤- پەپوولەکانی مەرگ، کورتە چیرۆک، هەولێر، چاپی یەکەم ١٩٩٨.
٥- مێژووی دار سێو، شیعر، چاپی یەکەم، هەولێر ١٩٩٨.
٦- چەک و چیا، ڕۆمان، جیمس ئۆڵدرج. وەرگێڕان لە عەرەبییەوە. چاپی یەکەم، هەولێر ١٩٩٩.
٧- درەختی گەورە و درەختی بچووک، چیرۆک بۆ منداڵان، وەرگێڕان لە فارسییەوە، چاپی یەکەم، سلێمانی ٢٠٠٠.
٨- ئەو پڵینگانەی لەگەڵ مندا غاریان داوە، کورتە چیرۆک، وەرگێڕان، چاپی یەکەم، هەولێر ٢٠٠٠.
٩- سەردەمی بێ تاوانی، شانۆنامە. وەرگێڕان لە فارسییەوە، هەولێر.
١٠- دار گوێزەکانی ماڵی نەنکم. چیرۆک بۆ منداڵان. چاپی یەکەم، هەولێر ٢٠٠٤.
١١- ژمارە چوار، چیرۆک بۆ منداڵان، چاپی یەکەم، هەولێر ٢٠٠٥.
١٢- مامزێک لە ئاو، شیعر، چاپی یەکەم، هەولێر ٢٠٠٥.
١٣- چرپە بەدەنگی بەرز، کورتە چیرۆک، وەرگێڕان لە فارسییەوە، چاپی یەکەم، هەولێر ٢٠٠٥.
١٤- حەشری گوڵە هەرمێ، کورتە چیرۆک، چاپی یەکەم، هەولێر ٢٠٠٥.